# کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا

زامدار ئەحمەد

٢٠٢٣

# کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا

**بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە**

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا

نووسینی: زامدار ئەحمەد

دیزاینی ناوەوە: ز. ئـ

چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

شوێنی چاپ: ئێران/ تاران

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٩٤١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

## ناوەرۆک


لە بری پێشەکی ........................................................ ٩

باسێک لە سەر کتێبی (کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا) .......................... ١١

ئەرشیفی یەک سەدەی قەزایەک بووە سووتماک ........................... ١٥

کۆیە بیری ڕابردووی دەکات ............................................ ٢٣

کۆیە ٤٠ ساڵە نەیتوانیوە داهاتی خەڵکەکەی دابین بکات ................. ٣٣

هەیبەت سوڵتانەکەی کۆیە بەرز و ونە ..................................... ٣٩

هاوینەهەواری چنارۆک بووەتە نشینگە ..................................... ٤٥

سیما و ڕوخساری باواجی شێواوە ........................................ ٥١

قەڵەمتۆزەکانی کۆیە تەمەنیان گەیشتە ٤٠ ساڵ ............................ ٥٧

دەروازەی شاری کۆیە ناوچەیەکی پیشەسازییە ............................. ٦١

دوو هەورازە موگناتیسییەکەی کۆیە ....................................... ٦٧

قشڵەی کۆیە لە بنکەیەکی سەربازییەوە بۆ شوێنێکی گەشتیاری ...... ٧٣

خانی گەورەی کۆیە شوناسی شارێکە ...................................... ٧٩

دوو سەدە لەمەوبەر بازاڕی قەیسەری لە کۆیە دروست کراوە ...... ٨٥

مزگەوتی گەورە، مێژووی مەلا و کەسایەتییە ئایینییەکان.................. ٩١

سمکۆ ئوتووچی ٦٣ ساڵە جلوبەرگی هاووڵاتییان ئووتی دەکات...... ٩٧

جەمال کەریم ٥٤ ساڵە قژی خەڵک چاک دەکا.................................. ١٠٣

عەلی لە ڕێگەی شووڵە دارەکانی دەستییەوە ئاوی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە................................................................................... ١٠٩

سەلاحەددین کوتاڵفرۆش ٢٥ ساڵە نەخەوتووە................................. ١١٥

مێژووی نیو سەدەی کۆیە لە سێ دووکاندا.................................. ١١٩

ئاگرەکەی کۆیە مەسیحی و مووسڵمانەکان کۆدەکاتەوە.................. ١٢٣

بەیەکەوە ژیانی کولتور و ئایینە جیاوازەکان.................................. ١٢٧

پێکەوەژیانی ئایینی نەگەیشتووەتە خزمایەتی.................................. ١٣٣

کریستییانەکانی کۆیە کلیسای نوێیان دەوێت.................................. ١٣٧

جامانەبەسەرەکانی هەرمۆتەی کۆیە............................................. ١٤٣

یاری کۆسانێ بەردەوامە............................................................ ١٤٩

جەژن لە نێوان غەفووری و حەوێزییەکاندا.................................. ١٥٥

کەلهوڕەکان بە شێوەزاری خۆیان قسە دەکەن.................................. ١٥٩

کۆیە: زەوی کشتوکاڵی لە زیادبووندایە...................................... ١٦٥


هەواڵنامەی کتێب

جووتیارانی کۆیە زیانی ماددییان پێدەگات و نیگەرانن.................. ١٧١
ساڵێکی هات و نەهات بۆ گەنمی کۆیە .................................. ١٧٧
نەخۆشییەکی ترسناک زەیتونی کۆیە لەناودەبات ........................... ١٨٣
کۆیە شووتی هۆڵەندی بەرهەم دەهێنێت.................................. ١٨٧
جووتیارانی کۆیە پشتدەکەنە چاندنی نۆک .............................. ١٩١
گەرما و خۆڵبارین هەنگوینیان قڕ کرد ................................. ١٩٥
هەناری کۆیە بەرەو لەناوچوون دەچێت .................................. ١٩٩
پەرە بە بەرهەمی خەیاری نێو خانووی پلاستیکی دەدرێ............. ٢٠٣
بەرهەمی قەیسیی تەقتەق زیادی کردووە ................................ ٢٠٧
ساڵانە سێ هەزار تەن ماسی لە تەقتەق بەرهەم دێت ..................... ٢١١
پۆند و بەنداوەکانی سنووری قەزای کۆیە................................. ٢١٧
گرنگی بەراوکردنی گوندەکانی دەشتی کۆیە ............................ ٢٢٣
سوود لە ئاوی زێی بچووک وەرنەگیراوە ................................. ٢٢٩
گڕاوان... دکتۆری نەخۆشەکان .......................................... ٢٣٥
گەنجانی کۆیە ٥ هەزار کتێب و ئاڵا دەبەخشن .......................... ٢٤١
ڕۆڵی پێشمەرگەکانی کۆیە لە شەڕی داعشدا................................ ٢٤٥

هەواڵنامەی کتێب

٣٣ تەنکەر نەوت لە کێڵگەی تەقتەق دیار نەما.................................٢٥٣
بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دابەزیووە..........................٢٥٧
لە ١ی تەمموززەوە کێڵگە نەوتی شیوەشان دادەخرێ...................٢٦٣
کۆیە ٣٧ کاندیدی بۆ پەڕلەمانی کوردستان هەیە..........................٢٦٩
لە ٣٧ کاندیدی کۆیە ٤یان دەرچوون................................................٢٧٥

هەواڵنامەی کتێب

## له بری پێشەکی

ڕۆژنامەگەری کایەکی گرنگی کۆمەڵگایە، ئەو کۆمەڵگایەی جۆرەکانی ڕاگەیاندنی لە ناو بڵاوکراوەتەوە، ڕۆشنبیرتر و پێشکەوتووتر بوون، تاکەکانی هزر کراوەتر و بیرتیژتر بوون و توانیویانە جوان و ناشیرین، دۆست و دوژمن، ڕاست و چەپ، باش و خراپی خۆیان لە یەکدی جیابکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە شارستانیەتی کۆمەڵگەکەش نیشان دەدا، چون ڕاگەیاندن وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی ژیان و ڕەفتار و کولتووری کۆمەڵگاکاندا هەیە.

بە ئەرشیف کردن و پاراستنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، سەنگینترە لە بڵاوکردنەوەیان، لەم ڕووەوە و لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق، هەوڵێکی باش درا بۆ ئەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێشووی کورد کۆبکرێتەوە و دووبارە بڵاوبکرێنەوە، هەڵبەت کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە چەند ژمارەیەکی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک دەست نەکەوت بە ئێستاشەوە.

دیارە تایبەتمەندی بڵاوکراوەی کاغەزی (ڕۆژنامە و گۆڤار) و ماڵپەڕەکان لە ئێستادا هەنووکەیییە، بەو مانایەی تەنیا ماوەیەکی کەم دەمێننەوە و کۆتایی بە بابەتەکان دێت، چون

هەواڵنامەی کتێب

دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئەرشیفێكی هێندە بەهێزیان نییە بۆ مانەوە و پاراستنی بڵاوكراوەكانیان، ئەمەش نەنگییە بۆ ڕۆژنامەگەری لە كوردستان. دەكرێت بڵێین بە هۆی كەمتەرخەمی دەزگاكانی ڕاگەیاندن نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا ناتوانرێت كارێک بۆ كۆكردنەوەی بڵاوكراوەكان بكرێت، وەک ئەوەی بنكەی ژین بۆ زۆربەی بڵاوكراوەكانی سەدەی بیستەم كردی، چونكە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە ژمارەیەكی بێشومار لە هەرێمی كوردستان دەردەچوون، بە شێوەیەک لە دوای ساڵی ٢٠١٠ پتر لە ١٠٠٠ بڵاوكراوە بە سەرجەم جۆرەكانییەوە لە هەرێمی كوردستان مۆڵەتیان هەبوو.

لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠١٢ هاوكات لەگەڵ خوێندنی زانكۆ، دەستم بە كاری ڕۆژنامەوانی كرد، یەكەم بابەتم لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بڵاوبووەوە. ئیدی بۆ ماوەی نزیكەی حەوت ساڵ بەردەوام بووم. ئەم ٤٩ بابەتەی لەم كتێبەدایە بەشێكی كەمە لە بابەتە بڵاوكراوەكان. باوەڕ دەكەم هەر یەک لەم بابەتانە گرنگی و تایبەتمەندی مێژوویی، فەرهەنگی، ئەدەبی و كولتووری خۆی هەیە، شیاوی ئەوەیە لە دووتوێی كتێبێكدا بڵاوبكرێتەوە.

زامدار ئەحمەد/ كۆیە



هەواڵنامەی كتێب

## باسێک لە سەر کتێبی (کۆیە لە چەند ڕاپۆرتێکدا)

ئەم شێوە نووسین و کۆکردنەوەی بابەتانە لە کتێبێکدا دەمێکە هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی لە ناو کورددا سەریهەڵدا و برەوی پێدرا، نووسەرەکان، بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسەکان ئەو وتار و بابەتانەی لە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە، کە بابەتی جۆراوجۆن، زۆر جاریش مۆری زەمەنێکی دیاری کراوی پێوەیە، لە ناو کتێبێکدا کۆ دەکەنەوە و چاپی دەکەن.

مامۆستا زامدار ئەحمەد (کە ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە)، بەم شێوە نوێیە هەنگاوی ناوە، ئەگەرچی نووسینی وتار لە ڕۆژنامەکاندا هونەری تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە بە پێی سەردەم ناوەڕۆکەکەی گۆڕانی بەسەردابێت، بەڵام هیچ زیانێک لە کۆکردنەوەیاندا نابینم، بابەتەکانی ناو ئەم کتێبەش هەمەچەشن و جیاوازن و هەموویان دەربارەی کۆیەن. منیش بە مافی هەموو نووسەرێکی دەزانم، کە نووسینەکانی زادەی مێشکی خۆی لە کتێبێکدا خەرمان بکات، ئەمە جێی خۆشحاڵییە، لە لایەکی دیکەوە دڵم پێی خۆشە و لام پەسەندە، کە ئێستا خوێندەوارانی کۆیە هەڵمەتێکی نووسینیان دەربارەی مێژوو و کولتووری پرشنگدار و دیاری شارەکەیان دەست پێ کردووە.

ئەم کتێبە جگە لەم هزر و زانیارییانەی تێیدا کۆکراوەتەوە، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ هەموو توێژینەوە و باسێک، یان نامەی خوێندن، کە لاوان و ئەزیزانی کۆیە هانای بۆ بەرن.

لێرە نە دەمەوێت و نە بە ئاسانی دەکرێت یەک یەک لە سەر باسەکان بدوێین، بەڵام ئەوە دیارە کە نووسەر هەوڵی داوە زانیاری زۆر لە ناو نووسینەکانیدا کۆبکاتەوە، دیارە مۆری جۆرێک لە ئۆپۆزیسیۆنیشی پێوە دیارە، کە پەنجەی خستووەتە سەر کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی شار، دیارە ئەمەش لە بابەتی ڕۆژنامەوانیدا ڕەوایە، بەڵام زۆر داپڵۆسین و پەلاماری تێدا دەرناکەوێت. بە لایەکی دیکەوە هەندێک جار ڕەفتاری ئۆپۆزیسیۆنیش ڕەت دەکاتەوە، وەک سووتاندنی ئەرشیفی قایمقامیەتی کۆیە و مۆزەخانەی تەقتەق. لەم بارەیەوە ئێمەش دەڵێین خۆپیشاندەران زۆر مەسەلەتان حەقە، بەڵام کۆمپانیای نەوت، ڕۆژی سەد و پەنجا هەزار بەرمیل نەوتیان لە کێڵگەی شیواشۆک بە تاڵان دەبرد و پترۆدۆلاریشی پێ نەدەدایـن، لە جیاتی مۆزەخانەی تەقتەق چووبانە سەر ئەوێ، حەقتر و چاکتر نەبوو؟ بە هەر حاڵ عەفەویەتی جەماوەرە؟!

لە هەندێک نووسین بە ڕەها لە سەر مەسەلەکان دەدوێت، وەک ئاوی زێی بچووک، ڕاستە وەک پێویست سوودی لێ

هەواڵنامەی کتێب

وەرنەگیراوە، بەڵام پرۆژەی ئاوی بۆگد- کۆیە ڕاکێشراوە، کە تا چەندین ساڵی تر کۆیە کێشەی کەم ئاوی نابێت، هەروەها چەند وردە پرۆژەی گەشتیاری لە تەقتەق و لە دەم زێی بچووک دروست کراوە، هاوکات دەیان حەوزە ماسی دروست کراوە، لەو لاشەوە پرۆژەی ئاوی دەشتی کۆیە، کە بڕیار بوو دەست پێ بکات، بەڵام ئەم وەزعە سیاسی و ئابوورییە پەکیان خست، هەروەها بەنداوی چۆم حەیدەر.

وا چاکە نووسەرەکانمان لەگەڵ دەست نەپاراستن لە کەموکوڕییەکان، باسی ئەوەش بکەن، کە کراوە. تێبینی دەکرێت کە مامۆستا زامدار فریای هەندێک قۆناغی بارودۆخی کۆیە نەکەوتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو درێژەی بە خوێندندا و لە کاری ڕۆژنامەوانی دوورکەوتەوە.

کۆیە لە دوای بڕیاری ٩٨٦ نەوت بەرامبەر بە خۆراک، پارەیەک بۆ کۆیە هات، پێم وایە سوودی چاکی لێ وەرگیرا، ئەوسا کە ئیدارەیەکی سەربەخۆمان لە ڕووی پارە و پرۆژەکان هەبوو، کە لێرە بوار نییە باسیان بکەین، سەردەمێکی زێڕین بوو، لە بواری ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی کۆیە و وراتی کۆیە و دەشتی کۆیە و خۆشناوەتییەکەی.

کۆبەنــدی ئەم نووســراوانە بــۆ نووســەریش بەکەڵــکە، ئومێــدەوارم ئەم ڕەوتە ڕۆشــنبیرییە لە کــۆیە هەر لە گــوڕ و برەودا بێت، تا تەلاری مەعریفەت لە کۆیە جارێکی دیکە بەرز بکەیـنەوە. مامۆســتا زامــداریش شاســوارێک بــێ لەو دەســتە سوارانە.

خودا چەپارەی هەموو لایەکمان بدات

سەلاح شێخ شەرەف
لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە

هەواڵنامەی کتێب

## ئەرشیفی یەک سەدەی قەزایەک بووە سووتماک[1]

کاتێک چاپوک سەید عومەر پێویستی بە کۆپییەک لە بەڵگەنامەی دەستگیرکردنی دایکی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە هەبوو، هەر لەو فەرمانگەیەی ئەو بەرپرسی بوو، زۆر بە ئاسانی دەستی کەوت، کە ئەرشیفی یەک سەدەی قەزای کۆیەی تێدا هەڵگیرا بوو، بەڵام ئەو ئەرشیفە بوو بە ڕابردوو، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەک خۆپیشاندەر گڕیان لە باڵەخانەی قایمقامیەتی قەزای کۆیە بەردا.

ڕۆژی ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ ژمارەیەک لە دانیشتووانی قەزای کۆیە و ناحیەی تەقتەق، خۆپیشاندانیان لەهەمبەر ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان کرد. خۆپیشاندەران بارەگای حیزبەکان و چەندین فەرمانگەی حکومەتیان سووتاند. لەو ناوەدا ئەرشیفی سەد ساڵەی قایمقامیەتی قەزای کۆیە و مۆزەخانە و گەلەری تەقتەق بوونە سووتماک.

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٧ی هەفتەنامەی ڕووداو، ژمارە ٤٨٧، دووشەممە، ٢٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

چاپوک سەید عومەر، قایمقامی پێشووی قەزای کۆیە، لە بارەی ئەرشیفەکەی قایمقامیەتەوە، گوتی: "ئەرشیفی شاری کۆیە لە قایمقامیەت پارێزراو بوو، ڕووداوە گەورە و بچووکەکانی ئەو شارەی بە شێوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت تێدا هەڵگیرا بوو، ئەمەش گرنگی و بەهای تایبەتی هەبوو، هەموو کەس ئازاد بوو لە وەرگرتنی کۆپییەک لەو دۆکیۆمێنتەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەبووایە." بۆ نموونە چاپوک بەڵگە و کاغەزی گیرانی دایکی و بڕیاری دەستگیرکردنی لەو ئەرشیفەدا دۆزیبووە و کۆپییەکی لێ وەرگرتبوو.

بە گوتەی چاپوک کۆپییەک لە دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی شاری کۆیە بۆ قایمقامیەت نێردرابوون و لەوێ پارێزرابوون، ئەو پێی وایە بە نەمانی ئەو دۆسیانە، خەسارەتێکی گەورە بەر دانیشتووانی شاری کۆیە دەکەوێ و چارەسەریشی نییە، چونکە بە هیچ جۆرێک ئەو بۆشاییە پڕنابێتەوە. گوتیشی "ئەم ڕووداوە کاریگەری بە سەر بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە هەیە و متمانەیان بە هیچ شوێنێک نییە کە دۆسییەکانی لێدانێن، چونکە گرێنتی مانەوەی نییە، دوور نییە وەک ئەوەی قایمقامیەت لە چرکەیەدا بسووتێنرێ."

چاپوک سەید عومەر دەڵێت ئەو کاتەی قایمقامی کۆیە بووە، پڕۆژەیەکی پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کردووە و داوای کردووە بایەخی زیاتر بەو ئەرشیفە بدەن، لە نێو سندوقی گەورە و بەهێز بپارێزرێ و هەوڵ بدرێ سکان بکرێن و بخرێنە سەر سیدی. ناوبراو سوید بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "ئەرشیفی ٥٠٠ ساڵی خستووەتە سەر کۆمپیوتەر و پارێزراوە، هەر کاتێک بخوازی دەتوانی هەموو زانیارییەک لە بارەی خۆت و باوان و باپیرانت وەربگری."

تەواوی ئەرشیفی قایمقامیەت سووتاوە. ئەو ئەرشیفە، تەنیا لە ڕووی دۆسیەکانەوە پڕ بایەخ نییە، بەڵکوو جیاوازیی کاغەزی ئێستا و جارانیشی نیشان دەدا. هەروەها تایپی ئێستا و جاران و شێوازی نووسین کە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە.

کۆیە ساڵی ١٩١٨ کراوە بە قەزا و بە یەکێک لە قەزا کۆنەکانی کوردستان ئەژمار دەکرێ، بەڵام تووڕەیی بەشێک لە دانیشتووانی شاری کۆیە ڕێگەی نەدا یادی سەد ساڵەی بە قەزابوونی کۆیە لە نێو بینا و ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەیدا بکرێتەوە.

نووسەر و ئەرشیفدۆست، ڕەهبەر سەید برایم، دڵتەنگی و نیگەرانی خۆی بەرانبەر سووتانی قایمقامیەت و گەلەری و

مۆزەخانەی تەقتەق دەردەبڕێ و دەڵێ: "زۆر مەترسیدارە ئەرشیف بسووتێنی، ئەمە کولتوورێکی دواکەوتوو و ناشرینە. نازانم بە چ مەبەستێک ئەوە کراوە، دەشێ ئەو کەسانەی بەشداری ئەو کارەیان کردووە، بەهای ئەو ئەرشیفە مێژووییە نەزانن، لە کاتێکدا دەکرا توێژینەوەی ورد لە بارەی ئەو ئەرشیفەی قایمقامیەت لە ناوەند و ئەکادیمیا و زانکۆکانی کوردستان کرابا، کەچی ئێستا بووە سووتماک، تەنانەت مۆزەخانەی تەقتەق کە هیچ پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە، سووتێندراوە."

ڕەهبەری سەید برایم، کە مۆزەخانەیەکی لە نێو قشڵەی کۆیە کردووەتەوە و بەشێک لە مێژووی ناوچەکەی لەوێ داناوە، دەڵێت: "بە چەقۆی خۆمان، دەستی خۆمان دەبڕین، بەلامەوە سەیرە، جاران خەڵکی کۆیە تەنانەت داریان نەدەبڕی، کەچی ئێستا ئەو ئەرشیفە گەورەیە دەسووتێنن." ئەو دەڵێت کاریگەرییەکانی نەمانی ئەو ئەرشیفە لەداهاتوودا دەردەکەوێ.

کاوە تەیب، کە ماستەری لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەیە، لە بارەی ئەم ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، گوتی: "ئێمە میللەتێکین زاکیرەی کورتبینمان بەهێزترە لە زاکیرەی دووربین، لەبەر ئەوە هەمیشە و زۆر بە کەمی گرنگی بە

هەواڵنامەی کتێب

ڕابردووی خۆمان دەدەین و کەمتر بایەخ بە ئەرشیف دەدەین و دەیپارێزین، بۆ نموونە: لە دوای سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید، زۆرترین سەرچاوەی بەردەست بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەمەڕ ڕووداو و مێژووی خۆمان سەرچاوە بیانییەکانن."

کاوە تەیب، لەمەڕ سووتانی ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای کۆیە گوتی: "ئەرشیف بە گشتی ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی ڕووداوەکانی پێشووترە، ئەگەر توێژەرێکی بواری مێژوو یان جوگرافیا بێت و توێژینەوە لە بارەی کۆیەوە بکات، تاکە شوێنی فەرمی قایمقامیەت و ئەرشیفەکەی بوو. بە سووتانی ئەو ئەرشیفە گرنگە، بواری توێژینەوە نەنگی تێدەکەوێت و تەنانەت لە ڕووی فەرهەنگ و شێواز و چۆنیەتی نووسین بەشێک لە شارستانیەتی پێشوو ون دەبێ."

کاوە تەیب سەری لەوە سووڕماوە کە خۆپیشاندەران دەڵێن دژی گەندەڵی و نادادپەوەری خۆپیشاندان دەکەن، کەچی ئەرشیفی فەرمانگەکان دەسووتێنن. ئەو دەڵێت: "ئەگەر خۆپیشاندەر باوەڕی وابێ ئەم حکومەتە گەندەڵە، دەبێ هەوڵی پاراستنی ئەرشیفەکەی بدات، چونکە باشترین ژێدەری (دەفتەر ئەعمالی) سەرجەم بەرپرسەکانی پێشووە، بە سووتاندنی، ئەگەر

هەواڵنامەی کتێب

خوارییەک لەهەر یەکێکیاندا هەبووبێ، ئەوان بوونە هۆکاری بزرکردنی سەرجەم خوارییەکان."

## ڕەنجی خۆبەخشەکان بەبا چوو

لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٦ بە هەوڵ و ماندووبوونی نۆ گەنجی خۆبەخشی تەقتەق، گەلەری و مۆزەخانەی تەقتەق کرایەوە. کاروان نازم، خۆبەخش لە دەستەی بەڕێوەبەری گەلەری و مۆزەخانەکە ڕاگەیاند: "لە نێو گەلەری و مۆزەخانەی تەقتەق، ژمارەیەک شوێنەواری مێژوویی و کولتووری و ئەو کەلوپەلانەی گوزراشت لە ناوچەکە دەکەن و تابلۆ و کاری دەستی شێوەکاران و هونەرمەندانی لەخۆگرتبوو، بە ئامانجی ئەرشیفکردن و کۆکردنەوەی کەرەستە مێژووییەکانی شارۆچکەکە و دێهاتەکانی دەوروبەری تەقتەق. لەوێدا دەمانخواست ڕابردوو نیشانی نەوەی ئێستا و داهاتوو بدەین. کە لەڕێگەی بانگەواز بۆ دانیشتووانی ناوچەکە کەلوپەلەکانمان کۆکردەوە و ئەوانیش بە شادومانییەوە هاوکار و هەماهەنگ بوون. ئێمەش بە نمایش نیشانی گەشتیارانمان دەدا."

ئەم ناوەندە کە دیمەنێکی سوونەتی نەریتی هەبوو، ڕۆحێکی تایبەتی بەجەستەدا دەکرد، لە سەر هیچ وەزارەتێک

نەبوو، بەڵکوو لە لایەن خۆبەخشانەوە سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوەدەبرا، بەڵام ١٩ی ئەم مانگە لە لایەن خۆنیشاندەرانی شارۆچکەی تەقتەق، شوێنەکە و تەواوی کەلوپەلەکانی مۆزەخانە سووتێندرا و ئەو ئەرشیفەی ساڵ و نیوێکە هەوڵی کۆکردنەوەی دەدەن، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێک سووتا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# کۆیە بیری ڕابردووی دەکات[١]

دەوترێ هەر شارێک پشت بە مێژووەکەی ببەستێ، ئەو کاتەی تێیدایە لاوازە، لە مێژووی کۆیەدا، سەردەمی زێڕینی، واتە ئەو کاتەی (عەونی، دڵدار، مەلای گەورە، نەجیبەخانی جەلیزادە، کەریم شارەزا، ئەحمەد دلزار، سێوە، تاهیر تۆفیق، محەمەد تۆفیق وردی، مەلا مەعسووم، مەسعوود محەمەد، سامی عەودالّ...) هەبوون، کە ئەمانە لە ڕووی کەسایەتی هونەری، ئەدەبی، ڕۆشنبیری، هزری، بەرچاو و ناسراو و بلیمەت بوون. بەڵام لە ئێستادا کۆیە ئەم پێگەی لەدەستداوە، لەم ڕاپۆرتەدا ئەم باسە دەخەینە ڕوو و شرۆڤەی دەکەین.

لە ڕابردوودا، کۆیە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی بوو، بە شێوەیەک کە پردێ، شەقلاوە، ڕانیە و قەڵادزێ لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە کۆیە بوون، لە ڕووی بیناسازییەوە خانی گەورە، مزگەوتی گەورە و قشڵەی کۆیە... لە کۆیە بنیات نراوە، هەڵبەت ڕۆژهەڵاتناسەکانیش ئەم ڕاستە پشت ڕاست دەکەنەوە. تێکڕای ئەمانە دەرخەری پێشکەوتنی شاری کۆیەن، کە

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٠ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٦٠١، چوارشەممە، ٢٢ی تەمووزی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

دەتوانرێت سەردەمەکەیان بە سەردەمی زێڕینی هەژمار بکرێت. بەڵام لە ئێستادا کۆیە پێگەی خۆی لەدەستداوە. تەنانەت لە ئێستادا، ناوەندێکی ڕۆشنبیری لە شارەکەدا نییە، کە خوێنەران و فێرخوازان سەردانی بکەن و کاتەکانیان بە خوێندنەوە و گەڕان بە دوای بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکان بەسەربەرن، ئەگەرچی لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو کتێبخانەیەکی ئەهلی بە ناوی (مەسعوود محەممەد) بە دیزاینێکی نوێ و سەردەمیانە لە سەر پانتاییەکی زۆر، کە لە بەشی فرۆشتنی کتێب و شوێنی خوێندنەوە و کافێ و شوێنی تایبەت بە سیمینار لە شاری کۆیە کرایەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خوێنەرەوە، لە دوای چوار مانگ لە کردنەوەی داخرا.

سەبارەت بەم باسە، مەریوان وەسمان کە گەنجێکی خوێندەواری شاری کۆیەیە، وتی: "دەستی سیاسی لە پشت ئەم بارودۆخەوەیە و بە ئەنقەست شارەکە دادەڕمێنن، چونکە لە لەدەستدانی پێگەی خۆیان دەترسن، نایانەوێ کەسانێک هەبن شوێنیان بگرنەوە، لەبەر ئەوەیە لە سەرجەم بوارەکان دایدەڕمێنن، دەبینین سەیرانگاکان داگیرکراون، خەڵک تێکوپێک دەشکێنن. بۆ نموونە ئەگەر پشگیری تاهیر تۆفیقیان

هەواڵنامەی کتێب

نەکردبــووایە، دروســـت نەدەبــوو، بەڵام لە ئێســـتادا پشـــگیری تاهیرەکانی دی ناکرێت، بۆیە هەست دەکەین چەقیوین."

کـــامەران بابـــانزادە، نووســـەر و وەرگێـــر، ســـەبارەت بە لەدەســتدانی پــێگەی جــارانی شــاری کــۆیە، دەڵێــت: "ســەرەتای لەدەستدانی پێگە گەورەکەی کۆیە، لە بواری فەرهەنگی و ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ دوای نسکۆی شۆڕشی کورد، واتە لە سەرەتای چارەگی کۆتایی سەدەی ڕابردوو، دواتر لە هەشتاکان، ئەمانەش پەیوەنـدی بەو فشـارە زۆرەوە هەیە کە لە سـەر کـۆیە هەبـووە، ئەمەش بە هۆی کاریگەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە سەدەی ڕابـردوو، هەتـا لە کۆتـایی هەشـتاکان لە ڕووی ئیدارییەوە کـۆیە کـرا بە نـاحیە، تەنـانەت حکومەتی عێراقی هـیچ ئۆردوگایەکی لە سنووری قەزای کـۆیە دروسـت نەکـرد، بۆ ئەوەی بەرەو چـۆڵی بڕوات. لایەنێکی دی ئەم بابەتە پەیوەندی بە پێگەی ئـابوورییەوە هەیە، چـونکە لە نیـوەی یەکەی ســـەدەی ڕابـــردوو، بووبـــووە ناوەندێکی گرنگی بارزگانی بۆ دەشتی بیتوین و پشدەر، بەڵام بایەخ پەیدا کردنی ناوچە سنوورییەکان، کاریگەری لە سەر لاواز بـــوونی شـــاری کـــۆیە هەبـــوو، کە پـــێگەی جـــارانی نەمینـــێ. بە دڵنیاییەوە حکومەتی عێراقی هۆکاری سەرەکی بووە لە مراندنی پێگەی ئابووری کۆیە. بە هۆی ئەو دوو هۆکارەوە، بەشی زۆری

کەسایەتییە کاریگەرەکانی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر، کۆیەیان بەجێهێشت، چونکە دەکرێ بڵێین کۆییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بنیاتنانی ژێرخانی فەرهەنگی، هونەری، پەروەردەیی و زانستی، شارەکانی هەولێر، ڕانیە و پشدەر."

بابانزادە، کە زادەی کۆیەیە و ماستەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد هەیە، وتیشی: "خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، لە بەڕێوەبردنی ڕەوتی ڕۆشنیری شاری کۆیە، کە بە دەست چینێکی ئەرستۆکراتی تایبەتەوە بوو، بەڵام ئەو چینە نەیتوانی مامەڵە لەگەڵ توانا تازەکانی دەرەوەی خۆی بکات، لە لایەکی ترەوە لە ناوخۆی کۆیەش لاوازی هەبووە لە گەڕانەوەی پێگەی جارانی بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١، دیارە حکومەتی هەرێم بەرپرسی یەکەمە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی حیزبایەتی کردن لە کۆیە، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین ڕۆڵی خراپی هەبووە لە لاواز کردنی پێگەی ڕۆشنبیری ئەو شارە. ئەگەرچی کۆیە یەکەم قەزا بوو لە کوردستان، کە زانکۆی لێ بکرێتەوە، بەڵام ئەمە نەیتوانی کۆیە بخاتەوە دۆخی جارانی. هەر وەک دەبینین کتێبخانەکان خاڵین لە خوێنەر، یانە و ڕێکخراوی فەرهەنگی چالاکی لە شارەکە نییە، تەنانەت ئیدامەشی پێنادرێ، بە بەڵگەی ئەوەی ساڵی پار بینیمان کە کتێبخانەیەکی گەورە بە هۆی بێ

خوێنەرییەوە لە شارەکە داخرا. ئەگەرچی خەریکە بوژانەوەیەکی ڕێژەیی بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام ئەمە مانای پێشەنگ بوون نییە، تەمەشای ئەو شارانە بکەین کە ئیلهامی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگیان لە کۆیە وەردەگرت، ئێستا زۆر لە کۆیە لە پێشترن."

لای خۆشیەوە، شێوەکاری ناسراوی کوردستان ڕۆستەم ئاغالە، کە تابلۆکانی لە فەرەنسا، ئوستراڵیا، ئەمریکا، بەریتانیا و ژاپۆن چەندین وڵاتی دی نمایش کراوە، سەبارەت بەم باسە دەڵێت: لە ساڵانی هەشتاکانەوە دەڵێم خۆری هونەر و ڕۆشنبیری و شارستانیەت لە کۆیە ئاوابووە، چونکە لەو کاتەدا کە بەرهەمی کەسایەتییەکانی کۆیەم دەخوێندەوە بیر و چاوم دەگێرا، لە کاتێکدا ئەو کەسایەتییە بەهێزانەم لێوە دیار نەبوو. هەروەها لە ساڵی هەشتا، کاتێک شاری هەولێرم بینی، وامدەزانی خانووەکانی هەولێر لە خانووە کۆنەکانی کۆیە گەورەتر و بەرزترن، هەروەها لە هەشتا و سێ کە بۆ خوێندن چوومە شاری سلێمانی تەنیا میوانخانەی حەسیب ساڵح و ژمارەیەک هوتێل و دوو تەلاری ناو زانکۆ کۆنەکەم بینی، کە بەرزتر بوون لە بیناکانی کۆیە، بەڵام لە گەڕەکی زەرگەتە و سابونکەران خانووە کۆنەکان تەنیا دوو چین بوون، ئەوانەی کۆیە چوار چین و سێ چین بوون. لەو ساتەوە من تێگەیشتم کە کۆیە

ژێرخانێکی کولتووری و تەلارسازی مێژووی گەورەی زۆری هەیە، بەڵام ئێستا مردووە، یا نووستووە، یا کۆچیان کردوە، یا لە کاروانەکەی بەجێماوە و ئیدی تازە بوینە پاشخان و دەبێت لەیلیَ بلّێن."

ئاغاله کە بڕیارە مۆزەخانەی ئاغاله لە کۆیە بکاتەوە، دەڵێت: "لەم چەند ساڵەی دواییدا، لە یەک دوو بۆنەی ڕۆشنبیری شاری کۆیە ئامادەبووم، کەسایەتییە دیارەکان و ڕۆشنبیر و شاعیرەکان قسەیان دەکرد، بەڵام قسەکانیان هێندە لاواز و بێ تام، کۆن و سواو، پووت و شکاو بوون، شەرمم دەکرد، کە ئەوانە سەری دیاری ڕۆشنبیری شارێکن."

بە بڕوای ئاغاله، "لاوازبوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری شاری کۆیە، پەیوەستە بە چەند فاکتەرێک، بەڵام گرنگترینیان فاکتەری ئابووری و سەقامگیری ژیانی کۆمەڵایەتی سیاسییە، چونکە ئەگەر باری ئابووری هەر شارێک باش بێت، ئەوا هونەر و بیری نوێ لە گەشە و پێشکەوتن دەبێت، دەبینین پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لە کۆیە سەرمایەداری گەورە هەبوو، ئەمەش بە هۆی کشتوکاڵ و بازرگانی توتن و هاوردەی کاڵا لە ئێران بۆ بەغدا و مووسڵ بوو. لە دواتردا و لە دوای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بە هۆی جرت و فرتی سیاسی و کاولکاری بووە

مەیدانی شۆڕشگێڕان و سەرکوتکارانی شۆڕشگێڕانی، ئەگەرچی خەڵکی کۆیە زۆر شانازی بە شۆڕشگێڕیان دەکەن، بەڵام من شانازی پێوە ناکەم، چونکە زۆر لە بیر و هەستەکانی کردە بڕنەو و گوللە و زۆرانبازی ئایدیۆلۆژی سیاسی."

ئاغالە کە لە گوندێکی بچووکی کۆیەوە پێگەیشتووە و لە دەیان وڵاتانی گەورە تابلۆکانی نمایش کردوە، بە داخەوە دەڵێت: "ببینن، کاتێک کۆیە لە خەو هەستا ڕوانی قەڵەم براوە، دەفتەر دڕاوە، قورگ نووساوە، گیرفان بڕاوە! کۆشکە جوانەکان، باران، گڵی دارە ڕێکان و کۆڵەگەکانی تەقاندووە! کۆیە لە خەو بە ئاگا هاتەوە، بینی جاش و عەسکەر بەبان سەریەوەبوون! دەستی بەرزکردەوە و گوتی مەمکوژن من بێدەنگ دەبم!"

دوکتۆرە نەزەند بەگیخانی، نووسەر و ئەکادیمیستی کورد لە زانکۆی بریستڵی بەریتانی، دەڵێت: "لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری مێژوویی و جوگرافی لەم ساڵانەی دوایدا هەموو ناوچەکە جۆرێک لە چەقبەستوویی، یا گەڕانەوە بەرەو دواوەی بەخۆوە بینیوە. کۆیەش بەشێکە لەم ناوچەیە، لەبەر ئەوەی لە ڕابردوو گەشاوە بووە، ئەمڕۆ زیاتر مۆرکی پێشنەکەوتنی پێوە دیارە. ئێمە باس لە ناوچەیەک دەکەین، کە کۆمەڵێک جەنگ و شەڕی ناوخۆ و براکوژی و جینۆساید و کۆچ و ڕاگوێزانی بە کۆمەڵی

ئەزمـوون کـردووە. لەم سـەردەمەی جیهـانگیری و توندڕەویی ئاینی/ ئیسلامیدا، بۆ هەڵسانەوە و تەکاندان بەم دۆخە، کۆیە و هەموو هەرێمەکە پێویستییان بە سیستەمێکی سیاسی کاریگەر و بەهێزی بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕیی مەدەنی هەیە، هاوتا لەگەڵ بـوودجەیەکی تـایبەت و بـێلایەن. کە دەڵـێم مەدەنـی و بـێلایەن، مەبەسـتم ئەوەیە کە دەبێـت دەسـەڵاتی حیزبـی و سـەربازی و ئـایینی جیـابکرێنەوە لە دەسـەڵاتی بەڕێـوەبردن و کـارگێڕی. شـیکردنەوەی مـن نەک هەر بـۆ کـۆیە، بەڵکـوو بـۆ هەمـوو کوردستان ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ جڵەوگیر بێت و چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی کۆمەڵگە بە ئاراستەی پێشکەوتن و چاکسـازی هەنگـاو بنێت، بەداخەوە ئەو دەسـەڵاتە یەکگرتـوو و شـێلگیرەمان نیـیە و کـۆمەڵگەی مەدەنـیش بە هەمـان شـێوەی دەسەڵاتی سیاسی لاوازە و بە گوێرەی حیزب و گرووپ دابەش بووە، دەبێت ئەوەش بڵێم کە شەڕی براکوژی زەرەرێکی زۆری لەم شـارە داوە و دەرکەوتەکـانی تـا ئێسـتاش بە ئاشـکرایی دەبینـرێن. جـا لەم بـارودۆخەدا خەڵکێکی زۆر نائومێد بـوون و سەری خۆیان هەڵگرتووە و شارەکەیان بەجێهێشتووە."

بەگیخانی کە لە کۆیە لەدایک بووە و خوێندوویەتی، ئێستا لە ئەورووپـا دەژیـت، هاوتـا لەگەڵ نووسـین لە بـواری جێنـدەر



هەواڵنامەی کتێب

شاعیریشـه، وتیشـی: "ئەمڕۆ ژمـارەیەکی بەرچـاو لە نووسـەر و شـــاعیر و هونەرمەنـــد و مـــوزیکژەن، واتە ڕێژەیەکـــی زۆر لە نوخبەی ڕۆشنبیریی ئەم شارە لە دەرەوەی کۆیە دەژین. ئەمەش واتە لەدەسـتدانی سـامانی کولتـووری و لاوازبـوونی کـۆمەڵگەی مەدەنـی. تـا ئەم دۆخە بەوپەڕی شـێلگیری و ئازایـانە ئاراسـتە نەکرێت، ئەوە کۆیە لەم دۆخە ڕزگاری نابێت."

## کۆیە ٤٠ ساڵە نەیتوانیوە داهاتی خەڵکەکەی دابین بکات[١]

پێش پرۆسەی ئازادکرنی عێراق لە شاری کۆیە ژمارەیەک پیشەسازی بچوک لە شارەکە بوونی هەبوو، لەوانە: کارگەی بەرهەمهێنی ئاوی تەماتە، بەرهەمهێنی ڕۆنی سروشتی و دروستکردنی جگەرە، بەڵام لە دوای ئازادکردنی عێراق بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو کارگانە لە شارەکەدا داخران، لە ئێستادا جگە لە چەند کارگەیەکی بەرهەمهێنی بلۆک و چەو و لم و کارگەیەکی بچوکی دروستکردنی مافوور، هیچ کارگەیەکی ئەوتۆ لە شارەکەدا نابینرێت، شارەزایەکی بواری ئابوورییش دەڵێت: "لە لایەنی پیشەسازییەوە حاڵی هیچ شارێکی کوردستان لە شاری کۆیە باشتر نییە."

بڕوا سەردار، کوڕی کەسایەتییەکی دیاری بواری هونەرییە و ماستەری لە بواری کارگێریدا هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "کردنەوەی هەر کارگەیەکی پیشەسازی کاریگەری و دەرئەنجامی باشی دەبێ، خەڵکێکی زۆر تێیدا کار دەکەن و دەستی کار دەکەوێتە ناوچەکەوە، بە هۆی بوونی پیشەسازییەوە

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٠ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٨٤، سێشەممە، ٨ی نیسانی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

خەڵکی دەرەوەی ئەو ناوچەیە سەردانی دەکات." ئەو شارەزایەی شاری کۆیە وتیشی: "شاری کۆیە بە هۆی بوونی سەرچاوەی سروشــــتی، بە تــــایبەتی نەوت، کە لەم ڕووەوە دەوڵەمەنــــدە، دەتوانرێت پیشەسازی زۆر باشی تێدا دروست بکرێ و ببێتە هۆی کارکردنی گەنجان و دەرچووانی زانکۆ، ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی دەبێت و قورساییش لە سەر حکومەت کەم دەبێتەوە. هەڵبەت ماوەیەک دەنگۆی کردنەوەی کارگەیەکی پترۆکیمیایی لە کۆیە دروست بوو، بەڵام ئەنجامی نەبوو، ئەگەر ئەو کارگەیە بکرابووایەوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی ئابووری شارەکە بەرز دەبووەوە و خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی دی هاتوچۆی ئەو کارگەیان دەکرد، هەرچەندە لە شاری کۆیە ژمارەیەک کارگەی پیشەسازی بچووکی وەک: کارگەی دروستکردنی بلۆک، چەم و لم هەیە، بەڵام ئەو کارگانە زۆر بچوکن و لەو ئاستەدا نییە، کە بوترێت ژێرخانی ئابووری بەرز دەبێتەوە. بە باوەڕی من لە ئێستادا بوونی مەسفایەکی نەوت بۆ شاری کۆیە زۆر گرینگە، بە هۆی بوونی بیرە نەوتەکانی شیواشۆک."

بڕوا، کە گەنجێکی چالاک و پڕ وزەی کۆیەیە، لە درێژەی قســەکانیدا وتــی: "کــۆیە هەڵکەوتــی سروشــتی جوگرافیــای کەوتووەتە نێوان پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک،

ئەگەر ژمـــارەیەک کـــارگەی پیشەســـازی گەورە لە نـــاوچەکە دابنرێت، ئەوا ئەنجامێکی زۆر باشی دەبێت، پێویستە ئێمە بزانین بە هــۆی نەبــوونی کـــارگەی پیشەســـازی لە ٥٠%ی شـــارەکە پەراوێز خراوە، ئەو کەسانەشی دێنە کۆیە بەشی زۆری تایبەتن بە زانکــۆ و پەیمانگاکـــان، ئەگەرچـــی بڕیـــارە ڕێگـــایەکی نـــوێ دروست بکرێت بۆ بەیەک بەستنەوەی شاری هەولێر و سلێمانی، بەڵام بە تەنیـــا دەردی کێشـــەی کـــۆیە ناکـــات، ئەگەر کـــارگەی پیشەسازی تێدا نەکرێتەوە."

چاپوک سـەید عـومەر، قایمقامی قەزای کۆیە سـەبارەت بە نەبـــوونی کـــارگەی پیشەســـازی دەڵێـــت: "نەبـــوونی پـــرۆژەی پیشەســـازی گەورە، نەک تەنیـــا لە کـــۆیە، بەڵکـــوو لە تەواوی کوردستان بووەتە گرفت، ئێمە بەردەوام لە ڕێگای وەزارەتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن داوامان کردوە کە پرۆژەی پیشەسازی بهێنـرێتە کـۆیە، تـا بە هەمـوو شـێوەیەک و بە گـوێرەی یاســا هاوکاریان بکەین، بە مەرجێک پرۆژەی باش بێت و خزمەت بە ناوچەکە بکات."

لای خۆشـــیەوە هۆشـــیار مەعـــرووف پســـپۆڕ لە بـــواری ئابووریدا دەڵێت: "کێشەی نەبوونی کارگەی پیشەسازی تەنیا لە شـاری کۆیە نییە، بەڵکوو لە سـەرجەم شـارەکانی کوردستاندا

بـوونی هەیە، هــیچ یەک لە شــارەکانی کوردســتان لە لایەنــی پیشەسازییەوە حاڵی لە کۆیە باشتر نییە، ئەگەر سەیری مێژووی شـاری کـۆیە بکەیـن، لە کـۆنەوە بـایەخی بە پیشەسـازی نەداوە، نەک تەنیا ئێستا، بەڵکوو ٤٠ سـاڵ لەمەوبەریش کۆیە نەیتوانیوە خەڵکەکەی داڵدە بدات و ئـابووری بۆ خەڵکەکەی دابین بکات، واتە: کـۆیە شــارێکە لە ڕووی ئــابوورییەوە توانــا و ژێرخــانی ئابووری لاوازە، خەڵکەکەشی بە هۆی دەوڵەمەندییەوە بەردەوام بیریان لەوەکردوەتەوە کە شارەکە جێبهێڵن. ئەوانەی کە خەریکی پیشەسازییش بوون لە سەر بارینی باران ژیاون و کشتوکاڵێکی کەمیــان کــردووە، بە تــایبەتی لە دەشــتی کــۆیە، ئەمەش لە چوارچێوەیەکی بچووکدا بووە بۆ خێزانێک، بەڵام ئەوەی کۆیەی بوژانـدووەتەوە و گەشــەی پێـداوە زانکـۆ و پەیمانگـایە، ئەگەر هاتوو زانکۆ لە شارەکەدا لابدرێت، کۆیە تەنیا چوار گەڕەکەکەی جارانی دەمێنێتەوە."

پسـپۆرەکەی بـواری ئـابووری وتیشـی: "خەڵکـی نـاوچەکە زیـاتر پشـتی بە مووچەی حکومەت بەستووە، لە دوای ئەو بڕە پارەی نەوت، خەڵکی هەرێمی کوردستان ئاگایـان لە پیشەسـازی نەماوە، هەڵبەت کۆیە تۆپۆگرافیایەکی شاخاوی هەیە و کشتوکاڵ تێیدا لاوازە، ناتوانێت ئابووری پیشەسازی پێشبخات."

لە بـارەی مەرجەکـانی کـردنەوەی کـارگەی پیشەسـازی، هۆشـیار دەڵێـت: "کـردنەوەی کـارگەی پیشەسـازی ژمـارەیەک مەرجـی پێویسـتە لەوانە: بـوونی بـازار، ئامـادەبوونی کرێکـاری پسپۆر، لە لایەکی دیکەوە گرنگە بزانین ئەو کارگەیەی دەتەوێت دروستی بکەیت تا چەند بازاڕ قبووڵی دەکات و بەکاریدەهێنێت و تێچووەکەی چەندە؟ ئەگەر مەرجەکانی پیشەسازی لە ناوچەیەک بـوونی هەبـوو، دەبێـت سـەرەتا لێکـۆڵینەوەی لە سـەر بکەیـت، چونکە ناکرێت پیشەسازی لە شارێک فەرز بکەیت، کە پێویستی ناوچەکە نەبێت."

سەبارەت بەهەمان پرس، پەری موفتی پەرلەمانتاری نوێی خـولی چـوارەمی پەرلەمـانی کوردسـتان وتـی: "کـۆیە لە چـاو ساڵانی ڕابردوودا بەرەو لاوازی چووە، کە پێویست بوو گەشە بکات و بەرەوپێش بچێت، چونکە لە ڕابردوودا خاوەنی کارگەی مـافوور و چنین بـووە، خـاوەن ناوبـانگێکی بـاش بـووە لە سـەر ئاستی کوردستان و جیهاندا، هەروەها لە کەرتی کشتوکاڵی زۆر بەهێز بووە، کەچی ئێستا ناتوانین پێداویستییەکانی خۆمان دابین بکەین، بە شێوەیەک سـەرجەم خواردەمەنییەکانمان لە دەرەوەی وڵات بۆ دێت."

موفتی، که ماوەیەکی کەمە چووەتە پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: "لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان لە پەرلەمان، تا کۆتایی ئەم خولە، ئێمە بەردەوام دەبین لە سەر خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتییان، بە دڵنیاییەوە هەوڵیش دەدەین بۆ ئەوەی پرۆژەی پیشەسازی و ستراتیژی بهێنینە ناو شاری کۆیە، بۆ ئەوەی چیتر هاووڵاتییان زەلیلی دەستی حکومەت و مووچە نەبن، بتوانن لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوە بژێوی ژیانیان دابین بکەن و سوودمەند بن."

## هەیبەت سوڵتانەکەی کۆیە بەرز و ونە[1]

کۆیە، شارێکی مێژوویی گرنگە، خاوەنی دەیان پاشماوە و شوێنەواری گرنگی مێژووییە، کە بەها و سەنگی زیاتری بە شارەکە بەخشیوە و گوزارشت لە دێرینی شارەکە دەکات، لە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتان بە بەرزی ١٠٩٢ مەتر و زنجیرە شاخی باواجی بە بەرزی ١٢٦٠ مەتر، دەوری قەزاکەیان داوە.

لە بارەی شاری کۆیەوە، توێژەر و لێکۆڵەری مێژوویی، جەمال فەتحوڵڵا، ڕای گەیاند: "کۆیە، لە نێو شاران، بە شارێکی مێژوویی زیندووی گرنگ ئەژمار دەکرێ، بە هۆی بوونی کاروانسەرای خانی گەورەوە، کە بووەتە ناوەندێکی فراوان و شارەکانی بەغدا و کەرکووک و مووسڵی بە شارەکانی ڕانیە و پشدەر و سەردەشت و سابڵاخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەستبووەوە."

جەمال فەتحوڵڵا، کە ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی: مێژووی کۆیە (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ١٩١٨-١٩٥٨)

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٣٦٩، سێشەممە، ٦ی شوباتی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

نووسیوه، درێژەی بە قسەکانیدا و وتی: "کۆیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە نێوان هەر سێ پارێزگای هەولێر، کەرکووک و سلێمانی دایە، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە و کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە، پانتایی شارەکە لەسەر چەند گردێک دروستکراوە، لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان، پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، بە هۆی سروشت و هەڵکەوتەکەی سیمایەکی جوانی هەیە، شاخی هەیبەت سوڵتانیش بووەتە لایەکی جوانی شارەکە."

جەمال فەتحوڵڵا، پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی کۆیەیە، لەمەڕ هۆکاری ناونانی شاخەکە بە هەیبەت سوڵتان و مەزاری قەد شاخەکە، دەڵێت: "لە ڕووی مێژووییەوە تا ئێستا هیچ زانیارییەکی تەواومان بەردەست نییە، لەمەڕ ئەو مەزارە و هۆکاری ناونانی شاخەکە، ئەوەی هەیە و دەوترێ تەنیا گومانە و گومانەکان لەیەکدییەوە دوورن، لەبەر ئەوە لە ڕووی مێژووییەوە ناکرێ لە سەر گومان قسە بکەین."

هۆکاری ناونانی هەیبەت سوڵتان بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەشێک دەڵێن: "گوایە خوشک و برایەک لەو ناوچەیە هەبوون، بە نێوی هەیبەت و سوڵتان، ئەمانە دەسەڵاتداربوون، لە

دوای نەمانیان شاخەکەیان بەو ناوانەوە کردووە. بەشێکی دیکە دەڵێن: لە (هەیپا)وە هاتووە، بە مانای خوای با، لە ژێر بنەمای بوونی سێ هەیپا، لەو ناوچەیەدا. هەڵبەت ئەمانە تەنیا لێکدانەوەن و هیچ بنەچەیەکی مێژوویی نییە."

لای خۆشییەوە، توێژەر و لێکۆڵەری جوگرافی، کامەران تاهیر، لەهەمبەر لایەنی جوگرافی قەزای کۆیە، دەڵێت: "لە پێشدا پێویستە بڵێین ئەم چیایانە لە ئەنجامی جووڵەی زەمینەکانی (ئەلپی) کە بە هۆی کرانەوەی دەریای سوور و داخرانی دەریای تیش، چیاکان دروست بوون، هەمان جوڵەی زەوی، کە چیای ئەلبی ئەوروپی دروست کردووە، بۆیە بەم جووڵەیە دەوترێت جوڵەی ئەلپی، یان ئەلبانی ئۆرۆجینی، ئەم بزوتنەوەیە گوشارێکی زۆر بەهێزی خستووەتە سەر چینە نەرمەکانی ژێر زەوی و لێک ترازان و بەرزبوونەوەیان و دروست بوونی چیایەکانی لێکەوتووەتەوە، گرینگترین شاخی دەوروبەری کۆیە، زنجیرە شاخی باواجی و زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتانە، کە لە ئێستادا ئەم شاخە بووەتە بەربەست لە بەردەم فراوانبوونی کۆیە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە. شاخی باواجیش بە چەند کیلۆمەترێک لە شارەکەوە دوورە."

کامەران تاهیر، کتێبێکی بەناونیشانی (کۆیە، لیکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی) بڵاوکردووەتەوە، کە لە بنەچەدا نامەیەکی ماستەرە، زیاتر وتی: "شاری کۆیە بە ٦٢٥ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە، شاخی هەیبەت سوڵتان بە دووەم بەرزترین شاخی دەوری کۆیە دادەنرێ بە بەرزی ١٠٩٢ مەتر، لە دوای شاخی باواجی کە ١٢٦٠ مەتر بەرزە، ساڵانە هەیبەت سوڵتان ٧٠٠ ملی مەتر، بارانی لێدەبارێ و بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی ناسراوە."

کامەران تاهیر، پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زانکۆی کۆیەیە لە بەشی جوگرافیا، بە وردی باسی شاخی هەیبەت سوڵتانی کرد و وتی: "زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتان دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی قەزای کۆیە و لە باکوورییەوە، لە دۆڵی سماقووڵی درێژ دەبێتەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات تا دەربەندی دواوان. درێژی ئەم زنجیرە شاخە نزیکەی ٤٤ کیلۆمەتر دەبێت و ئەم زنجیرەیە شاخە لە ئاستی هەر گوندێک ناوێکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە شاخی کەلکەسماق بە بەرزی ١٠٢٢ مەتر، شاخی کانی سوور بە بەرزی ١١٢٤ مەتر، شاخی کانی کوردە ١١٧٥ مەتر، شاخی قوبادبەگی بە بەرزی ١٢٩٣ مەتر، شاخی تەلانە ڕەش بە بەرزی ١١٨٤

مەتر، شاخی قشقەش بە بەرزی ١١٩٥ مەتر و شاخی هەیبەت سوڵتان، بە بەرزی ١٠٩٢ مەتر، کە زنجیرە شاخەکە پێکدەهێنن."

هەیبەت سوڵتان، لە ڕووی گەشتیاریشەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، لەم بارەیەوە ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە، ڕای گەیاند: "شاخی هەیبەت سوڵتان، شاخێکی جوان و دڵڕفێن و دڵگیرە، بە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری ئەژمار دەکرێ، ساڵانە بە تایبەتی لە وەرزی بەهاراندا، خەڵکی لە ناو شاری کۆیە و تاکوتەرا گەشتیارانی دەرەوەی شاری کۆیە سەردانی دەکەن و بە خۆشی کاتەکانیان تێدا بەسەردەبەن. هەروەها، لەسەر تەختایی شاخەکە، کۆمەڵگای کۆساری گەشتیاری لەسەر ڕووبەری ٦٢ دۆنم، بە شێوەیەکی مۆدێرن و جوان دروست کراوە، کە جۆرەها یاری و کافتریا و ڤێلای تایبەتی بۆ میوانان لێیە و گەشتیاران دەتوانن شەوانەیان لەوێ بەسەر بەرن. بەڵام، ئەم پرۆژە گرنگە لە ڕووی مارکێتینگەوە سەرکەوتوو نەبووە."

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، کە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیارەکان و گەشتیارانی دەرەوەی وڵاتیش هەیە، لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "ئەم زنجیرە شاخە، دەوری گرنگی هەیە، بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران، بە تایبەتی ئەگەر پرۆژەی گەشتیاری لە

سەر ئەنجام بدرێت، ئێمەش وەک بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیە، بەرنامەمان هەیە، لە کاتی باش بوونی ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان، پڕۆژی (شاری باڵندەکان)ی لێ دروست بکەین، لە نێو ئەو دار و سەوزاییەی هەیبەت سوڵتان، هەموو جۆرە باڵندەیەک دابنێین و بەم شێوەیە سەرنجی گەشتیاران ڕابکێشین، هەڵبەتە دەمانەوێ لە نێو پارکی هەواوان، تەلەفریکێک بۆ سەر شاخی هەیبەت سوڵتان بەرزبکرێتەوە، بەڵام بەم دۆخە خراپە داراییەوە هیچمان بۆ جێبەجێ ناکرێت."

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە، دەڵێت: "٣٥٠ دۆنم زەوی لە شاخی هەیبەت سوڵتان، موڵکی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیەیە و لە لایەن ئێمەوە سەرپەرشتی دەکرێت، لە ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر کورسی و کەپر و یاری منداڵان و (WC)مان دانابوو، ئەمەش تا ڕادەیەک گەشتیارانی بە لای خۆیدا ڕاکێشا.

## هاوینەهەواری چنارۆک بووەتە نشینگە[(١)]

چنـــارۆک، ناوەنـــدێکی فـــراوان و گەورەی گەشـــتیاریی سنووری قەزاری کۆیەیە، لە وەرزی بەهـاران و گەشت کـردن، گەشتیارانی کۆیە و شـارەکانی دیکـەی کوردستان بە مەبەستی بینینی دیمەنـی دڵـڕفێن و جوانی سروشتی نـاوچەکە سـەردانی دەکەن. بەڵام، لە ساڵانی ڕابردوو زۆرینەی زەوییەکانی چنارۆک تەلبەندکران و خانوو و باخی لێ دروست کرا.

لـــەم بارەیـــەوە، ئیســـماعیل عەبـــدوڵڵا، بەڕێـــوەبەری گەشـــتوگوزاری کـــۆیە، ڕای گەیانـــد: "بەڕێوەبەرایـــەتی گەشـتوگوزاری کۆیـە خـاوەنی هـیچ مـوڵکێکی هـاوینەهەواری چنارۆک نییە، بەڵکوو موڵکی وەزارەتی داراییە و بەڕێوەبەرایەتی کشـتوکاڵی کـۆیە و ئـەوان لێـی بەرپرسـیارن، پێویسـت بـوو وەزارەتـی کشـتوکاڵ ڕێگـری لـە دروسـتکردنی بـاخ و باخـاتی نایاسایی کردبووایە."

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، سـەبارەت بە موڵکەکانی وەزارەتەکەی خۆیان دەڵێت: "ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیە

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٨ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٣٩٨، سێشەممە، ١٨ی ئەیلوولی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

خاوەنی ٨٥٠ دۆنم زەوین لە حەحامۆک و ٣٥٠ دۆنم زەویشمان لە هەیبەت سوڵتان و کۆسار هەیە، هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر و بیەوێ داگیری بکات ڕێگری لێدەکەین و ڕێکاری یاسایی لە بەرانبەر دەگرینە بەر و دەیدەینە دادگا."

لەبەرانبەردا، سەربەست فەقێ، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، دەڵێت: "زۆرینەی زەوییەکانی هاوینەهەواری چنارۆک و گوندی کانی کەند و بێستانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنمایی جیاوازدایە، بۆ نموونە: بەشێک لە زەوییەکان موڵکی تایبەتی خەڵک و تاکە کەسن، ئەوان ئازادن کە خانوو لە سەر زەوییەکان دروست دەکەن، یا دەیفرۆشن، ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە ڕێگری لە فرۆشتنی زەوی خەڵکی بکەین."

هەروەها وتیشی: "خاوەن زەوییەکان، زەوییەکانیان بە کەسانی سەرمایەدار فرۆشتووە و ئەوانیش کردوویانە بە خانوو و باخ و باخات. لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە زەوییەکان، زەوی دارستان و پاوان و ڕەزە، بڕیاری (٣٩٥)یان هەیە، کە بە زەوی سەخەری ناسراوە. هاوکات حکومەتی عێراقی ساڵی ١٩٧٥ بە بڕیاری ٩٠ و بڕیاری ١١٧ بەشێک لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی چنارۆک و دەوروبەری بە جووتیاران داوە، کە بە "عەقدی زراعی" ناسراوە."

ئەو بەڕێوەبەرەی کۆیە، لە بارەی زیادەڕۆیی بۆ سەر زەوییەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، دەڵێت: "بەشێک لە زەوییەکانی چنارۆک بە شێوەی نایاسایی زیادەڕۆیی کراوەتە سەر و باخ و خانووی لە سەر دروست کراوە، ئێمەش وەک بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکانی کۆیە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوونی وردمان کردووە و سکاڵای یاساییمان لە بەرانبەر ئەو کەسانە تۆمار کردووە، کە زیادەڕۆییان کردووە."

چنارۆک، بە دووری دە کیلۆمەتر دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای شاری کۆیە و لە پشتی چیای هەیبەت سوڵتانە. لە کۆتاییەکانی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهار دەگەشێتەوە و دەبوژێتەوە، گەشتیارانیش بە مەبەستی ئارامکردنەوەی ڕۆح و بەسەربردنی کاتێکی خۆشی پڕ چێژ، سەردانی ئەو هاوینەهەوارە دەکەن و بەشێکیان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دەمێننەوە.

عەمید شۆڕش کاکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "دیاردەی زیادەڕۆیی (تەجاوز) پێشینەیەکی مێژوویی لە کۆیە هەیە، بە شێوەیەک لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، زیادەڕەوی لە شاری کۆیە ئەنجام دراوە، بە تایبەتی لە گەڕەکەکانی: ئازادی، عەلیاوا و جەوهەراوا. لە دواتردا و لە دوای

ئــازادی کوردســـتان و ڕاپەڕینـــی شـــارەکانی کوردســـتان، ئەو دیاردەیە زیادی کرد."

عەمیدەکەی پۆلیسـتی کۆیە وتیشـی: "بە هەمـوو شـێوەیەک ڕێگریمان لە دیاردەی زیادەڕۆیی کردووە و بە هیچ شـێوەیەک دەرفەتمـان بـە کـەس نەداوە، کە زیـادەڕەوی بکـاتە سـەر زەوی گشتی. تەنانەت دۆسیە و کەیسـەکانی پێشووشمان هەڵداوەتەوە و تۆمەتبـارانی زیـادەڕەویی زەوی دراون بە داداگـا و بەشـێکی دۆسیەکان تا ئێستاش لە دادگان."

بەڕێـوەبەری پۆلیســی کـۆیە، درێـژە بەم باســە دەدات و دەڵێـت: "کۆتـا بڕیـاری پەرلـەمانی کوردســـتانمان بەدەسـت گەیشـتووە، کــە زۆر بــە تونـدی دژی دیـاردەی زیـادەڕۆیی دەوەسـتێتەوە، لـە ئێستاشـدا کـار بـەو بڕیـارە دەکـەین، بـۆ نموونە کاتێکدا کەسێک زیادەڕۆیی دەکات، ئاگاداری دەکەینەوە و پێویستە لـە مـاوەی ٢٤ کـاتژمێر زیادەڕۆییەکـەی لابدا، ئەگـەر لای نـەدا دەسـتگیر دەکـرێ و تـا زیادەڕۆییەکـەی لانـەدا ئـازاد نـاکرێ. لـە مـاوەی پێشووشـدا خـەڵکێکی زۆر لەسـەر زیادەڕۆیی دەســتگیر کــراوە و دراوەتــە دادگــا و نزیکــەی ٣٦ شــوێنی زیادەڕۆییشمان ڕووخاندووە و لاداوە."

چنـــارۆک، لە ڕێـــبەری شـــوێنە گەشـــتیارەکانی هـــەرێمی کوردســـتان نـــاوی تۆمـــار کـــراوە، ئەمـــەش بە هـــۆی بـــوونی دارودرەخت و سەوزایی کە لە دێر زەمانەوە شوێنی گەشتیاری و گەشـــت کـــردن بـــووە، بنەمـــاڵە و کەســـایەتییە دەوڵەمەنـــد و پارەدارەکـان، شـوێنی مانەوەیـان لەوێ بنیـات نـاوە، لە وەرزی بەهـــاران و لە کـــاتی خۆشـــی و ئـــارامی کەشـــوهەوا ڕوویـــان تێکردووە و بۆ ماوەیەک لێی ماوەتنەوە.

سەبارەت بە هەمان پرس تاریق حەیدەری، قایمقامی قـەزای کۆیـە، وتـی: "لـە دوای دەسـت بـەکاربوونم وەک قایمقامی کۆیـە، بـە هـەموو شـێوەیەک هەوڵمانداوە لـە سـنووری قـەزای کۆیـە، ڕێگـری تـەواو لـە دیـاردەی زیـادەڕۆیی بکـەین و ڕێگریشـمان کردووە، تەنانەت لە سەر دیاردەی زیادەڕۆیی خـەڵکمان داوەتە دادگا و لە ئێستادا دۆسیەکانیان لە دادگای کۆیەیە."

بە گوێرەی ڕێنمایی و یاسایی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشـتەجێ کـردن، پێویسـتە لە دووری ١٠٠ مەتـر لە شـەقامی گشـتیی و لە دووری ٥٠ مەتـر لە جـادەی لاوەکـی و گونـدەوە، خانوو و باخ و دروست بکرێ و کردەی کشتوکاڵی ئەنجامدرێ. بەڵام بەشـێک لەو باخـانەی چنـارۆک لـە سـەر شـەقامی گشـتی دروست کراون و ڕەچاوی ئەو ڕێنماییەیان نەکردووە.

## سیما و ڕوخساری باواجی شێواوه[1]

چیای باواجی و چیای هەیبەت سوڵتان، لە بەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کۆیە، دوو ناوی گرێدراون بە شارەکە، کە وێنا و سیما و ڕوخساری جوانی بە شارەکە بەخشیووە، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا، بە هۆی دەرهێنانی بەرد لە کانە بەردینییەکانی چیای باواجی، تا ڕادەیەک سیما و ڕوخساری چیاکە گۆڕاوە.

سەبارەت بە دەرهێنانی بەرد لە کانە بەردینییەکانی چیای باواجی، دیدەوان یەعقوب چالاکوان و ژینگەدۆستی شاری کۆیە، ڕای گەیاند: "ماوەی چەند ساڵێکە لە لایەن ژمارەیەک کۆمپانیا بەرد لە کانە بەردینییەکانی چیای باواجی دەردەهێنرێت، بەڵام کار کردن لەو چیایەدا شێوازێکی تەندروستی نییە، بەڵکوو بە شێوەی هەڕەمەکی کار دەکرێ و کۆمپانیاکان پابەندی ئەو ڕێنمایی و یاسایانە نین کە بۆیان دیاری کراوە."

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (وشە/ کۆیە- ئەحمەد) لە لاپەڕە ١٣ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٥٩، چوارشەممە، ١٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

ئەو چالاکوانەی بواری ژینگە، وتیشی: "چەند گرفتێکی جەوهەری لە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی بەرد لە سنووری قەزای کۆیە بوونی هەیە، بۆ نموونە: کۆمپانیاکان زیاد لە ئاستی دیاریکراو ڕۆدەچنە نێو ناخی چیاکە و بەرد دەردەهێنن و قووڵی و چاڵییەکانیش پڕ ناکەنەوە، کە پێویستە پڕ بکرێتەوە، تا سیمای چیاکە گۆڕانکاری بەسەردا نەیات. لە لایەکی دیکە پێویستە خۆیان لە دار و سەوزاییەکانی چیاکە بە دوور بگرن، بەڵام ئەمەش جێبەجێ ناکەن و بەشێکی دارەکانیان لاداوە. لە لایەکی دی پێویستە کۆمپانیاکان لە دووری یەک کیلۆمەتر لە بەنداوی حەمامۆک کار بکەن، بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ لە سەر بەنداوەکە جێنەهێڵن، بەڵام هەندێ جار ئەو خاڵەش ڕەچاو نەکراوە."

دێدەوان یەعقوب، کە بە ڕۆژنامەنووسێکی ورد و بە دیقەت ناسراوە، وتیشی: "بەشێک لەو کەسانەی مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، مۆڵەتەکانیان بە چەند کەسێکی دیکە فرۆشتۆتەوە، واتە: جاری وا هەبووە چوار کەس بە یەک مۆڵەت کاری دەرهێنانی بەردیان کردووە."

لە دەربەندی دێگەڵە تا دۆڵی فەقێیان بە زنجیرە چیای باواجی ناودەبردرێ، باواجیش بە بەرزی ١٢٦٠ مەتر و درێژی

٢٣ کیلۆمەتر، دەکەویتە بەشی باکووری شاری کۆیەوە، کە چەندین جۆر و پێکهاتەی بەردی لەخۆگرتووە، لەوانە: سنجار، جەرکەس، پلاسپی و جبس، بەردی جبس لەو بەردانەیە کە خەڵک سوودی زۆری لێوەردەگرن و زیاتر بۆ دروستکردنی گەچ بە کاری دێنن.

شارەزاییەکی جوگرافی لەمەڕ دەرهێنانی بەرد لە کانە بەردینییەکانی باواجی بەم شێوەیە نازانستییە هۆشیاری دەدا، دوکتۆر نالی جەواد، مامۆستای زانکۆی کۆیە ڕای گەیاند: "بە شێوەیەکی زۆر خراپ و ناتەندروست و نازانستی بەرد لە کانە بەردینییەکانی چیای باواجی دەردەهێنرێت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی زۆری بە سەر شاری کۆیەوە جێهێشتووە و لە داهاتووشدا کاریگەرییە نەرێنییەکانی زیاتر بە دیار دەکەوێت."

دوکتۆر نالی جەواد، کە ماستەرنامەکەی لە بارەی ژینگەیە، وتیشی: "دەرهێنانی بەرد، پێویستی بە ڕێکایی یاسایی و میکانیزم و شێوازی تایبەت و شارەزایی تەواو هەیە، ناکرێت هەموو کۆمپانیا و کەسێک بەردە دەربهێنێت، چونکە ئەگەر بە نەشارەزایی و ناتەندروستی بەرد دەربهێنرێ ئاسەواری زۆر خراپی دەبێت، وەک ئەمەی لە بەشی باکووری شاری کۆیە ڕوویداوە. چونکە سیستەم و جێگیری بەردەکان گۆڕانکارییان

بەسەرداهاتووە، ڕێژەی سەوزایی لە سەر شاخەکە زۆر کەم بووەتەوە، ئاژەڵە کێوییەکانیش لە ناوچەکە نەماون، هاوکات قوڕ و لیتەی زۆری چیاکە بۆ ناو شاری کۆیە هاتووە."

ئەو مامۆستایەی شاری کۆیە، کە شارەزایی لە ژینگە و ژێرخاک هەیە، زیاتر دەڵێت: "پڕنەکردنەوەی ئەو شوێنانەی بەردیان لێ دەرهێناوە، زەرەری زۆری دەبێ، بۆ نموونە: سیستەمی ئاوی ژێر زەوی تێک دەدات، ئاراستەی چینە بەردەکان تێکدەچێ و دەگۆڕێ و ئەگەری داڕمان زیاد دەبێت، هەروەها ئەو گازانەی کە لە نێو بەردەکان قەتیس ماون بڵاودەبنەوە. جیا لەوەی سیما و وێنای چیاکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و تۆپۆگرافیا و جوگرافیای ناوچەکەش وەک خۆی نەماوە."

لە بارەی زەرەر و زیانەکانی دەرهێنانی بەرد لە زنجیرە چیای باواجی و جێبەجێ نەکردنی ڕێنماییەکان، قایمقامی قەزای کۆیە دەڵێت: "لە دوای دەست بەکاربوونمان وەک قایمقامی قەزای کۆیە، بەدواداچوونی وردمان بۆ ئەم باس و کێشە و گرفتانە کردوە، هەوڵی جددیماندا تا کاری کۆمپانیاکان لە چیاکە بوەستێ."

تاریق حەیدەری، وتیشی: "لە ئێستادا بە هەموو شێوەیەک کار کردن لە کانە بەردینییەکانی چیای باواجی وەستاوە و خاوەن کۆمپانیاکانمان ئاگادار کردووەتەوە، تا مۆڵەتی فەرمی نەهێنن و سەرجەم ڕێنمایی و یاساکانی دەرهێنانی بەرد جێبەجێ نەکەن، دەرفەت و ڕێگە نادەین بە شێوەی نازانستی بەرد دەربهێندرێ."

بە گوێرەی ڕێنماییەکان، پێویستە لە کاتی دەرهێنانی بەرد لە کانە بەردینییەکان بە ئەندازە و قەبارەی دەرهێنانی بەردەکە، شوێنەکەی پڕبکرێتەوە تا سروشتی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، بەڵام لە سنووری کار کردنی کۆمپانیاکانی بەرد دەرهێنان، بە کەمی ئەم ڕێنماییەیان جێبەجێ کردووە.

## قەڵەمتۆزەکانی کۆیە تەمەنیان گەیشتە ٤٠ ساڵ(١)

لە بەشی خۆرئاوای شاری کۆیە بە ڕیزێک داری قەڵەمتۆز دەروازەی شارەکەی ڕازێنراوەتەوە، ڕەنگە کۆیە یەکەم شار بێت لە باشووری کوردستان بەم جۆرە داری بە تەمەن و گەورە لە دەروازەکەی مابێتەوە، بە گێڕانەوەی پیاوە بە تەمەنەکانی ئەو شارە، قایمقامی ئەو کاتی کۆیە بە دڵ و بە گیان ئەو درەختانەی چاندووە و خزمەتی زۆری کردوون، تا گەورە بوون.

شەڕوشۆڕە زۆرەکانی نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە سالآنی پێشووتردا بە جۆرێک کاری لە ژینگەی کوردستان و عێراق کردووە، دار و درەخت لەم وڵاتە بە شێوەیەکی ترسناک ڕوو لە کەمبوونەوە بکات، هەرچەندە ساڵانە هەوڵ دەدرێت بۆ چاندنی نەمام و درەخت، بەڵام هێشتا پیشتبەست بە قسەی شارەزایانی ژینگە، ڕێژەی سەوزایی و درەخت لە ئاستێکی نزمدایە.

جەلال جۆبار، ئێستا تەمەنی لە ٨٥ ساڵی نزیک بووەتەوە و لە شاری کۆیە نیشتەجێیە، لە بارەی بیرەوەری لەگەڵ ئەم

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٠٢١، پێنجشەممە، ٢٨ی ئازاری ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

درەختـــانەی دەروازەی شـــارەکەیاندا دەڵێـــت: "پیاوێـــک ئەو درەختـانەی چانـدووە، کە زۆر دڵسۆزی کۆیە بـووە، پیاوێک لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ماوەی چوار سـاڵ کرا بە قایمقامی کۆیە، نـاوی عەلی بەهاری بـوو، ئەو پیاوە هەر بە ڕاسـتی دڵسۆزی شـارەکە بوو، بە هیچ جۆرێک جیاوازی لە نێوان دانیشـتووانی شـارەکەدا نەدەکرد، یەکێک لە کارە بەرچاوەکانی چاندنی ئەو درەختانە بوو لە دەروازەی شـار، تـا ئەو کـاتەی لێـرە بـوو، بـۆ خـۆی گەورەی کـردن و خزمەتـی کـردن. هەر لە سـەرەتای چانـدنیان چەنـد کەسـێکی دانـا بـۆ چـاودێری کـردن و پاراسـتنیان هەر کەسـێک بیشـکاندنایەوە، سـزای مـاددی دەدان و بە پـارەی سـزادانەکە پرۆژەی دیکەی پێ ئەنجام دەدا."

جەلال جۆبار، کە دووکانێکی بچووکی لە نێو شـاری کۆیەدا هەیە و جاروبـــار ڕۆشـــنبیرە بە تەمەنەکـــانی کـــۆیە لە لای دادەنیشـــن، درێـــژە بە قســـەکانی دەدات و دەڵێـــت: "لەگەڵ ئەو قایمقـامەدا نێـوانم زۆر خـۆش بـوو، زۆر جـاران پـێکەوە بـووین، بەهـــاری کەســـێکی زۆر بـــوێر بـــوو، زۆر جـــار جلکـــی خراپـــی لەبەردەکرد و دەچووە ناو بازاڕ، هەروەها بە شـەو دەچووە نـاو شار بۆ گەڕان، هەر کەسێک سەرپێچی کردبووایە سزای دەدا."

جـــگە لەوەی دیمەنەکـــانی بـــۆ شـــاری کـــۆیە جـــوانن، دانیشتووانەکەشـی دڵیـان بەو دار و درەختـانە خۆشـە و دەڵـێن: سیمایەکی گەشتری داوە بە شارەکە.

## دەروازەی شاری کۆیە ناوچەیەکی پیشەسازییە[1]

ماوەی ١٠١ ساڵە کۆیە کراوە بە قەزا، بەڵام تا ئێستا بایەخ بە دەروازەی ڕۆژئاوای شارەکە نەدراوە، کە سەرەتای گەیشتنی هاووڵاتییانی هەولێر و تەقتەق و کەرکووکە، چونکە تا ئێستا ناوچەی پیشەسازی لە دەروازەی شارەکەدایە، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە دەروازەی شار بە پڕۆژەیەکی شارستانی دەست پێبکات. لایەنە پەیوەندیدارەکانیش دەڵێن: "بەرنامەمان هەیە و شوێنی ناوچەی پیشەسازی دەگوازینەوە شوێنێکی دیکە."

لە بارەی شێواز و سیما و ڕوخساری دەروازەی شارەوە، ئازاد عەتوف، ئەندازیاری تەلارسازی دەڵێت: "پێویستە دەروازەی شار سیما و وێنایەکی جوانی هەبێ، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کۆبیر و سەرنجی گەشتیار و سەردانیکەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. واتە: دەروازەی شار گوزارشت لە ئاستی پێشکەوتنی ناوەڕۆکی شارەکە دەکات، کە ئەم شارە چی تێدایە و چۆنە؟ بۆ نموونە: ئەگەر دەروازەی شارێک جوان و ڕێکوپێک و پڕ سەوزایی بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ وێنای جوانی شارەکە دێتە

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی باس بڵاوکراوەتەوە.

بەرچاوت، بە پێچەوانەوەش ئەگەر بە ناوچەی پیشەسازی و کارگە دەست پێ بکات، وێنایەکی ناشرینی شارەکە دێتە بەرچاوت."

ئەو ئەندازیارەی تەلارسازی، کە مامۆستای زانکۆی کۆیەیە، زیاتر وتی: "لە کۆتایی ساڵی شەستەکاندا و سەرەتای حەفتاکانی سەددەی ڕابردوودا، عەلی بەهاری قایمقام هەوڵی زۆریدا وێنایەکی جوان بۆ دەروازەی شاری کۆیە دروست بکا و تا ڕادەیەکی زۆر توانی سەرکەوتوو بێت، ئەمەش لە ڕێگەی چاندنی دار لە ناوەڕاست و ئەملاولای ڕێگاکە. بەڵام، لە ئێستادا ئەو دارانەی وەک پێشوو نەماون و هەمان جوانی بە دەروازەکە نادات، لەگەڵ ئەوەشدا دەوروپشت و ئەملاولای ڕێگاکە کراوە بە ناوچەی پیشەسازی و کارگە، ئەمەش بۆ دەروازەی شار گونجاو نییە و گەشتیار و سەردانیکەری ئەو شارە ڕاستەوخۆ بە لایەوە سەیر دەبێ و پرسیاری لا دروست دەبێت، بۆچی دەروازەی شار بەم شێوەیەیە؟"

ئازاد عەتوف، کە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی کۆیە وانە دەڵێتەوە، پێشنیاز دەکات کە "ناوچەی پیشەسازی و کارگەکانی دەروازەی شاری کۆیە بگوازرێتەوە شوێنێکی دیکەی دوور و لایەنی کەم تا ٥٠

ساڵی دیکە ئەو شوێنە تێکەڵی شار نەبێتەوە و لە ماستەر پلانی شاردا بە وردی ئەم باسە تاوتوێ بکرێت. هاوکات، پێویستە دەروازەی کۆیە و شوێنی ئێستای ناوچەی پیشەسازی بکرێتە شوێنی سەوزایی، یا پارکی کراوەی گەورە، یاخود بینای گەورەی ڕێکوپێک، یان یاریگای وەرزشی، واتە: دەبێ پڕۆژەی سەرنج ڕاکێش لە دەروازە بوونی هەبێت."

بەشی ڕۆژئاوای شاری کۆیە، دەروازەی گەیشتنی هاووڵاتییانی هەولێر و تەقتەق و کەرکووکە، لە بارەی ئەم دەروازەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەڵێن: "لە ماستەرپلاندا شوێنی ناوچە پیشەسازییەکە کراوە بە پڕۆژەی وەرزشی و بەرنامەی گواستنەوەی شوێنی ناوچە پیشەسازییەکەمان هەیە."

هیمداد مەجید، سەرۆکی شارەوانی کۆیە دەڵێت: "شارەوانی کۆیە و تەواوی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، کار لە سەر ماستەر پلانی شار دەکات، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیەش کار لە سەر ئەو ماستەر پلانە دەکات کە لە ساڵی ٢٠١٣ لە لایەن کۆمپانیایەکی تایبەت ئامادەکراوە و دانراوە، ئەو ماستەر پلانە تا ساڵی ٢٠٣٥ کاری پێدەکرێ و هەموو شوێنەکانی تێدا دیاری کراوە، بۆ نموونە: شوێنی بازرگانی و شوێنی سەوزایی و پارکینگ و تەواوی شوێنەکانی دیکە لەبەرچاو گیراوە و شوێنی

تایبەتی بۆ دانراوە." سەرۆکی شارەوانی کۆیە بڕوای وایە بوونی ناوچەی پیشەسازی لە دەروازەی شار وێنایەکی جوان نییە و دەڵێت: "دانان و دیاریکردنی ناوچەی پیشەسازی لە دەروازەی شار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی دوو هەزارەکان، ئەو کاتەش ماستەر پلان نەبووە و لە پێش ماستەر پلان ئەو شوێنە دیاری کراوە و لە ئێستادا پێویستە شوێنەکەی بگوازرێتەوە."

ئەندازیار هیمداد مەجید، ئاشکرای دەکات و دەڵێت: "بە گوێرەی ئەو ماستە پلانە ٢٢ ساڵییەی بۆ کۆیە دیاری کراوە، دەستکاری ناوچەی پیشەسازی کراوە و بە پێی ماستەر پلانەکە پێویستە بگوازرێتەوە شوێنێکی دی، هەر لە ماستەر پلانەکەدا شوێنی ناوچەی پیشەسازی کراوەی بە ناوچە و پڕۆژەی وەرزشی. لە ئێستاشدا بەشی هونەری و یاسایی سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە خەریکی ئەم باسەن، بۆ ئەوەی شوێن و زەویوزار بۆ ناوچەی پیشەسازی دیاری بکرێت، هەروەها میکانیزمێک بۆ گواستنەوەی شوێنەکە دانرێت، واتە: گواستنەوەی ناوچەی پیشەسازی لە بەرنامەی شارەوانیدایە و کاری لەسەر دەکەین."

بە شێوەیەکی گشتی دەروازەی شار گوزارشت لە سیما و وێنای شارەکە دەکا، دەروازەی شارە پێشکەوتووەکان بە

پڕۆژەیـەکی وەرزشـی، گەشـتیاری، شارسـتانی جـوان دەسـت پێـدەکات، تـا سـەرنج و کـۆبیری گەشـتیاران و سـەردانیکەران بە لای خۆیدا ڕاکێشێت و ئارەزووی زوو گەیشتنی بە شارەکە بۆ دروست بێت.

هاوکـات، تـاریق حەیـدەی، قایمقـامی قـەزای کۆیـە وتـی: "لـە حـەفتاکانی سـەددەی ڕابـردووەوە دەروازەی کۆیـە وێنایـەکی جوانی شار بووە، تەنانـەت نموونـە بووە بۆ هـەموو شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام بە هۆی بوونی ناوچەی پیشەسازی لە دەروازەکـە تـا ڕادەیـەک وێنـا جوانەکـەی نـەماوە، لەبـەر ئـەوە بەرنامەی پلانی دەستکاری کردنیمان هەیە."

حەیـدەری کە بـە وەکالـەت قایمقـامی قـەزای کۆیەیـە، زیـاتر دەڵێـت: "لەگـەڵ کۆمپانیایـەکی ئیتـاڵی قسـە کـراوە و هەوڵـدراوە لە ژێر ئەو ماستەر پلانەی بۆ کۆیە دیاری کراوە دەستکاری نـاو شار بکرێت، بە تایبەتیش خەڵکی ئەکادیمی و تـەکنۆکرات قسـەی لـە سـەر ناوچـەی پیشەسازی کـردووە، بـۆ ئـەوەی دەسـتکاری دەروازەی شـار بکـەین و شـوێنەکەی بگوازینـەوە، لـە ئێستاشـدا چاوەڕێی کاتین و بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لە کارەکانمان."

کۆیە، لە ساڵی ١٩١٨ەوە کراوە بە قەزا و بە کۆنترین قەزای کوردستان ئەژمار دەرکرێ، لـە مـاوەی ئـەو سـەد و یـەک سـاڵە

گرنگی بە دەروازەی شار نەدراوە، ئەوەی بەرچاو دەکەوێت تەنیا ئەو دارانەن کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەملاولا و نێوەڕاستی شەقامەکە چاندراوە.

# دوو هەورازە موگناتیسییەکەی کۆیە[1]

هاووڵاتییــان و گەشــتیاران، ســەردانی گــردی لای هۆتێـل پالاس و بەرزایی دیوی چنارۆکی لای گوندی کانی کەند دەکەن، ئۆتۆمبێلـەکانیان ڕادەگـرن، وەلـێ بـە بێ خـەرج کردنـی بـەنزین ئۆتۆمبێلەکانیان لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێ، باوەڕ دەکەن ئەمە گردی موگناتیسی بێت، لە بەرانبەردا ئەکادیمیان و پسپۆڕان ئەم کارە بە فێڵی چاو دەزانن و ڕای دەگەیەنن کە بەرزی گردەکە بە پێچەوانەوەیە.

بەشێک لە گەشتیاران و هاووڵاتییانی شاری کۆیە دەخوازن بەرەو لای ئەو گردانە بڕۆن، کە بە کوژاوەیی ئۆتۆمبێلەکانیان لە ڕۆیشتن بەردەوامە. هانا کەریم، کە دانیشتووی شاری کۆیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "خەڵکی شاری کۆیە دەزانن، لە سنووری قەزای کۆیـە دوو گـردی موگناتیسـی هەیـە، کـە ئۆتۆمبێلـەکانیان بـەرەو بەرزی گردەکە سەردەخات، لە مێژە خەڵکی شاری کۆیـە ئەمـەی تاقیکردووەتەوە و لای ڕوونە کە ئەم گردانە تایبەتمەندی خۆیـان

---

(١) ئەم بـابەتە لە ژێـر نـاوی (وشــە/ کـۆیە- تـایبەت) لە لاپەڕە ١٤ی هەفتەنـامەی وشــە، ژمــارە ٢٧٢، چوارشــەممە، ٢٠ی شــوباتی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

هەیە، لە هەر کاتێکیشدا کە هاوڕێ و میوانی دەرەوەی شاری کۆیەمان دێت، داوا دەکەن، بەرەو ئەو گردانە بڕۆین."

هانا، وتیشی: "لەگەڵ هاوڕێ و میوانان بەرەو ئەو دوو گردە دەڕۆین، لە سەرەتادا بە گردی لای هۆتێل پالاس سەردەکەوین، هاوڕێ و میوانەکان، بە کۆبیرەوە بێدەنگ دەبن و چاو لەو کردارە دەکەن، لە بەرزایی ئەو گردەوە ئۆتۆمبێلەکەمان دەوەستێنین، کەچی بەرزایی گردەکە ئۆتۆمبێلەکە بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ و سەری دەخا و بە زەوییەوەی دەنووسێنێ، کاتێک بە پێچەوانەوە دێینە خوارەوە، ئۆتۆمبێلەکەمان دەوەستێ و ناڕوا. لە دوای تاقیکردنەوەی ئەم گردە، بەرەو بەرزایی لای گوندی کانی کەند دەڕۆین، بە هەمان شێوە، کاتێک بەرەو بەرزایی گردەکە ئۆتۆمبێلەکەمان دەوەستێنین، ئۆتۆمبێلەکەمان جووڵەی تێدەکەوێ و سەردەکەوێ، بەڵام لە کاتی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەمان بەرەو نزمایی هیچ جووڵە و ڕۆیشتنێک بەدی ناکرێت. ئەم بینینانە لای هاوڕێ و گەشتیاران جێگەی سەرنجە و بە تایبەتمەندی زەوییەکە و شارەکەی دەزانن، بەشێک لە گەشتیاران ئەو وێنایانە تۆمار دەکەن و لە ئەرشیفی خۆیان یاداشتی دەکەن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە."

بەشێک لە هاوولاتییان بە تایبەتی سەردانی شاری کۆیە دەکەن و بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان ئەم کردارە تاقیدەکەنەوە و ئارەزووی بینینی دەکەن، دەخوازن ئەم تایبەتمەندییەی گردەکانی شاری کۆیە ببینن.

نوری فەلاح، لە هەڵەبجەوە بیستوویەتی دوو گردی موگناتیسی لە شاری کۆیە هەیە، کاتێک بە نزیکی کۆیەدا تێپەڕیوە، بەرەو لای ئەم گردانە ڕۆیشتووە و تاقی کردووەتەوە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە هەڵەبجەوە بەرەو هەولێر دەڕۆیشتم بە خاتر بینین و تاقیکردنەوەی ئەم گردە موگناتیسییانە بە کۆیەدا تێپەڕێم و بەرەو لای گردە بەرزەی لای هوتێل پالاس ڕۆیشتم، وەک ئەوەی زانیاریم هەبوو، لە سەر گردەکەدا ئۆتۆمبێلەکەم کوژاندەوە، کەچی ئۆتۆمبێلەکەم بەرەو سەر گردەکە سەرکەوت، ئەوەم زۆر بەلاوە سەیر بوو، چەند جارێکی دیکە هەمان کردارم دووبارە کردەوە، بە هەمان شێوە ئۆتۆمبێلەکەم ڕێی دەکرد، بە پێچەوانەوە کاتێک لە سەرووی گردەکەوە بەرەو خوارووی گردەکە ڕۆیشتم، ئۆتۆمبێلەکە وەستا و جووڵەی نەکرد، ئەمە خۆشییەکی تایبەتی بە جەستەم بەخشی، لە دوای تاقیکردنەوەی ئەم کردارە، کۆیەم جێهێشت."

هــەرچی ئــەکادیمیان و پســۆڕانی بــواری زانســتی زەوی ناسین، بە پێچەوانەوە قسـە دەکەن و باوەڕیان وایـە، ئەمـە فێڵـی چاوە و گردەکان بە پێچەوانـەی چـاون. لـەم بارەیـەوە دوکتـۆر هاوکار باپیر، مامۆستای بەشـی جیۆلـۆجی زانکـۆی کۆیە، لەمەڕ ئەو گردە موگناتیسیانە ڕایگەیاند: "لە سنووری قەزای کۆیە، دوو شوێنی لەم شێوەیە هەیە، ئەوانیش: گردی لای هوتێل پاڵاسـە لـە سەنتەری قەزای کۆیە و بەرزایی لای گوندی کانی کەند لە دیوی چنارۆکــە، کــە هاووڵاتییــان هەســت دەکــەن ئــەو شــوێنانە موگناتیسییان لـە ژێر زەویدایـە و ئۆتۆمبێلـەکانیان ڕادەکێشـێ و سەردەخا."

هاوکـار بـاپیر، هــەڵگری بڕوانامــەی دوکتــۆرا لــە زانســتی زەویناسـی، زیاتر وتـی: "لـە ڕاسـتیدا تـا ئێسـتا هـیچ توێژینـەوە و لێکۆڵینەوەیـەکی ورد لــە بـارەی ئـەم گردانـەوە نـەکراوە، تـا لـە ڕووی زانســتییەوە بۆمــان ڕوون بێتــەوە و بــڵاوی بکەینــەوە، چونکـە بـۆ لێکۆڵینــەوە پێویسـتمان بـە ئـامێری پێشـکەوتوویی جیۆفیزیـایی (ئـەلیکترۆ مەگنەتیکـە)، لـە ڕێگـەی ئـەم ئـامێرەوە، دەزانین ژێری ئەم ناوچە و گردانە خاوی کـانزایی تێدایە، یا نـا؟ ئەگەر تێیدا بێ ئەوا ئۆتۆمبێلەکان سەردەکەون، ئەگەر تێیدا نـەبێ

سـەرناکەوێ، چونکـە هـیچ گردێـک بـە بـێ هێـز و لێشـاوی موگناتیسی ئۆتۆمبێل ڕاناکێشێ و بە زەوییەوەی نانووسێنێ."

ئـەو مامۆسـتایەی زانکـۆی کۆیـە لـە ڕێگـەی چـاوەوە بەدواداچوونی بۆ ئەم باسە کردووە و ئەنجامەکەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: "بۆ تێگەیشتن و ڕوونبوونەوەی ئەم باسە بە بێ ئامێر، چوومـە سـەر شـاخی هەیبـەت سـوڵتان و بـە وردی چـاوم لـە گردەکە کرد، لەوێدا تێگەیشتم، ئەو گردەی لای هوتێل پالاس، کە هاوولاتییـان وا دەزانـن گـردی موگناتیسـییە، بـە پێچەوانەوەیـە، واتـە: (ختعـەی زەفەریە)یـە، کاتێـک هاوولاتییـان هەسـت دەکـەن ئۆتۆمبێلەکەیان بەرەو گردەکە سەردەکەوێ، ئەوا ئۆتۆمبێلەکەیان بـەرەو خـوار شـۆڕ دەبێتـەوە، ئەمـە جۆرێکـە لـە فێڵـی چـاو. هاوولاتییـانیش دەتـوانن بـە وردی لەسـەری شـاخی هەیبـەت سـوڵتانەوە سـەیر بکـەن، ئەوسـا دەزانـن ئـەم گـردە بـە پێچەوانەوەیـە. بـاوەڕ دەکـەم، ئـەو بەرزاییـەی لای گونـدی کـانی کەندیش بە هـەمان شـێوە بێت، چونکـە تۆپۆگرافیـای ناوچەکـە موعەقـەدە ئـەملاولای ڕێگاکـە چـاڵوچۆڵی زۆری تێدایـە و چـاو بە هەڵەت دەبا. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە داهاتوو بە ئامێری ئەلیکترۆ مەگنەتیک لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێ."

## قشڵەی کۆیە لە بنکەیەکی سەربازییەوە بۆ شوێنێکی گەشتیاری[1]

قشـڵەی کۆیـە، لـە بنکەیـەکـی سـەربازییەوە گـۆڕاوە بـۆ شوێنێکی گەشتیاری و مێژوویی و کولتوری و فەرهەنگی شاری کۆیـە، لـە ئێسـتادا ڕۆژانـە خـەڵکی شـاری کۆیـە و گەشـتیارانی دەرەوەی شـار، سـەردانی ئـەو قشـڵەیە دەکـەن و لـە نزیکـەوە بـە فەرهەنگی مێژوویی و کەسایەتییەکانی شاری کۆیە ئاشنا دەبن.

یادگار حەمەدەمین، بەرپرسی قاوەخانەی کولتوری قشڵەی کۆیە، لەمەڕ کردنەوەی قاوەخانە دەڵێت: "بە مەبەستی ڕاکێشانی گەشتیاران و هاووڵاتییان بۆ قشڵە، لە نۆزدەی ئایاری ٢٠١٦ لەم هۆڵـە درێـژە نـەوەد مەترییـە، قاوەخانـەی کولتـوری کرایـەوە، ئـەمەش دەروازەیـەکی بـاش بـوو، بـۆ ڕاکێشـانی دانیشـتووانی شاری کۆیە و گەشتیاران، ڕۆژانە لـە دوای نیوەڕۆ تـا درەنگانی شــەوان قاوەخانــە کراوەیــە و لــە نێــو دیوەخــانی ئەختــەر بە بەردەوامی ئاهەنگ و زەماوەند و گۆرانی و چالاکی هونـەری و ئـەدەبی تێـدا ئـەنجام دەدرێ، مێـژوو و ئێسـتامان بەیەکـەوە

(١) ئەم بـابەتە لە ژێـر نـاوی (تـایبەت) لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنـامەی وشـە، ژمارە ٢٧٤، چوارشەممە، ٦ی ئازاری ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

بەستووەتەوە، چونکە ئەختەری شاعیر لە سەردەمی خۆی دیوەخانی هەبووە و گۆرانی تێدا وتراوە."

یادگار، جودا لەوەی مامۆستایە سەرپەرشتی ئەو قاوەخانەیەش دەکات، زیاتر لە بارەی قاوەخانەکەی قسە دەکات و دەڵێت: "لەم هۆڵەدا وێنەی زۆرینەی کەسایەتییە ئەدەبی، هونەری، فەرهەنگی، کولتووری، سەرکردە، پێشمەرگە، مەلا و نووسەران و ژنە بەرچاوەکانمان بە دیزاینێکی جوان لەسەر دیوار هەڵواسیوە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدەین گەشتیاران بە کەسایەتییەکان و مێژووی شارەکە ئاشنا بکەین. لە ماوەیەکی کەمدا، توانیمان ئەو قشڵەیە لە بنکەیەکی سەربازییەوە بکەینە ناوەندێکی گەشتیاری و کولتووری و فەرهەنگی، بە تایبەتی لە دوای سەوز کردنی گۆڕەپانی قشڵە و کردنەوەی چەند کتێبخانەیەک بۆ فێرخوازان. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هەوڵمانداوە کولتوور و نەریتی وراتی کۆیە و کوردەواری نوێ بکەینەوە و گەشتیارێکی زۆر بۆ لای خۆمان ڕابکێشین."

قشڵەی کۆیە، لە سەر ڕووبەری حەوت هەزار مەتر، بە بەرزی ٢٢ مەتر کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری کۆیە، گەشتیاران و سەردانیکەرانی کۆیە، لە دوورەوە چاویان بەو قشڵەیە دەکەوێ، بۆیە ڕووە و گردی کەکۆن سەردەکەون و بە نێو کوچە و

کەلەبـەرەکانی قشـڵە گـوزەر دەکـەن و لـە قاوەخانـەی کولتـوری پشوویێکی کورت دەدەن و قاوەیەکی ئیتاڵی نۆش دەکەن.

ڕەهبـەری سـەید بـرایم، لـە گۆڕانکـاری قشـڵەدا جێدەسـتی دیارە و هەمیشە لە هەوڵدا بووە بۆ بەرەوپێشبردنی قشڵە و لـە چوارچێوەی کارەکانیـدا، مۆزەخانـەی ڕەهبـەری سـەید بـرایم و دوو کتێبخانـەی لـە نێـو ژوورەکـانی قشـڵەدا کردووەتـەوە، لـەم بارەیـەوە ئـەو ئەرشیفدۆستە دەڵێت: "ماوەیـەکی زۆرە سـەرقاڵی کەلوپەلی شوێنەواریم، هەمیشە لە هزرمدا بووە، ئـەو کەلوپەلانـە لە شوێنێکی سەنگین نمایش بکەین و هاووڵاتییان پێی ئاشنا بن، لە دوای کردنەوەی فەرمانگەی شـوێنەواری کۆیە و قاوەخانـەی کولتـووری، لـە نێـو ژوورێکـی قشـڵەدا ئـەو ئەرشـیفە گرنگـە مێژووییەم نمایش کرد، هـەر کاتێک گەشتیاران سـەردانی قشڵە بکەن، تابلۆی مۆزەخانەیان بەرچاو دەکەوێ و دەتوانن چـاو لـەو ژوورە بکەن، کە تەواوی کەلوپەلـەکانی سنووری وراتـی کۆیـەی تێدایە، بەم شێوەیە مێژووی دێرینی شارەکەیان لا ڕوون دەبێ."

نووسـەر و ئەرشیفدۆسـت، ڕەهبـەر سـەید بـرایم، وتیشـی: "بـە مەبەسـتی زیـاتر گرینگیـدان بـە قشـڵە و هەمیشـە زینـدوو ڕاگرتنی شەهیدان، کتێبخانەی شەهید دوکتۆر خالیدمان کردەوە و سـەرجەم بڵاوکراوەکـانی هـەموو پارتـە سیاسـییەکانی پـێش

ڕاپـەرینمان لێـدانا، بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی زیـاتری توێژینـەوە و بـەدواداچوون بـۆ تـوێژەران بڕەخسـێ و کـاری تێـدا بکرێ، لـە پاشان کتێبخانەی شەهید دوکتۆر کاوەمـان کردەوە، لـە نێو ئـەو کتێبخانەیـەدا مێـز و کورسـی دانـراوە، خوێنـەران و فێرخـوازانی زانکۆ و پەیمانگا دەتوانن بە خوێندنەوە کاتـەکانیان بەسـەردەبەن و گفتوگۆی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام دەدەن.

ڕەهبەر سـەید برایم، بەوە ناسراوە کە پتر لە بارەی کۆیە و کەسـایەتییەکانی ئەو شـارەوە دەنووسـێت، لە بـارەی قشـڵە و کارەکانی درێژەی بە قسـەکانیدا و وتـی: "لەسـەر پێشنیاری مـن، پەیکـەری تایـەر تۆفیـق لـە نێـو گۆڕەپـانی قشـڵە دانـراوە، بـەم کارانەش ناوەستین، بەڵکوو لە بەرنامەماندایە، لە داهـاتوو وێنـەی زیندانییەکانی کۆیە لە نێو تاقەکانی قشڵەدا هەڵواسین."

مەزارگـەی دڵـدار، لـە تـەک قشـڵەی کۆیەیـە، بـە مەبەسـتی گەیشــتن بــۆ ســەر مــەزاری دڵــدار بەرپرســانی فەرمانگــەی شـوێنەواری کۆیـە، دەرگایـان لـە نێـو قشـڵەوە کردۆتـەوە و لـەم دەرگایـەوە گەشـتیاران سـەردانی خـاکوخۆڵی خـاوەن مارشـی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) دەکەن.

لێپرسـراوی فەرمـانگەی شـوێنەواری کۆیـە، بـاوەڕی وایـە قشـڵەی کۆیـە خەسـڵەتی ناوەنـدێکی گەشـتیاری وەرگرتـووە و

ئێستا و ڕابردووی ئەو قشڵەیە زۆر جیاوازە و دەڵێ: "ئەگەر بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردابێ، ئەوا پڕۆژە و فکرەی زۆر جوانمان هەیە و دەیخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە، دەمانەوێت قشڵە بکەینە ناوێکی دیاری کوردستانی و هاوشێوەی شوێنە مێژووییەکانی وڵاتان، تا گەشتیاران تامەزۆری بینینیان هەبێ، بە شێوەیەک هەر گەشتیارێک بەو شارەدا تێپەڕێ سەردانی بکا."

سەرکەوت سۆفی لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، دەڵێت: "بینای فەرمانگەکەمان لە نێو قشڵەدایە، بە بەردەوامی خزمەتی قشڵە دەکەم، دانیشتووانی شاری کۆیە گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن، کە چ سەوزایی و کەشێکی تایبەتمان بۆ گەنجان ڕەخساندووە، لەبەر ئەوەشە هاووڵاتییان یادی ڕۆژمێژووی لەدایک بوونی تێدا دەکەنەوە، تەنانەت بەشێک لەو کچ و کوڕە تازە لاوانەی ژیانی هاوبەشی پێکدەهێنن، زەماوەندی شەکراو خواردنەوە دەهێننە نێو گۆڕەپانی سەوزی قشڵە.

لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، کە جاروبار وەک باخچەوانیش خزمەتی قشڵە دەکا، لە بارەی کەلوپەلەکە مێژووییەکانی سنوورەکە، وتی: "لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی

گەشتیاران، یەکەم ژوورمان لە دەستە ڕاست کردووەتە ئەرشیفی کەلوپەلە مێژووییەکانی فەرمانگە."

قشڵە بەرزەکەی کۆیە، لە ٢٣ ژوور و هۆڵی قاوەخانە پێکهاتووە، یەکێک لە ژوورەکان تایبەت کراوە بە ڕادیۆی کەکۆن، کە بڕیارە لە داهاتوو پەخشی دەست پێبکا و بەرنامەکانی لە چوارچێوەی مێژوودا بێ.

# خانی گەورەی کۆیە شوناسی شارێکە[1]

خـــانی گەورە، شـــوێنێکی گەورە و فـــراوان و جـــوان و مێژوویی شاری کۆیەیە، سیما و وێنای خانەکە، گوزارشتە لە کولتور و نەریت و شارستیانییەتی کۆنی ناوچەکە. لە ئێستادا بەشێک لە خانەکە ڕووخاوە و گومانی ڕووخانی بەشێکی دی لێدەکرێ، لەبەر ئەوە مێژوونووسان و پسپۆڕان هۆشیاری لە ئەگەری دارمـــــانی خـــــانەکە دەدەن. لە بەرانـــــبەردا لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسان، هۆکاری نۆژەن نەکردنەوەی دەگەڕێننەوە بۆ قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان.

مێژووی کۆیە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. کە خاوەن مێژووییەکی گەش و ڕووناکە، ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بووە. میرنشینە کوردییەکان، بەردەوام لە هەوڵدابوون، بۆ ئەوەی کـۆیە بکەوێـتە ژێـر فەرمانڕەوایەتییـان. لە ئێستاشـدا ژمارەیەکی زۆر لە شوێنە مێژووییەکان لە شارەکەدا ماوە و بەشێکیان نۆژەن کراوەتنەوە.

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (وشە/ کۆیە) لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ١٩٤، چوارشەممە، ١٩ی تەمموزی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

خانی مەحموود ئاغا، ساڵی ١٨٦٨ لە لایەن بنەماڵەی غەفورییەکان و بەتایبەتی مەحموود ئاغای باوکی حەماغای غەفووری دروستکراوە. بۆ دروستکردنی وەستای بە توانا و شارەزا، لە شارە دوورە دەستەکانی کوردستان بانگهێشتکراوە، بە تایبەتی لە شاری مووسڵ.

شێروان کاکە زیاد، نەوەی بنەماڵەی غەفورییەکانە و لە بارەی ئەو خانە دەڵێت: "مەحموود ئاغای باپیرە گەورەمان، یەکێک بووە لە کەسایەتە دیار و بەرچاوەکانی وراتی کۆیە و کوردستان بە گشتی، کە لە ماوەی ژیانیدا بەردەوام هەوڵیداوە کردەوی بە بەها و بەنرخ ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی لەسەردەمی خۆی و سەردەمی دوای خۆی خەڵک سوودی لێوەربگرێ."

زادەی مەحموود ئاغا، وتیشی: "لە ڕابردوودا، کۆیە مەڵبەندێکی گرنگ و ناوچەیەکی ستراتیژی بووە، چونکە چەق و سەنتەری بەیەکەوەبەستنی نێوان شارەکانی بەغدا، مووسڵ، کەرکووک و هەولێر بووە بە شارەکانی خانێ- پیرانشەهر و مەهاباد- سابڵاخ. بە بەردەوامی خەڵکی لەو شارەدا ماوەتەوە، لەبەر ئەوە مەحموود ئاغا ئەو خانەی دروستکردووە، کە وەک کاروانسەرا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و گەشتیاران و کارکەران لەوێدا پشوویانداوە و تێیدا گیرساونەتەوە."

لە بارەی دیزاین و شێوازی دروستکردنی خانەکە، دوکتۆر جەمال فەتحوڵڵا، مامۆستای بەشی مێژوو، لە زانکۆی کۆیە، ڕایگەیاند: "خانی مەحموود ئاغا، خانێکی گەورە و فراوانە، بە شێوەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دیزاین کراوە و سازکراوە، پێداویستی و کەلوپەلی گرانبەها و بەنرخ لە خانەکەدا بەکارهاتووە، هەوڵدراوە لە ڕواڵەت و لە جەوهەردا خانێکی جوان و ناوازە دروست بکەن، دیارە کە سیما و تایبەتمەندی دەوڵەتی عوسمانی پێوەدیارە."

ئەو مامۆستایەی زانکۆی کۆیە، وتیشی: "ئەو خانە لە سەر ڕووبەری ١٣٦٥ مەتر دووجار دروستکراوە و لە دوو نهۆم پێکهاتووە. نهۆمی یەکەم ٣٣ ژوور و نهۆمی دووەم ٣٢ ژووری لێ دروستکراوە، ژوور و هۆڵەکانی نهۆمی دووەم وەک هۆتێل بەکارهاتووە، هاوکات نهۆمی یەکەم وەک تەویلە بۆ مەڕ و ماڵات و کەلوپەلەکانی هاووڵاتییانی نهۆمی دووەم بەکارهاتووە."

خانی مەحموود ئاغا، کە بە خانی گەورەش ناودەبرێ، بەهای مێژوویی، کولتوری، شارستانی و گەشتیاری هەیە، لە دوای نۆژەنکردنەوەی خانەکە، دەکرێ وەک شوێنێکی مێژوویی و کولتوری و گەشتیاری سوودی لێ وەربگیرێ، دەروازەیەکی باشیش دەبێ بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی شارەکانی دیکەی

کوردستان، هەروەها دەتوانرێت بکرێتە ناوەندێکی بازرگانی سەنتەری فرۆشتن.

لای خۆیەوە، سەرکەوت سۆفی لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، دەڵێت: "خانی گەورە، موڵکی بنەماڵەی غەفووریییەکانە، فەرمانگەی شوێنەواری کۆیەش لە ساڵی ٢٠١٣ەوە سەرقاڵی ئەو خانەیە و ساڵی ٢٠١٤ بڕە گوژمەی نۆژەنکردنەوە و کرێی کڕینەوەی خانەکە تەرخانکرا، بەڵام بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی پارەکە خەرج نەکرا."

لە درێژەی قسەکانیدا لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، وتیشی: "لە سنووری قەزای کۆیە، دوو خان و حەفتا خانووی کەلەپووریمان هەیە، لەو نێوەدا چوار خانووی کەلەپووری موڵکی گشتییە، لەو چوار خانووە سێ خانوویان نۆژەنکراوەتەوە و لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیەیە. ئێمە بە بەردەوامی هەوڵمانداوە و هەموو ڕێگایەکمان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو خانە نۆژەن بکرێتەوە. هەڵبەت تەنیا ئەم خانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە نییە، بەڵکوو ژمارەیەک شوێنی دیکەی مێژوویی و کولتووری لە سنوورەکەماندا هەیە، کە پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی شوناس و ناسنامەی ناوچەکە بە زیندوویی بمێنێتەوە."

ئەگەرچی بەشێکی خانەکە ڕووخاوە، بەڵام سەرکەوت سۆفی باوەڕی وایە "کە بەشەکانی دیکەی خان شیمانەی ڕووخانی لێ ناکرێ، ئەگەر لە بارودۆخێکی جیاواز و نەخوازراویشدا ڕووخانی بەدوادابێ دەسەڵاتمان نییە، چونکە قەیرانی دارایی بەسەر تەواوی سێکتەرە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا باڵادەستە."

فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، دیزاین و هێڵکاری تایبەتیان بۆ خانی گەورە کردووە و دەیانەوێ بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش لەسەر بنەمای ڕەسەنی خانەکە نۆژەنی بکەنەوە و هاوشێوەی خانە پێشکەوتووەکانی سەردەمی عوسمانی لێ بکەن، بە تایبەتی خانەکانی باکوری کوردستان، بەم شێوەیە دەبێتە ناوەندێکی گەورە و بازارێکی مۆدێرن.

لە سنووری قەزای کۆیە، سەد و هەشتا شوێنی شوێنەواری هەیە، گرینگترینیان ئەمانەن: خانی گەورە، قشڵەی کۆیە، قەڵای شیلە، قەڵای ساتوقەڵا، قەڵای بۆگد و چوار تاقان.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتۆر جەمال، کە شارەزایی لە بارەی کۆیە و مێژووەکەی هەیە وتیشی: "خانی گەورە، بەشێکە لە کولتوور و شوناس و مێژووی کۆیە، بوونی ئەو خانە بەو فراوانییە دەرخەری زیندوویەتی ئەو شارەیە، لەبەر ئەوە

پێویستە ئەو شوێنە مێژووییە و تەواوی شوێنە مێژووییەکانی دیکەی سنووری قەزای کۆیە نۆژەن بکرێتەوە. بە مەرجێک لە سەر هەمان دیزاین و شێوازی خۆی بێ، بۆ ئەوەی دیزاینە ڕەسەنەکەی خۆی لەدەست نەدا و بەهای مێژوویی بمێنێت."

## دوو سەدە لەمەوبەر بازاڕی قەیسەری لە کۆیە دروست کراوە[1]

کۆیە، یەکێکە لە شارە دێرین و مێژووییەکانی کوردستانە، ئەمەش بە گەواهیدانی مێژوو و مێژوونووسان، لە لایەکی دیکەوە بە شاری بەیەکەوە ژیان و فرە کلتوری و ئاینی ناسراوە و هەڵگری پەیامی بەیەکەوە ژیان و کولتوری تایبەتییە. دانیشتووانی ئەم شارە هاوشانی ڕەوتی شارستانیەت و گەشەسەندن پەرەی سەندووە و ١٧٩ ساڵ لەمەوبەر قەیسەری تایبەتیان بە کەلوپەلەکان دروست کردووە و مامەڵەیان لە نێودا کردووە.

لە نێو بازاری شاری کۆیەدا، دوو قەیسەری بوونی هەیە، کە بە قەیسەری کۆن و قەیسەری نوێ ناسراوە، کە ساڵی ١٩٩٩ هەردوو قەیسەرییەکە نۆژەنکراوەتنەوە. ئەم بازاڕانە سیما و تایبەتمەندی جیاواز و سەرنج ڕاکێشیان هەیە.

### قەیسەری کۆن

قەیسەری کۆن، ساڵی ١٨٤٠ لە لایەن بەکر ئاغای حەوێزی بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دروست کراوە. ئەو

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (تایبەت) لە لاپەڕە ١٨ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٨٢، چوارشەممە، ١٥ی ئایاری ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

قەیسەرییە، ٤٠ دوکانی بچووک و ٣ دەرگای لەخۆگرتووە و بە ١٠ گونبەتی پەنجەرەدار داپۆشراوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەنجەرەکانەوە ڕووناکی بە دوکانەکان بگات. لە پێشوودا و تەنانەت لە ئێستاشدا دووکانەکانی ئەم قەیسەرییە بۆ پیشەی بەرگدروو و پینەدۆزی و چاککردنەوەی ئامێرەکانی دەنگی بەکارهاتوون.

لەبارەی قەیسەری کۆن، دوکتۆر دەریا حەوێزی، کەسایەتی دیاری حەوێزییەکان وتی: "بوونی قەیسەری کۆن لە نێو شاری کۆیە، بۆ زیندوویی ئەم شارە و گرینگی بازرگانی سنوورەکە دەگەڕێتەوە، چونکە کۆیە لە نێوان سێ پارێزگای گەورەی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک هەڵکەوتووە، بنەماڵەی حەوێزییەکانیش بە درێژایی مێژوو هەوڵی خزمەتکردنیان داوە، لەم نێوەندەشدا ئەم قەیسەرییەیان دروست کردووە، ئەمەش بە ئامانجی هاندانی کارکردن و هێنانی بازرگانی بۆ ناوچەکە."

دەریا حەوێزی، کە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زانکۆی کۆیە، زیاتر وتی: "کاتی خۆی حەوێزییەکان و بەتایبەتی بەکر ئاغای حەوێزی هەوڵیداوە بە جوانترین شێواز قەیسەری دروست بکات، بۆ ئەو مەبەستەش وەستای بەتوانا و لێهاتوو و شارەزای لە مووسڵ و حەلەبەوە هێناوە،

بە شێوەیەکی هونەری زۆر جوان دروستیان کردووە، ئەمەش بە بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی ئەم شارە دادەنرێ، بە خۆشحاڵیشەوە لە کاتی نۆژەن کردنەوەی ڕەچاوی بنەما ڕەسەنییەکەی خۆی کرا و لەسەر هەمان شێوە نۆژەنکرایەوە."

داماو، یەکێکە لەو کەسانەی دووکانی بەرگدرووی لە نێو قەیسەری کۆن هەیە، ئەو دەڵێ: "ماوەی چەند ساڵێکە دووکانی بەرگدرووم لە نێو ئەو قەیسەرییەدا هەیە. لە ڕاستیدا ئەو قەیسەرییە لە بازاری گشتی جیاوازە، چونکە بە شێوەیەکی جیاواز و دیزاین و شێوازێکی جوان دروست کراوە، ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی گەشتیار، بە بەردەوامی گەشتیاری دەرەوەی کۆیە و تەنانەت گەشتیاری بیانی سەردانی ئەو بازارە دەکەن و وێنەی یادەوەری لە نێودا دەگرن، بە وردی لە دووکان و دەرگای دووکان و گونبەتەکان دەڕوانن. بە لایانەوە شتێکی نامۆ و جیاواز و سەرنج ڕاکێش و دەگمەنە، لە ڕوخساریان بۆت دەردەکەوێ کە چێژیان وەگرتووە، دواجار و بەر لەوەی بڕۆن لە چاپخانەکەی ئەم قەیسەرییە لادەدەن و چاییەکی کۆییانە دەخۆنەوە، ئەوسا دەڕۆن."

ئەو بەرگدرووە زیاتر دەڵێ: "لە پێشوودا ئەو بازارە وەک بازارێکی لاچەپ و لاوەکی بوو، چونکە هەموو دووکانەکان

کرابوونە کۆگای دووکانە گەورەکانی نێو بازاڕی گەورە، بەڵام چەند ساڵێکە ئەو بازاڕە ئاوەدان کراوەتەوە و زۆربەی دووکانەکانی کراون بە دووکانی بەرگدروو و چاککردنەوەی ئامێرەکانی دەنگی، لەبەر ئەوەشە کە زیاتر پیاوان سەردانی ئەو بازاڕە دەکەن و کەمتر خانمان بەرچاو دەکەون."

## قیسەری نوێ

قەیسەری نوێ، ٦٤ ساڵ لە دوای دروست کردنی قەیسەری کۆن دروست کراوە، واتە: ساڵی ١٩٠٤ لە لایەن حەمەئاغای غەفوورییەوە بنیات نراوە و بە گەورەترین قەیسەری کۆیە دادەنرێ، ٧٢ دووکان و ٥ دەرگا لەخۆدەگرێ و ٢١ گونبەتی پەنجەرەداری لەسەرە، لە پێشوودا دووکانەکانی ئەم قەیسەرییە بۆ جلوبەرگ و فرۆشتنی ئامێرە کارەباییەکان بەکارهاتوون، بەڵام دواجار کرا بە بازاڕی زێڕنگران و تەواوی زێڕ فرۆشان لەوێ بوون. بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە زۆربەی دووکانەکان چۆڵکراون.

لە بارەی قەیسەری نوێ، ئالان غەفووری، کەسایەتی ئەکادیمی غەفوورییەکان وتی: "لە ڕابردوودا و لە دوای دروست کردنی قەیسەری کۆن و بە هۆی ستراتیژییەتی شاری کۆیەوە،

قەیسەری نوێ لە لایەن حەمەئاغای کۆیی دروست کرا، ئەمەش وەکوو زیاتر گەشەسەندن و فراوان کردنی شار و بازاڕ بەتایبەتی، دروست کردنی ئەو قەیسەرییە لەو سەردەمەدا گرنگی و بەها و سەنگی تایبەتی هەبوو."

ئالان غەفووری، مامۆستای زانکۆی کۆیەیە و نامەی ماستەرەکەی لە بارەی کۆیەوە بووە، بە ناونیشانی: (بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە)، زیاتر وتی: "لە ئێستادا ئەو بازاڕە وەک پاشماوە و شوێنەوار سەیر دەکرێ و بە بەشێک لە سیمبولی کۆیە ئەژمار دەکرێ، لە پێشوودا بەشێک لە جوولەکەکان بازرگانییان تێدا کردووە. لە لایەکی دیکەوە ئەم بازاڕە هەڵگری کۆمەڵی نازناوی پیشەییە، بۆ نموونە: پیشەوەری کورتاندروو و دارتاشی و ...هتد، چونکە لە پێشوودا ئەو جۆرە کارانەی لێ ئەنجام دراوە، لە ئەنجامدا بووە بە نازناو و ناسینی خەڵکەکە."

شاکێو شەفیق، یەکێکە لەو دووکاندارانەیە کە لە ماوەی پێشوودا دووکانی زێڕ فرۆشی لە نێو قەیسەری نوێدا هەبوو، بەڵام زیاتر لە سێ ساڵە قەیسەری نوێی جێهێشتووە و لە نێو بازاڕی گەورە دووکانی کردووەتەوە، لە بارەی قەیسەری نوێ دەڵێ: "لە دوای نۆژەن کردنەوەی قەیسەری نوێ، تەواوی زێڕنگرانی کۆیەیان لە نێو ئەو قەیسەرییە جێگیرکرد، بەڵام لە

دوای چەند ساڵێک زێڕنگران ئەو قەیسەرییەیان چۆڵ کرد، چونکە بە شوێنێکی لاچەپیان دەزانی، لە ئێستاشدا ئەو قەیسەرییە بووە بە شوێنی فڕێدانی پاشماوە و زبڵ و خاشاک، ئێستاش بەشێکی دووکانەکان داخراون و کەسی تێدا نییە، بەشێکی دیکە کراون بە کۆگا، هەروەها چەند دووکانێکی کەم بەرگدروو و چاپخانەی تێدایە."

## مزگەوتی گەورە، مێژووی مەلا و کەسایەتییە ئایینییەکان[(١)]

مزگەوتی گەورە، ناوەندێکی فراوان و گەورەی پێگەیاندنی مەلا و کەسایەتییە ئاینییەکانە، کە بەشێوەیەکی هونەری جوان و سەرنج ڕاکێش لەسەر شێوەی ماڵی خودا دروست کراوە، بە درێژایی مێژووی مزگەوتەکە سەدان مەلای ئاینیی لەسەر دەستی مەلا دیارەکانی نێو مزگەوت مۆڵەتی مەلایەتیان وەرگرتووە، لە ئێستاشدا بە گەورەترین مزگەوتی شار ئەژمار دەکرێ و هەمیشە جمەی دێ لە خەڵک.

دوکتۆر جەواد فەقێ عەلی، شارەزای مێژوویی خوێندنی ئاینی کۆیە و مزگەوتەکان وتی: "مزگەوتی گەورە لە شاری کۆیە، یەکێکە لە مزگەوتە مێژوویی و کولتوری و شوێنەوارییە گرنگەکانی کوردستان، کە ساڵی ١٨٤٠ لە لایەن حاجی مەلا بەکر ئاغای حەوێزی دروستکراوە، لە دروستکردنی هەوڵیداوە بە دیزاین و شێوە هونەرییەکی زۆر جوان دروستی بکات، تەنانەت لە مووسڵ و حەلەبەوە مەڕمەڕ و باش وەستای بۆ هێناوە، ماوەی یەک ساڵ خەریکی بڕین و ئامادەکردنی مەڕمەڕەکان

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (تایبەت) لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٧٤، چوارشەممە، ٦ی ئازاری ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

بوونە. ساڵی دووەم دەستیان بە دروست کردنی مزگەوتەکە کردووە، دیزاینی مزگەوتەکە لە سەر شێوەی ماڵی خودا (کەعبە)یە. دەکرێ بڵێین ئەو مزگەوتە یەکێکە لە جوانترین دەستکەوتەکانی میللەتی کورد، لە بواری شارستانیەت و بیناکاری."

دوکتۆر جەواد، پتر لە بارەی کەسایەتییە ئایینییەکان دەنووسێت و ئێستا پلەی پرۆفیسۆرە و لە زانکۆی کۆیە مامۆستایە، زیاتر وتی: "پێش دروستکردنی مزگەوتی گەورە، مزگەوتی کۆنەجومعە لە کۆیە وتاری ڕۆژانی هەینی لێدەدرا، بەڵام لە دوای تەواوکردن و دروستکردنی مزگەوتەکە، مزگەوتی مزگەوتی کۆنەجومعە بووە مزگەوتێکی لاچەپوو و تەواوی نوێژخوێنان ڕوویان لە مزگەوتی گەورە کرد، یەکەم مەلای مزگەوت مەلا مەحموودی دەربەندی بوو، کە خزمایەتی لەگەڵ حاجی مەلا بەکر ئاغای حەوێزی هەبوو، دواتر حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە بووە وتارخوێن، لە دوای ئەو مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و پاشان مەلا محەممەدی جەلیزادە، واتە: مەلای گەورە وتارخوێن بوو، لە سەردەمی ئەو گڕوتین و درەوشانەوەیەکی جیاواز بە مزگەوتەکەوە دیار بوو، لە دوای مەلای گەورە، شێخ نورەدینی برای دەکرێتە مەلای مزگەوتی

گەورە، دواتر مەلا مەعسووم هەورامی، مەلا ئەحمەد بالیسانی، مەلا عەلی تۆفیق، مەلا ساڵح عەسکەری، مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، مەلا جەمال کوێخا تەها، مەلا چەتۆ و مەلا عەلی، وتارخوێن و پێش نوێژی مزگەوتی گەورە بوون. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو لە سەرجەم بۆنە و مەراسیمە دینییەکان مەلا سلێمان تەکەڵتویی بەرچاو دەکەوێ کە دەنگی خۆشە و لای تەواوی خەڵکی شار ناسراوە."

دوکتور جەواد، ماستەرنامەکەی لە بارەی (مەلای گەورە) نووسیوە و تەواو ڕۆچۆتە نێو مێژووی ئاینیی و حوجرە و تەکییەکان، لە بارەی مزگەوتی گەورە زیاتر دەڵێت: "هەمیشە گەورە پیاوان و شارەزا و بەتوانایانی ئاینیی پێشەوایەتی ئەو مزگەوتەیان کردووە و بەبەردەوامی وانەی ئاینی تێدا خوێندراوە و حوجرە و فەقێی زۆری هەبووە و خوێندنی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووە و لە تەواوی شارەکانی کوردستانەوە فەقێ ڕووی تێکردووە."

پێکهاتەی مزگەوتی گەورە بەم شێوەیەیە: هۆڵی گەورەی مزگەوت شەش سەد مەترە و گونبەتێکی گەورە و ١٢ گونبەتی بچووکی تێدایە، هەروەها دە هۆڵی بچووکتری لەخۆگرتووە، لە پێشوودا هۆڵێکیان بۆ مامۆستای ئاینیی و هۆڵێکی دی بۆ پێش

نـویژ و هەشـت هـۆڵەکەی دیـکە بـۆ فەقێـی نێـو حوجرەکـان تەرخانکراوە.

مـەلای هـێمن، پێشـتر بـۆ ماوەیـەک پێشـنوێژ و وتـارخوێنی مزگـەوتی گـەورە بـووە، لـە بـارەی مزگـەوتی گـەورە دەڵێـت: "نووسینەوەی مێژووی کۆیە، بە بێ باسکردنی مزگەوتی گەورە، نووسـینێکی تـەواو و پێگەیشـتوو نییـە، چونکـە مزگـەوتی گـەورە، مەڵبەنـدێکی گـەورەی زانسـت و زانیـاری بـووە و دەروازە و ناوەندێکی فراوانی پێگەیاندنی هاونیشتیمانیان بووە. مامۆستایانی ئـاینیی خزمـەتی زۆریـان لێکـردووە و مێژووێکـی پـڕ خێـر و بەرەکەتیان بۆ دروست کردووە، بەتایبەتی مەلای گەورە، یەکێک بووە لەو سەرۆک مەڵبەندانەی کە مەدرەسەی گەورە و جوان و بەپێز و گرینگی دامەزراندووە و چڵە پۆپەی زانست و زانیاری بڵاوکردووەتـەوە و پـەڕیوە بـۆ دێهاتـەکانی دەشـتی کۆیـە و شـارەکانی دەوروبـەر و تەنانـەت بەشـێک لـە پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان. بەشـێک لـەو کەسـانەی لێـرە خوێندوویانـە، ئێسـتا هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆران، هاوکات کۆمەڵێ فـەقێی نێو ئەو مزگەوتە و پەروەردەی ئێرە، لە مینبەرەکانی کوردسـتان دەبینرێن."

مەلا هـێمن، کـە ئێسـتا پێشـنوێژ و وتـارخوێنی مزگەوتـی مەدینـە لـە ئـازادی‌یـە، وتیشـی: "مزگـەوتی گـەورە، جـوانترین نموونـەی مێژووییـە، سـیمای سـەردەمی پێشـووی پێوەدیـارە، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێ، لە هەموو شوێن و جێگایەک باس باسـی مزگـەوتی گـەورەی کۆیەیـە، بـە شـتێکی نایـاب و جـوانی وەسف دەکەن، ئەمەش شانازییە بۆ خەڵکی کۆیە و مامۆستایانی ئاینیی سنوورەکە. هەڵبەت مزگەوتی گەورە، ناوەندێکی گەورە و باشە بۆ کۆبوونـەوەی تـەواوی مامۆسـتایانی ئاینی و ڕۆژانـە لـە نێو مزگەوت یەکدی دەبینن و باسوخواسەکان تاوتوێ دەکەن."

لـە دوای دوو سـاڵ لـە دروسـت کردنـی مزگـەوتی گـەورە، لە لایەن مـەلا ڕەسووڵ ناوێکـەوە، نـاوی هـەر چوار خەلیفەکەی ڕاشـیدین (ئەبوبـەکر و عومـەر و عوسـمان و عـەلی) لـە سـەر دیواری هۆڵی گەورەی مزگەوت دەنووسرێ و تا ئێستاش ئەو نووسینە ماوە.

لـە هەمبـەر مزگەوتەکـە و سـەردانیکەرانی و نوێژخوێنـان، هەڵمەت عوسمان، کە نوێژ خوێنێکی نێو مزگەوتـی گەورەیـە و دەڵێ: "لەبەر ئەوەی دووکانم لە نێو بازاڕی شارە، لە نزیکەوە ئاگاداری مزگەوتم. دیارە مزگەوتی گەورە کەوتۆتـە نێو چەقی شـاری کۆیـە، ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی بـە بـەردەوامی

نوێژخوێنان سەردانی بکەن و پەرستن و پاڕانەوەکانیان لەوێ ئەنجام بدەن. ڕۆژانە و لە کاتی هەر پێنج ڕکاتەکەی نوێژ مزگەوت جمەی دێ و پڕ دەبێ لە نوێژخوێن، لە ڕۆژانی هەینی خەڵکی زیاتری بۆ دەچێ و لە تەواوی شارەوە خەڵک بۆی دێ. هەروەها کۆکەرەوەی سەرجەم چین و توێژەکانی شاری کۆیەیە، چونکە زۆربەی هاوڕێ و دۆستان مزگەوتی گەورە دیاری دەکەن بۆ شوێنی یەکتر بینین."

ئەو نوێژخوێنەی کۆیە، ڕۆژانە چەندین جار سەردانی مزگەوتی گەورە دەکا و دووکانەکەی لە بەرانبەر دەرگای مزگەوتە، زیاتر وتی: "لەبەر ئەوەی ئەو مزگەوتە مێژووییەکی کۆنی هەیە، لە زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان و تەنانەت خەڵکی وڵاتانی دیکەش سەردانی دەکەن، بەتایبەت کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوو پارچەکەی دیکەی کوردستان، تەنانەت وەک شوێنێکی مێژوویی و ئاسەوارێکی شارەکەش سەیر دەکرێ."

بە درێژایی مێژووی ١٨٠ ساڵی ئەو مزگەوتە، تەنیا دوو جار نۆژەن کراوەتەوە، جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٩ و جاری دووەم ساڵی ٢٠٠٩ مزگەوتی گەورە بە هەمان شێوە و دیزاین نۆژەن کراوەتەوە.

## سمكۆ ئوتووچی ٦٣ ساڵە جلوبەرگی هاووڵاتییان ئووتی دەکات[1]

ئەو کەسانەی بە شێوەی پشتاو پشت کار دەکەن، یا بە درێژایی تەمەن بەرەو و بەردەوامی بەکارەکەیان دەدەن، کەسانێکی ناسراون و لە ژمارەدا کەمن، وەستا سمکۆی ئووتیچی یەکێکە لەو کەسانەی زیاتر لە ٦٣ ساڵە خەریکی ئووتی کردنی جلوبەرگی هاووڵاتییانی شاری کۆیەیە. لە ماوەی تەمەنی کارکردنیشیدا جلی هەریەک لە بەڕێزان مەلا مستەفا و جەلال تاڵەبانی ئووتی کردووە.

لە دەستەڕاستی کۆتایی شەقامی گشتی ناو بازاری کۆیە دوکانێکی زۆر بچوک و دێرین بەرچاودەکەوێ، لای هاووڵاتییان ڕوون و ئاشکرایە ئەمە دوکانی وەستا سمکۆیە و بە درێژایی تەمەنی جلوبەرگی لێ ئووتی دەکرێ. سمکۆ تەها، خاوەنی دووکانەکە کەسێکی تەمەن هەڵکشاوە، ئەو ساڵی ١٩٣٥ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و لە تەمەنی ٢١ ساڵییەوە دووکانی ئووتی لە شاری کۆیە کردووەتەوە، لەو کاتەی ئەو دەستی کردووە بە کار کردن لە شاری کۆیە تەنیا یەک دووکانی ئووتی کردن هاوشێوەی دووکانەکەی هەبووە، وەلێ وەستا سمکۆ لەچاو

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی باس بڵاوکراوەتەوە.

دوکانەکانی دیکە زیاتر کاری کردووە. ئەگەرچی لە ئێستا نزیکەی پازدە دووکانی مەکوای هەڵمی لەشارەکە بوونی هەیە، بەڵام وەستا سمکۆ بە هەمان شێوەی پێشوو درێژەی بە ئووتی بچوکی دەستی داوە و جلی پێ ئووتی دەکا.

وەستا سمکۆ، کەسێکی باڵا بەرزی پێست ئەسمەری باریکەلەیە، لە شێوەی جەستەی سمێلێکی باریکی داناوە و هەمیشە سمێڵ و پرچی بە ڕەشی دەردەکەوێ و کڵاوێکی لەسەردایە، بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی ئیش کردندا تەنیا کراس و شەرواڵێکی لەبەردایە.

وەستا سمکۆ لە بارەی خۆیەوە دەدوێ و دەڵێت: "پێش لەدایکبوونم باوکم خەریکی ئووتی کردنی جلوبەرگی هاووڵاتییان بووە، زیاتر لە ٣٠ ساڵ کاری ئووتی کردنی جلوبەرگی هاووڵاتییان بووە، منیش هاوشێوەی باوکم بڕیارمدا ئەو کارە بکەم، بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ٢١ ساڵی و لە ساڵی ١٩٥٦ دووکانم کردەوە و دەستم بە ئووتی کردنی جلی هاووڵاتییان کرد. سەرەتای کارکردن تا ڕادەیەک ئەستەم بوو، بەڵام لە دوای ماوەیەک کار کردن زۆر دڵخۆش و خۆشحاڵ بووم و درێژەم بە کارەکەمدا و ئێستاش بەردەوامم."

وەستا سمکۆ، دەڵێ: "لە سەردەمانی کۆندا ئووتی کارەبایی نەبوو، چونکە کارەبا نەبوو، بەڵکوو بە ئووتی خەڵوز کارم دەکرد، تا ئێستاش ئووتی خەڵوزییەکەم وەک یادگاری هەڵگرتووە، بەڵام بەکاری ناهێنم، چونکە ئەرکی قورسە. بەڵکوو ئووتی دەستی بچوک و قورس بەکاردەهێنم، هەرچەندە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی کوردستان مەکوای هەڵمی بۆ ئووتی کردنی جلوبەرگ بەکاردەهێنرێ، کەچی من نەمتوانیوە دەستبەرداری ئووتییە بچوکەکەم بم. لە کوردستان تەنیا من کار بە ئووتی دەستی دەکەم و بە شێوەیەکی باش کارەکانمی پێ ئەنجام دەدەم."

وەستا سمکۆ، لە بارەی نرخی ئەوسا و ئێستای ئووتی کردنی جلوبەرگ دەڵێ: "لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، زۆرینەی خەڵک جلی کوردیان بۆ ئووتی کردن دەهێنا، ئەو کاتە لەپای ئووتی کردنی هەر قاتێکی کوردی درهەمێکم پاداشت وەردەگرت و کراسیشم بە ١٠ فلس ئووتی دەکرد، ئێستاش قاتی کوردی بە سێ هەزار دینار و کراسیش بە هەزار دینار ئووتی دەکەم، بە شەش یا حەوت هەزار دیناریش قاتی شاڵی کوردی (کر) ئووتی دەکەم، ئەو کەسانەشی جلوبەرگ و پۆشاک بۆ ئووتی کردن دێنن، لە هەموو چین و توێژ و تەمەنێکن.

وەستا سمکۆ، لە ماوەی ژیانی کارکردنیدا جلی بەشێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستانی ئووتی کردووە، بۆ نموونە: جلی مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تاڵەبانی، لەم بارەیەوە وتی: "ساڵی ١٩٦٣ پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە کۆنگرەی بەست، مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی هاتبوونە کۆیە و لە ماڵی کاکەزیادی کۆیی میوان بوون، ئەو کاتەی مەلا مستەفا لە کۆیە بوو، کەسێک هاتە لام و وتی: ئەم کۆتە کۆتی مەلا مستەفایە و زۆر بە جوانی ئووتی بکە، لە دوای ئووتی کردنی کۆتەکەی پێنج درهەمیان پاداشت پێمدا و جلەکەیان بۆ بردەوە. لە هەمان ڕۆژدا کەسێکی دیکە هاتە لام و وتی: ئەم پۆشاکانە جلوبەرگی مام جەلال تاڵەبانییە، بە جوانی بۆمان ئووتی بکە، لە دوای ئووتی کردنی جلوبەرگەکان دوو درهەمیان پاداشت پێمدا."

وەستا سمکۆ، لە ماوەی تەمەنی ئووتی کردنی جلوبەرگی هاووڵاتییان، چەند جارێک بە هۆی سووتانی جلوبەرگەوە ڕووبەڕووی ترس و دڵەڕاوکێ بووەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ڕۆژێکی تەمەنی کارکردنم، بە مەبەستی ئووتی کردنی جلوبەرگەکانی فەرماندارێکی سەربازی بەعسی سەردانی دووکانەکەی کردم و جلەکانی جێهێشت و وتی: دوای ماوەیەکی

دی دەگەڕێمەوە، لە چانسی خۆمدا لە کاتی ئوتی کردنی بەشێکی جلی فەرماندارە سەربازییەکە جلەکەی سووتا، کاتێک سووتانی جلەکەیم بینی، لە پەلوپۆ کەوتم و دڵم تۆقی، هاوار بە ماڵم چی بکەم؟ ئەو سەربازە بگەڕێتەوە و ئەم سووتانە ببینێ لێمدەدا، یا دەمبا، بە نیگەرانی و دڵتەنگییەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەربازەکە بووم، لە دوای تاوێ بە زەردەخەنەوە بەدیارکەوت و داوای جلوبەرگەکەی کردەوە، بە نیگەرانییەوە جلەکانیم پێدایەوە و ١٥ فلوسی پاداشت پێمدا، هەرچەند زۆرم وت: پارەم ناوێ، بەڵام قبوڵی نەکرد و ڕۆیشت، هێندەی نەبرد بە دیار کەوتەوە، کە بینیم خەریک بوو زراوم بڕژێ، زۆر ترسام، بە عەرەبی وتی: بۆ جلەکەمت سوتاندووە؟ منیش وتم: سووتای چی؟ من نەمسووتاندووە، لەوەیە لە نزیک سوپای دار دانیشتبی یاخود لە ئاگر نزیک بووبێتییەوە، بەڵام ئەو باوەڕی نەکرد و وتی: ڕاستیم پێ بڵێ ئەگەر تۆ سوتاندووتە کێشە نییە، دڵنیابە ئازارت نادەم، منیش وتم: ئەگەر لای من سوتابێ، بە مەبەست نەمسووتاندووە و لەدەستم سووتاوە، ئەگەر نا لە دەرەوە وای لێهاتووە. ئیدی نازانم چۆن بوو لە کۆڵم بووەوە و ڕۆیشت، هەتا ماوەیەکی زۆر هەر دەترسام ڕۆژێ بەدیار بکەوێ و تۆڵەم لێ بکاتەوە."

وەستا سمکۆ، ڕۆژانە بەپیادەڕەوی لە ماڵەوە بەرەو دووکان دەڕوا و لای نیوەڕۆیانیش بەپیادە ڕووەو ماڵ دەگەڕێتەوە، دوای نیوەڕۆیانیش بە هەمان شێوە بەپێ دێ و دەڕوا، ئامادە نییە بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ بکا، ئەمەش بە هۆکاری باشی تەندروستی دەزانێ.

لە کۆتاییدا وەستا سمکۆ دەڵێت: "جێگای خۆشحاڵییە تا ئێستا لە کارەکەم ماندوو نەبووم، بەڵێنیشمداوە تا ئەو کاتەی تەندروستیم باش و گونجاو بێ هاوشێوەی ڕابردوو درێژە بە کارەکەم دەدەم و گەنجان پۆشتە و جوان دەکەم."

## جەمال کەریم ٥٤ ساڵە قژی خەڵک چاک دەکا[١]

خەریکی قژ کورتکردنەوەی مامۆستا ڕۆستەم محەممەدی تەمەندار بوو، بە ئای زەمانەوە، دەستی بە قسەکردن کرد و وتی: "ڕۆژگاری تاڵ و شیرین، خۆش و ناخۆش، جوان و ناشرینی زۆرمان وەرێکرد، ڕۆژگاری برسیەتی و تینویێتی، تاڵ و شیرین، خۆش و ناخۆش، باش و خراپ، جوان و ناشرینی زۆرمان وەرێکرد، ژیان پریەتی لە دەردەسەری و مەرگەساتی و نەهامەتی و ناخۆشی، ژیان هاوشێوەی گردەڵۆکە و چیا و دەشت و شیو و بان وایە، بەردەوام بەرزی و نزمی تێدایە."

"تەنیا، بیست و یەک بەهاری تەمەنم وەرێکردبوو، بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیان و وەدەست خستنی داهاتێکی سەربەخۆ و ئازادانە، سەردانی وەستای باقی سەرتراشم کرد، تا دەرفەتی کارکردنم پێبدات و بەیەکەوە هاوپیشە و هاوکاربین. لە دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کار کردن، وەک بەردەست و دواتر وەستا و دواجار باش وەستا، بۆ ماوەی هەژدە ساڵ بەیەکەوە لە دوکانێکی نێو شاری کۆیە، کارماندەکرد، پەیوەندیمان لە

(١) ئەم بابەتە لە ڕێککەوتی ٦ی ئابی ٢٠١٧ لە ماڵپەڕی وشە بڵاوکراوەتەوە.

ئاستێکی زۆر باڵادابوو، تەواو گیرۆدەی یەکدی بووبووین، لە ماوەی هەژدە ساڵی تەمەنم، زۆرترین کاتەکانم لەگەڵ وەستا باقی بەسەردەبرد، کە پیشەی سەرتراشین بەیەکی بەستبووینەوە. بە کوڕ و باوک، بانگیان دەکردین، لای من دەیانوت: ئەی وەستای باقی باوکت؟ لای وەستا باقی دەیانوت: وەستا جەمالی کوڕت لەکوێیە؟"

لە دوای هەژدە ساڵ، جەمالی سەرتراش بڕیار دەدا دوکانێکی سەربەخۆ و بە تەنێ بکاتەوە، بۆ ئەم کارەش وەستا باقی هاوکار و هەماهەنگی باشی دەبێت. ساڵی ١٩٨١ جەمال دەبێتە خاوەن دوکانی خۆی، ئەگەرچی دورکەوتنەوە لە وەستا باقی بۆی سەخت و ناخۆشە، بەڵام باوەڕ و بڕوای وابووە، کە ڕووبەڕووی نەهامەتی و ناخۆشییەکان دەبێتەوە و لەو دووکانە نوێیەوە دەست بەکاردەبێ، بە شێوەیەک شاگرد و کارگوزاریش دادەنێ.

وەستا جەمالی تەمەن حەفتا و پێنج ساڵ، لە کاتی کارکردندا ڕووبەڕووی زۆر کێشە و ناخۆشی بووەتەوە، بە تایبەتی ئەو کاتانەی فەرماندە و بەرپرسانی ڕژێمی بەعس بە مەبەستی قژچاکرنیان بانگهێشتی مەنزومە و مونەزەمە و بنکە و بارەگاکانی بەعسیان دەکرد، لە شاری کۆیە.

له كۆتایی دەستەچەپی شەقامی گشتی ناو بازاڕی كۆیە، دووكانە كۆنەكەی وەستا جەمال بە دیزاین و ستایلی نوێوە دەبینرێ، تەواوی پیاوە تەمەندارەكانی شار دەیناسن و ڕۆژێ لە ڕۆژان، قژیان لای چاككردوە. ئەو ساڵی ١٩٤٢ لە شاری كۆیە لەدایك بووە و ساڵی ١٩٦٣ دەستیكردوە بە چاككردنی قژی خەڵك و ساڵی ١٩٨١ تا ئێستا لە دووكانە ئازاد و سەربەخۆیەكەی خۆی، خەریكی قژچاكردنی هاووڵاتییانە.

بە دەم قژچاكردنی مامۆستا ڕۆستەم، ژمارەیەك پیاوی شیكی تەمەندار، بە پۆشینی جلوبەرگی ئووتی كراو و پاكوتەمیز، سڵاو و چاكوچۆنیان دەگەڵ وەستا جەمال دەكرد و دەیان فەرموو: "كەی نۆبەتی قژ چاكردنمان دێ؟" هەڵبەت موشتەرییەكانی كەمتر گەنج و لاو و تازە پێگەیشتوو بوون.

موشتەرییەكانی وەستا جەمال، تەنیا لە شاری كۆیە نیشتەجێ نین، چونكە لە شاری هەولێر و سلێمانی موشتەری كۆن و هاوڕێی سەردەمی گەنجی هەیە، كە زوو زوو سەردانی دەكەن و خۆیان قۆز و سپی و جوان دەكەنەوە. ئەمە دڵخۆشی و گەشی بە وەستا جەمال دەدا و فاكتەرێكی گرنگە بۆ بەردەوامیدان بە كارەكەی و بەسەربەرزی و دڵشادی ناوی

دەهێنێ و مانەوەی خۆی وابەستە بە موشتەرییە کۆنەکانییەوە کردووە.

ئەو بیرەوەرییانەی لە یادگەی جەمالی سەرتراش ماوە، زیاتر بیرەوەری ناخۆش و ئاریشەکانە، بەتایبەتی کار کردنی لە سەردەمی بەعس، بەدەم پێکەنینەوە، دەیوت: "بە سێ جار قژی هاووڵاتییەکم چاکرد. بە ڕاستی کار کردن لە سەردەمی بەعس، زۆر دژوار و ناخۆش بوو، ئای تەمەنداری چۆن یادگەی کز کردووم، نێوی ئەو هاووڵاتییەم وەبیر نەماوە، کاتێک خەریکی قژچاکردنی بووم، دەنگۆی کوژرانی مفەوەزێکی بەعس وەک کێچی نێو جەستە، بە هەموو شاردا بڵاوبۆوە و شار خڕۆشا، چەکدار و بەرپرسانی ڕژێمی بەعس بڵاوبوونەوە و کەس بە کەس نەبوو، هەمووان بە پەلەپروزە و ڕاکە ڕاک ڕۆیشتن، کەس لەو ناوە نەما، کاکی دانیشتوو لە سەر کورسی کە سێ بەشی قژیم چاکردبوو، بە وتنی دەستەهەڵگرە و بە ڕاکە ڕاکە لەبەرچاوان ونبوو، لە دوای چەند ڕۆژ گەڕایەوە بۆ چاکردنی تەواوی قژی. تەنانەت جاری وا هەبووە، بە هۆی هاتن و هێرشی چەک لە شان و چەک بەدەستەکانی بەعس، بە سێ جار، قژی کەسێکم تراشیوە."

سالانی هەشتا و نەوەدەکان، بڕی یەک درهەم تا پێنج درهەمی لە پای قژچاکردنی هاووڵاتییان دەسەند، لە ئێستاشدا سێ تا دە هەزار دینار دەسەنێ.

جەمالی سەرتراش، جیاوازی جەوهەری و ڕوخساری لە کارکردنی ئێستا و ڕابردوودا دەبینێ. لەم بارەوە دەڵێت: "سەرتراشینی سالانی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکان، لە چاو ئێستا زۆر سەخت و زەحمەتترە بوو، چونکە لە ڕابردوودا ئامێر و مەکینەی پێشکەوتوو و باش کەم بوو، تەنانەت نەبوو. زیاتر و زۆرتر بە مەقەستی دەست قژی هاووڵاتییانم چاک دەکرد، ئەمەش ئازاری زۆری بە پەنجە و دەستەکانم دەگەیاند، بە شێوەیەک خوێن لە دەستم چۆڕاوە. بەڵام، لە ئێستادا بە هۆی ئامێر و مەکینەی کارەبایی باش و پێشکەوتوو، کەمتر ماندوو دەبم."

وەستا جەمال بە هۆی زۆر وەستانی بە پێوە، لە ماوەی پەنجا و چوار ساڵی کارکردندا پێنج جار نەشتەرگەری جومگەی قاچی بۆ کراوە.

لە کاتی گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ وەستا جەمال، مامۆستا ڕۆستەم محەممەد، وەقسە هات و وتی: "خوا لە بان سەرە و ئاگاداری تەواوی کاروکردەوەکانمانە، من گەواهی بۆ وەستا

جەمال دەدەم، کە چەند جوان و بە دڵ و خواستنی هاووڵاتییان قژ چاک دەکا و خۆشەویستی بۆ کارەکەی هەیە، زۆر هێمن و سادە و بەڕێزە. من زیاتر لە سی و پێنج ساڵە لە لای ئەو قژم چاک دەکەم، لە لای ئەو تەواو دڵخۆش و بەختەوەرم."

ئەو سەرتراشە ئەزموونداره، لە پای پاکوخاوێنی دووکان و شوێنی قژچاککردنی دووجار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیەوە پێبەخشراوە. هاوکات، لە لایەن قایمقامیەتی قەزای کۆیەوە، خەڵات و ڕێزلێنانی تایبەتی پێدراوە. لە هەمان کاتدا، بە بەردەوامی لە لایەن لیژنەکانی تەندروستی و سەلامەتی هاووڵاتییان، دەستەخۆشی و سپاسگوزاری ئاراستە کراوە.

## عەلی لە ڕێگەی شووڵە دارەکانی دەستییەوە ئاوی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە[1]

عەلی ئەحمەد، لە ڕێگەی دوو شووڵە داری توو، پەرجوو دەنوێنێ و کاری ئەندازیارانی جیۆلۆجی ژێر زەوی ئەنجام دەدات، بە بێ کەلوپەل و ئامێری پشکنین، ئاوی ژێر زەوی دەدۆزێتەوە و جۆری خاک و قوڵی ئاوەکەی دیاریدەکات، خەڵکی لە مامەڵەکردن و شێوازی کارکردنی ڕازین و بە ڕاستگۆی ناودەبەن و دەڵێن: "قسەکانی لە بارەی دیاریکردنی ئاوی ژێر زەوی سەد لە سەد دروستە."

عەلی ئەحمەد، لە سەر ئەژنۆکانی دانیشتووە، دوو شووڵە داری تووی لە نێو دەستیدایە و بە ئاراستەی زەوی ڕایەڵی کردووە، لە چاوەڕوانی بەرزبوونەوەی شووڵە دارەکاندایە تا بوونی ئاو لە خاکەکەدا دیاری بکات.

ئەو ئەندازیارە خاکییە، سەرگوزەشتە و فێربوون و شێوازی کارکردنی ئاشکرا کرد و بەم شێوەیە هاتە گۆ: "لە سنووری قەزای تەقتەق، چەندین کۆمپانیای بیری نەوتی لێیە، بەڕێوەبەران

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (ئاژانس) لە لاپەڕە ٨ی هەفتەنامەی ئاژانس، ژمارە ٧٩، چوارشەممە، ٧ی ئازاری ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

و ئەندازیارانی نێو ئەو کۆمپانیایە، خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئینگلیز زمانن. ڕۆژێ لە سالانی پێشوو، سەردانی کۆمپانیای نەوتی تەقتەقم کرد، کە سێ ئەندازیاری ئەوروپی لێ بوو، یەکێک لە ئەندازیارەکان، کەمێک زمانی کوردی دەزانی، لە دوای گفتوگۆیەکی کورت، لێی پرسیم چ کارەی و ڕۆژانە بە چییەوە سەرقاڵی؟ لە وەڵامدا وتم: هیچ کارێکم نییە و بێکارم. ئەو ئەندازیارە ڕۆژئاواییە وتی: کارێکی شیاوت فێر دەکەم، ئەویش دۆزینەوەی ئاوی ژێر زەوی و دیاری کردنی قوڵی ئاوەکەیە، تۆ دەتوانی سوود لەو کارە وەرگری، لە بەرانبەردا وتم: خوێندەواریم نییە، لە وەڵامدا وتی کێشە نییە، جۆری خوێنەکەت چییە؟ لەو کاتە بەدواوە، بۆ ماوەی سێ هەفتە سەردانیم دەکرد و کارم لەگەڵ دەکرد، لە بارەی خاک و زەوی و ئاوی ژێر زەوی جیۆلۆجی زانیارم وەرگرت، لە دواتردا وتم: چی دیکە ناگەڕێمەوە ئەم شوێنە، ئەوانیش وتیان دەبێ تاقیکردنەوە بکەیت بزانین چی فێربووی؟ لە سەر زەوییەک لێیان پرسیم، ئەم خاکە ئاوی هەیە، یا نا؟ بە باوەڕی من زەوییەکە ئاودار بوو، بەڵام ئەندازیارەکە بە ئامێری پشکنینی زەوی و جیۆلۆجی سەیری ژێر زەوییەکەی کرد و وتی: ئەم زەوییە هیچی ئاوی نییە، کەواتە هیچ فێرنەبووی."

عەلی ئەحمەد، دەڵێ: "من باوەڕم وا بوو دەتوانم ئاوی ژێر زەوی بدۆزمەوە و تێیدا سەرکەوتووبم، بۆ یەکەم جار لە گوندی تاڵەبانی بچووک، لە ڕێگەی دوو شووڵە داری تووەوە ئاوی ژێر زەویم بە قوڵی شەست مەتر بۆ حاجی سەلیم دۆزییەوە."

لە بــارەی چــۆنیەتی کــارکردن و شــێوازی دۆزیــنەوە و دیاریکردنی زەوییەکە، وتی: "ئەو کەسانەی دەخوازن شوێنێکیان بۆ بدۆزمەوە تا بیری لە نێو لێبدەن و دڵنیابن لە بوونی ئاو لە خـاکەکەدا، لەسـەر ئەژنـۆ دادەنیشـم و دوو شـووڵی دار تـوو بە دەســتەوە دەگــرم، هەر شــووڵێکی دەخەمە نێـو دەســتێکمەوە و کۆتـایی شـووڵە دارەکـان ڕایەڵـی سـەر زەوی دەکەم، وردە وردە بەســـەر زەویــیەکەدا دەڕۆم، تــا دوو شــووڵە دار تووەکــان بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی بەرز دەبـنەوە و لە زەوی جیـادەبنەوە. جیابوونەوەی شووڵە دارەکان لە زەوی، گوزارشتە لە بوونی ئاو لەو شــوێنەدا. لە دوای بەرزبــوونەوەی شـــووڵە دارەکـــان لە زەوییەکە، بە یەک ئەندازە بەرد دەخەمە نێو دەستەکانمەوە، تـا دارەکـان لە ئاسـتێکدا دەوەسـتێ و یەکسـان دەبـێ، لەو کـاتەدا سەیری نێو دەستم دەکەم، بزانم چەند بەردی تێدایە، بوونی هەر بەردێک مانای قووڵی دە مەتری ژێر زەوی دەدا، بۆ وێنە پێنج بەرد لە نێو دەستمدابێ لە پەنجا مەتری ئاو هەیە. دە بەرد لە نێو

دەستمدابێ لە سەد مەتری ئاو هەیە. بەم جۆرە شوێنی ئاوەکە و قووڵی ئاوەکە دیاری دەکەم."

عەلی ئەحمەد، بە دڵنیاییەوە دەڵێ: "بە سەدان ئاوی ژێر زەویم بۆ خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دیاری کردووە و بیریان لە نێو لێداوە و سوودیان لە ئاوەکە وەرگرتووە. بەو مەرجەی گۆهداری من بن، بۆ نموونە: من دەڵێم لە قووڵی سەد مەتر ئاو لەم ناوچەیە هەیە، نابێ بە قووڵی سەد و بیست مەتر بڕۆنە ژێر زەوێ، چونکە لەوانەیە بگاتە ئەشکەوت، یا شوێنێک کە توانای زەخیرە و گڵدانەوەی ئاوی نەمێنێ."

ژمارەیەک لەو کەسانەی کە عەلی ئەحمەد ئاوی ژێر زەوی بۆ دۆزیوەتنەوە و ڕێنمایی و ڕێنیشاندەریان بووە، پشتڕاستی قسەکانی ناوبراو دەکەن و دەڵێن: "کارەکەی عەلی ئەحمەد دروست و ڕاستگۆیانەیە." عومەر محەممەد، دانیشتووی ناحیەی شوانە و عەلی ئەحمەد پێی ڕاگەیاندووە، لە قووڵی سەد و چل مەتر ئاو لە ژێر زەوییەکەیدایە، لە سەر قسەی ئەو، بیری لێداوە و لە قووڵی سەد و سی و هەشت مەتر، ئاو هاتۆتە دەر.

لە بەرانبەردا ئەکادیمیانی زانستی جیۆلۆجی باوەڕیان وایە ئەم کارە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە، هاوکار باپیر هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرا لە زانستی زەویناسی،

ڕایگەیاند: "ئەو کارەی کەسانێک بە دوو شوڵە دارەوە ئاوی ژێر زەوی دەدۆزنـەوە هـیچ بنەمایـەکی زانسـتی نییـە و چاوبەسـتنی خەڵکە، ئەگەر نا دار چ پەیوەندی بە ئاوی ژێر زەوییەوە هەیە؟"

ئەو مامۆستایەی زانکۆی کۆیە وتیشی: "خەڵک کەمتر باوەڕ بـەو کەسـانە دەکـا کـە بـە بـێ ئـامێر شـوێنی ئـاوی ژێـر زەوی دەدۆزنەوە، کابراش لە ئامێر نازانێ، لەبەر ئەوە دوو دار و چەند بەردێک لەگەڵ خۆیدا دەبا و دەڵێ لە قووڵی ئەوەندە مـەترە ئـاو هەیـە. ئەمـەش بـە لەبـەرچاوگرتنی بیرەکـانی دی ناوچـەکهیە، چونکـە زانیـاری لـە سـەر ناوچەکـە هەیـە و ئـەزموونی کـردووە، پرسیار دەکا لەو ناوچەیە بیری دیکە لێدراوە؟ لە کوێیە؟ دواجار نزمتـرین شـوێن هەڵـدەبژێرێ کـە لـە ڕووبـار و جۆگەلـەی ئـاو نزیکە، ئەوسا دەڵێ لەم شوێنە بیر لێ بدەن."

## سەلاحەددین کوتاڵفرۆش ٢٥ ساڵە نەخەوتووە[1]

ڕۆژی ئاسمان بەرەو ئاوابوون دەڕوا، دووکاندارەکان بە دڵخۆشی و شادومانییەوە خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی دووکانن، دەخوازن زوو بگەنەوە نێو خانەوادەکانیان و تاوێ پشوو بدەن و ماندوویەتی جەستەیان بە کۆتا بێ، وەلێ سەلاحەددین ئەمین بە دڵتەنگی و خەمبارییەوە خەریکی کۆکردنەوەی قوماشە ڕەنگ ئاڵوواڵاکانە، چونکە بیست و پێنج ساڵە بە ڕەشبینییەوە دەڕوانی، تروسکایی و ئومێدی نییە، لەبەر ئەوەی خەو لە هەگبەی مانەوە و ژیانیدا نییە.

سەلاحەددین ئەمین، ناسراو بە سەلاحەددین کوتاڵفرۆش، لە بازارە چکۆڵەکەی ناحیەی تەقتەق دووکانێکی مامناوەندی هەیە، بە درێژایی تەمەن بە کوتاڵ فرۆشییەوە خەریک بووە.

سێ خانمی تەمەن سەروو چل ساڵ لە دووکانەکەیدا گوزەر دەکەن و بە دوای قوماشی کودەری ڕەنگی داخراو دەگەڕێن و بە هێمنی و بە ورتە بە یەکدی دەڵێن ئەو تەمەنەمان ڕۆیشت، قوماشی ڕەنگاوڕەنگ بکەین بە لیباس، کەچی سەلاحەددین

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (وشە، تەقتەق) لە لاپەڕە ١٩ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٠٨، چوارشەممە، ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

دەبێژێ: "ئێوە گەنج و جەوانن، هەموو جۆرە ڕەنگ و جۆرە قوماشێکتان لێدێ، سەیری ئەم قوماشە کشمیریانە بکە، چەند نایابە؟"

سەلاحەددین، لە ناوەڕاستی سەددەی بیستەم لە خانەوەدایەکی کەمدەرامەتی گوندی قەمیشەی ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە لەدایکبووە، لە سەرەتای منداڵی و پێگەیشتنی جەستەییەوە لە پێناو بەردەوامی بە ژیان بە کاری جیاوازی دێهاتەوە سەرقاڵ بووە، لە ماوەی کارکردنیشیدا، چەندین جار ڕووبەڕووی ناخۆشی و نەهامەتی بووەتەوە.

بەوتەی خۆی، سەلاحەددین ئەمین بیست و پێنج ساڵە، خەوی لێ نەکەوتووە سەرگوزەشتە و چیرۆکی خەو لێ نەکەوتنەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە: "ساڵی ١٩٧٤ لە بەرزاییەکی نزیک دێهاتەکەمان بەربوومەوە و تووشی پیشت ئێشانی زۆر بووم، وابزانم پشتم شکا، بەڵام بە هۆی خراپی دۆخی دارایی و نەبوونی پارە، سەردانی دوکتۆرم نەکرد، لە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، هەستم کرد ئازار و ئێشی پشتم بەرەو کەم بوونەوە چوو، بۆیە بایەخم بە پشتم نەدا."

سەلاحەددین، تەنیا جارێک تووشی ئاریشەی ژیان و ماندووبوون و ئازاری جەستە نەبووە، بەڵکوو لە کاتی

تۆپبارانکردنی ناوچە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەم مەبەستی پاراستنی گیان و سەلامەتی ڕووە و حەشارگەیەکی ناوچەکە دەڕوا، لە دوای تاوێ مانەوە بەشێکی حەشارگەکە بەسەریدا دەڕوخێ و تەواوی جەستەی تووشی ئێش و ئازار دەبێ.

سێ دەیەی کۆتایی سەددەی ڕابردوو، هەمیشە نەهامەتی و بەدبەختی بۆ سەلاحەددین هێناوە، بە جۆرێک ئالوودەی بوون، چونکە هیچ دەیەک نەبووە، بە بێ کێشە بە کۆتا بێ، سالێک لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان و کۆڕەی سەرتاسەرییەکەی مانگی نیسان، سەلاحەددین لەسەر خانوو بەربۆتە خوارەوە و ماوەی چل و پێنج کاتژمێر لە نەخۆشخانە بێهۆش و بێئاگا بووە، لە دوای ئەو ساتەوە تەنیا دە شەو خەوی لێکەوتووە، ئیدی خەو و شەو و سەلاحەددین لەیەکدی دەتۆرێن.

هەمیشە لە ڕێگەی نەخۆشخانە و دوکتۆر بووە، لە هەر کوێیەک ناوی دوکتۆرێکی شارەزا و زیرەک وترابا، ڕاستەوخۆ سەردانی دەکرد، بە مەبەستی چارەسەریش نزیکەی پازدە جار کارەبایان لەسەری داوە، بەڵام نەتوانراوە چارەسەر بکرێ. دوکتۆرەکان وتوویانە: "خوێنی مەیوو لە ناو سەرتدا ماوە، هەمیشە سەرت سڕە. یا کیسەی ئاو لە ناو سەرتدایە"، ناشتوانین

لێزەر ئاراستەی سەرت بکەین، چونکە ئەگەری مردن هەیە. دواجار فەرموویانە لە کوردستان چارەسەری نەخۆشییەکەت ناکرێ، بەڵام لە دەرەوەی وڵات چارەسەری هەیە.

ئەو نەخۆشییەی سەلاحەددین لە ئێران چارەسەری هەیە، بەڵام بارودۆخی ئابووری لاوازە و توانای چوونە دەرەوەی وڵاتی نییە. ئەو، دەخوازێ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسانی خاوەن سەرمایە هاوکاری بکەن و لە دەرەوەی وڵات چارەسەری نەخۆشییەکەی وەربگرێ، ئەگەرچی برە پارەیەکی زۆری ناوێ.

خەو لێنەکەوتنی سەلاحەددین، گرفتی بۆ خانەوادەکەی دروست کردووە. هاوژینەکەی دەڵێ: "ئێمە شەوانە دەخەوین و سەلاح بە تەنیا دادەنیشێ، لە دوای تاوێ لە نووستنم هەڵمدەستێنێ و دەڵێ بۆ دەخەوی؟ من خەوم لێناکەوێ تۆش مەخەوە."

ئەو هاوژینەی سەلاحەددین، وتیشی: "سەلاح هەمیشە هەوڵدەدا بخەوێ، لەم ژوور بۆ ئەو ژوور، لە ژووری بۆ دەرێ، لە ژوور و لەسەربان گوزەر دەکا، بە هەموو جۆرێ هەوڵدەدا، بەڵام خەوی لێناکەوێ.

## مێژووی نیو سەدەی کۆیە لە سێ دووکاندا[1]

زۆر جار دیوەخان و کاروانسەرا و قەیسەری و مەیدان و بازاڕەکان، بە قەد مرۆڤە بەهرەدارەکان ئەرکی خزمەت کردن و پۆشتەکردنی تاک و کۆمەڵ دەگرنە ئەستۆ، لە کۆنە شارەکەی کۆیە تا ئەمڕۆ سێ دووکان ماون، کە جگە لە کەسابەت بوونەتە ناوەندێک بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی شارەکە، ئەم سێ دووکانە پتر لە نیو سەدەیە بەردەوامن.

یەکێک لەو دووکانانە خاوەنەکەی شاعیری ناسراو جەلال جۆبارە، کە تەمەنی ٦٣ ساڵە، جۆبار دەڵێت: "لە گەنجیمەوە بە بێ پسانەوە خزمەتی ئەم شارە دەکەم، بە چەندین شێوە، بۆ نموونە: فرۆشتنی کاڵا و وردەواڵە، خڕکردنەوەی دۆست و ئاشنا، گۆڕینەوەی نامەی پێشمەرگە لە سەردەمی شۆڕش و شاخ، گۆڕینەوەی دەنگوباس، ئاشتکردنەوە و سوڵح و تەبایی."

دووکانی جەلال جۆبار، وەک بنکەیەکی گەرمی ئەدەب دۆست و شاعیران بووە، هاوکات دیوەخانێکی خۆش و پڕ

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٥٧، سێشەممە، ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

غەزەل و حیکمەت بووە. یەکێکی دیکە لەو دووکانانەی ناو بازاڕی شاری کۆیە، کە مێژوویەکی دێرینی هەیە، وەستا سمکۆی وتووچییە، ئەم دووکانەش یەکێکە لەو شوێنانەی کە لای خەڵکی کۆیە شوێنێکی ڕێزلێگراوە و متمانە پێکراوە. وەستا سمکۆ دەڵێت: "زیاتر لە ٥٨ ساڵە هەر بە یەک ڕووخسار ماوەتمەوە، خەریکی پۆشاک کردن و پۆشتە و پەرداخ کردن و جوانکردنی گەنج و نەوجەوانانی ئەم شارەم، ئەویش بە وتووی کردنی جلوبەرگەکانیان."

یەکێکی دیکە لەو دووکانانەی ناو بازاڕی شاری کۆیە، دووکانی وەستا حەمەی عەوڵای جەیدییە، کە دوای نزیکەی ٦٠ ساڵ خزمەت کردن بێ پچڕانەوە، وەستا حەمەد بە هۆی خراپی باری تەندروستی و زۆری تەمەنییەوە لە ڕۆژی ٢٦ی ئابی ٢٠١٣ بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە دووکانەکەی کرد.

وەستا حەمەد، تەمەنێکی زۆر سەقاڵی خزمەتکردنی شارەکە بووە، ئەویش بە دروست کردنی دەرگای داخراو و کورە و گێرە و دەستگا و مەکینەکانی گوزەرەی باژێری کۆییان، ئێستاش ئەو کەرەستە ماندووانە چاوەڕێی مۆزەخانەیەک دەکەن لە کوردستان، تا وەکوو میرات و کەلەپووری شاری کۆیە و مێژووی پیشە خۆماڵییەکان بپارێزرێت.

دووکانەکەی جەیدی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٤ کرایەوە، لە زۆر بواردا خزمەتی ئەو شارەی کردووە و هونەرەکەشی بۆ وەستا دەستڕەنگین و بەهرەدارەکەی دەگەڕێتەوە. مامۆستا فازیل شەوڕۆ، کوڕی وەستا حەمەدی کۆچکردوو، وتی: "بە دەگمەن دەرگایەک هەیە لە کۆیەی جاران، کە بە دەستی ئەو وەستایە کلیلی بۆ نەکرابێت، یان چاک نەکرابێتەوە. لوولەکێشی ئاوی خواردنەوەی شاری کۆیە لە ساڵی ١٩٥٦ بە نەخشە و دەستی ئەو وەستایە جێبەجێ کراوە، هەر ئەو وەستایە لوولەکێشی ئاوی بۆ ماڵەکان کردووە و لە سەرەتادا بە هەر هەشت ماڵ یەک بەلوعەیان بۆ تەرخان کراوە."

شەوڕۆ گوتیشی: "ساڵی ١٩٥٩ بەرهەمەکانی ئەو وەستایە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت لە پێشانگای کەلەپوری و پیشەیی هەموو عێراق، کە لە بەغدا بەڕێوەچوو، ئەو بە قوفڵێکی دەستکرد و جۆلانەیەکی ئاسنی منداڵان و چەقۆیەک و جووتە قەفەزەیەکی کەو و چەند کەرەستەیەکی تر پشکداری ئەو پێشانگایەی کرد."

کوڕەکەی وەستا حەمەدی جەیدی باوەڕی وایە دووکانەکەی باوکی هاوشێوەی دیوەخان بووە، چونکە دەڵێت: "سەکۆی ئەو دووکانە وەک دیوەخان بووە، هەمیشە پیاوە ناودارەکان و ئاغا و مەلا و شێخ و دەمڕاستەکانی شار لەوێ

دادەنیشتن، بۆ نموونە: کاکەزیادی حەمەئاغای کۆیە، ئەگەر بهاتبا بازاڕ سەرێکی لەو دووکانە دەدا. هەروەها وەستا حەمەد ڕاوچییەکی ناسراو بوو، هەرچی ڕاوچی کۆیە و شاران هەیە سەردانی ئەو دووکانەیان دەکرد، ئەو کار و هونەر و پیشەیەی لە لای وەستایەکی دیکەی شار نەکرابووایە ئەو وەستایە چارەسەری بۆ کردووە و کەرەستەکەی چاک کردووەتەوە، وەک ترومپای ئاو و ئاشی ئاگر، مەکینەی کارەبایی، کامێرا، تانک و ئۆتۆمبێل. لە لایەکی دیکەوە بۆ دامچییەکانی کۆیە هەمیشە وەک چایەخانە بووە و هەرای زۆری لێ کراوە."

## ئاگرەکەی کۆیە مەسیحی و مووسڵمانەکان کۆدەکاتەوە[(١)]

بـۆ دووەم سـاڵ لەسـەر یەک لە شـاری کـۆیە و لە لایەن فەرهەنگخـانەی کـۆیەوە، بە ئامـادەبوونی پیـاوانی ئـایینی مووسڵمان و مەسیحیی کۆیە، فێستیڤاڵی بەیەکەوە ژیان لە نێوان مووسـڵمان و مەسـیحییەکان سـاز درا. لەم چـالاکییەدا چەنـدین نمایشی کەلەپوور و کولتووری و کۆنی کوردەواری پێشکەش کرا و ڕێوڕەسمی ئاگرەپایزە بەڕێوەچوو، کە لای کریستیانەکان بە ئـاگرێکی پیـرۆز دادەنـرێ، چـونکە لە دوای دۆزیـنەوەی خـاچەکەی پێغەمـبەر عیسـا، شـاژن هێلـێن ئەم ئـاگرەی کردووەتەوە.

کـاوە مەحمـوود، وەزیـری ڕۆشـنبیری و لاوانـی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتان لە بـارەی ئەو فێسـتیڤاڵەوە وتـی: "لە شـاری کۆیە نەریتێکی کوردەواری زۆر کۆن نوێ دەکرێتەوە، ئەویش ئـاگرە پـایزەیە، هەروەهـا جەژنـی خـاچیش لە لایەن کریستیانەکانەوە کراوەتەوە، کە ئەمەش بۆنەیەکی پیرۆزە."

---

(١) ئەم بـابەتە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنـامەی بـاس، ژمـارە ١٥٨، سێشـەممە، ١٧ی ئەیلوولی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

لای خۆیەوە هیوا حەلاق بەرپرسی فەرهەنگخانەی کۆیە گوتی: "ئێمە بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی فەرهەنگخانەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەم فێستیڤاڵەکمان ئەنجام داوە."

ئەمە دووەمین ساڵە لەسەر یەک ئەم فێستیڤاڵە لە مەڕبێن قەدیشەی شاری کۆیە کە شوێنێکی تایبەتە بە مەسیحییەکان بەڕێوەدەچێت و وا بڕیارە ساڵانی داهاتووش بەردەوام بێت.

فاتیمە عیسا کەریم خانمێکی کریستیانی کۆیەیە، لە شوێنی فێستیڤاڵەکەوە گوتی: "ئێمەی مەسیحی لە کۆیە زۆر دڵخۆشین بە ئەنجامدانی جەژنی خاچ، موبارە، ئەم دوو ساڵەی کۆتایی، یادکرنەوەکەی زۆر بەچێژتر و خۆشترە، بەو هیوایەی کە ئەمە بەردەوام بێت و ببێ بە کەلتوورێک، بێگومان بەشداری مووسڵمانان خۆشتری کردووە."

هەروەها نەوزاد غەفوور حەمەدەمین، مامۆستا لە شاری کۆیە، کە یەکێکە لە بەشداربووانی فێستیڤاڵەکە و پێی وایە ئەم ڕێوڕەسمە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ گەنجان، چونکە گەنج و لاوەکانمان کولتوور و ئەم جۆرە یادانە نازانن، یاخود بەشێکیان ئاگادار نین و شارەزاییان نییە، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی ئاشنابوونی زیاتریان بەم کولتوورە.

له درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: "ئەم ئێوارەیە تایبەتە، چونکە بە شنەبای بناری باواجی و بەزم و ڕەزمی موسیقا و دەنگ و سەدای شاری حاجی، گەنج و لاو و پیرەکانمان کاتێکی خۆشیان بەسەربرد، هیواداریشم هەموو ساڵێک بەم شێوەیە ئەم فێستیڤاڵە بەڕێوەبچێت و بەردەوام تەبایی و ئاشتی لە نێوان خوشک و برا مووسڵمان و مەسیحییەکاندا هەبێت."

دکتۆر هاوژین سلێوە عیسا، سەبارەت بە ئاگرە پایزە گوتی: "ڕێککەوتی ١٣ی ئەیلوول، جەژنی خاچە، بەڵام لە ناو برا مووسڵمانەکان و لە کوردەواری خۆماندا بە جەژنی ئاگرە پایزە ناسراوە، هەموو ساڵێک شەوی ١٣ لەسەر ١٤ ئەم جەژنە دەکرێتەوە. بە شێوەیەک تەواوی مەسیحییەکان لە شوێنێکی داخراو، یاخود لە کڵێسا ئەم یادە دەکەنەوە، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی فراوانتر ئەم یادەمان کردووەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کولتوورێکی هاوبەشمان لەگەڵ خوشک و برا مووسڵمانەکان لە کۆیە هەیە، هەر لە دێر زەمانەوە لە دیوەخانی ئەختەر و باکووری و سێوە و مەلا ئەسعەد و مەلای گەورە و ...هتد بەردەوام پێکەوە بوون و توانیویانە ئەم کولتوورە جوانەی پێکەوە ژیان بۆ ئێمە بەجێ بهێڵن و گەشەی پێ بدەن."

شـــايەنی باســـە لەم فێســـتیڤاڵەدا خەڵات بە ســـەر چەنـــدین کەسایەتی دیاری مەسیحی و مووسڵمان و تیپە وەرزشییەکان دابەش کرا.

# بەیەکەوە ژیانی کولتور و ئایینە جیاوازەکان[1]

لە مێژووی شاری کۆیەدا، هەماهەنگی و پەیوەندی خۆش و باش لە نێوان مووسڵمان و مەسیحی و جولەکەدا هەبووە و بەرچاو دەکەوێ، هاوڕێیەتی و تێکەڵابوون و دۆستایەتی نزیک بوونی هەبووە، لە دوای گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥١، مووسڵمان و مەسیحییەکانی کۆیە هاوشانی یەکتر درێژەیان بە ژیانداوە، ماوەی بیست و پێنج ساڵیشە، دیموکراتەکان هاوشانی خەڵکی کۆیە و مەسیحییەکانی هەرمۆتە ژیان بەسەردەبەن.

زانا جەلال، دانیشتووی شاری کۆیەیە و ڕۆژانە مژیلی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردییە، لە بارەی پەیوەندی دانیشتووانی شاری کۆیە دەگەڵ مەسیحییەکانی هەرمۆتە و دوو باڵەکەی دیموکرات وتی: "پێگەی مێژووی کۆیە و ئاستی ڕۆشنبیری و کولتووری خەڵکەکەی دەشێ بایی هێندە بێ ئەسپی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی تێدا تاو بدرێ، چەمکی تۆلێرانسی ئاینی ببێتە شوناس و پێناسی کۆیە و کۆییەکان،

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە.

بەڵـگەش بـۆ ئەمە، ئەم ڕۆحیەتـی یەکتـر قبـوڵکردن و پـێکەوە ژیانەیە، کە سەدان ساڵە لە نێو کۆیەدا چەکەرە و نەش و نمای کردوە و کۆییەکان خاوەنین."

زانـا، کە لە نەوەی سـەیدانی بەرزنـجەیە و باوبـاپیرانی لە کـۆنەوە لەو سـنوورە نیشـتەجێن، دەشـڵێ: "بە سـەنتەر کردنـی مـرۆڤ پڕۆسـەیە و دەبێـت لە نـاو هەمـوو کـۆمەڵگەدا ڕەنـگ بداتەوە، گەر بڵێم کۆییەکـان لەم مـرۆڤ سـەنتەرییەدا پێشـەنگن دەشێت بێجێم نەگوتبێت. چونکە، ئاشکرایە مەسیح و ئیسـلام، وەکـوو دوو ئـایینی سـەرەکی ئەم شـارە، ئاینزاکانیـان بەدەر لە پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتی، سەدان ساڵە ڕێز و خۆشەویستی کۆی کردوونەتەوە، هەڵبەت وراتـی کۆییان سـەردەمانێک پێگە و نشینگەی ئاینی جولەکەش بووە، ئەوانیش مشـتێکی نـاوازەی ئەم خەرواره شکۆمەند و جوانە بوون."

زانا، گەنجێکی باریکەلەی ژیکەڵە و جوان و شیکە، بە هێمنی و بەو پەڕی بـاوەڕ بەخۆبـوونەوە قسـە دەکـات و پتـر دەڵێـت: "کۆمەڵگای سەرکەوتوو ئەو کۆمەڵگایانەن بنەمای هاوولاتیبوون و یەکسـانی و مـافی جیـاوازبوون و فرەیـی دەچەسـپێنن، قبوولکردنی جیاوازبوون دەکەن بە بڕوا و ئامانج، وراتی کۆیە لە ئەزەلەوە لە خەم چەسپاندنی فرەیی کولتووریی و کۆمەڵایەتی و

سیاسـیدا بـووە، هەر لەبەر ئەمەش بـووە کـۆیە وەک باشـترین نشینگە بۆ پارتێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردراوە، هەڵبژاردنـی کـۆیە وەکـو نشـینگەیەکی گونجـاو بـۆ حیزبـی دیموکراتی کوردستان دەشێت زادەی ئەم باکگڕاوندە مەعریفی و ڕۆشنبیری و فرە کولتوور و سیاسییە بێت."

عەلی بداغی، لە سەرەتای ساڵی دوو هـەزارەوە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی جێهێشـتووە و لـە کۆیـە نیشـتەجێیە، لەهەمبـەر ئـەو پەیوەندییـە، لـە کـەمپی دیموکراتـەوە وتـی: "نزیـک چـارەگە سەدەیەکە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بارەگا سەرەکییەکانی لە نزیـک کـۆیە و دراوسـێیەتی ئەو شـارەدا دەژیـن. لـەو مـاوە زۆرەدا وێنەیەکی جوان لە پێکەوەبوون و پێکەوە ژیانی حیزبی دیمـوکرات و خەڵکـی کـۆیە نیشـاندراوە. لەو مـاوەیەدا کـادر و پێشـمەرگە و بنەماڵەکـانی حیزبـی دیمـوکرات خۆیـان لە خەڵکـی کـۆیە جیـا نـەکردووەتەوە و هەسـتیان بە نـامۆیی، غوربـەت، غەوارەیی و بێگانەبوون نـەکردوە، خەڵکی کۆیەش تێکۆشـەرانی دیمـوکرات و بنەماڵەکانیـان بە جیـا لە خۆیـان دانـەناوە، تەنـانەت وەک میوانیش لێیـان نەڕوانیـون و حسـێبی خـانەخوێ و خـاوەن ماڵیان بۆ کردوون. تەنانـەت بارەگاکانی حیزبی دیمـوکرات وەک بەشێک لەو شارە سەیر کراون و لە پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە

و خزمەتگـوزاری بێـبەش نەبـوون و هەسـت بەوە نەکـراوە کە پشتگوێ خرابن."

بـداغی، کـە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و چەند کتێبێکی لە زمانی فارسـییەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی، درێـژەی بـە قسـەکانیدا و وتـی: "حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان حیزبێکـی چەکدارە و بەردەوام کار و خەباتی پێشمەرگانە دەباتە پێشێ، بەڵام ئەوە قەت نەبووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی شاری کۆیە و بە تایبەت خەڵکی گوندی هەرمۆتە کە نزیکی و تێکەڵاوییان لەگەڵ بەشـێک لە بـنکە و بارەگاکـانی حیزبـی دیمـوکرات هەیە و بچـووکترین کێشـەیان لەو سـۆنگەیەوە بـۆ دروسـت نـەبووە و خەڵکی کۆیەش دڵگران نین، بە هەمان شێوە ئەندامانی حیزبیش پەیوەنـدی باشـیان لەگـەڵ دانیشـتووانی کۆیـە هەیـە. هەروەهـا، پەیوەنـدی لەمێـژینە و دێرینەمـان لە بـواری چـالاکییە ئەدەبـی و هونەرییە هاوبەشەکانیشدا ڕەگی داوەتەوە و هەمیشە هەماهەنگ و هاوکاری یەکتر بووین، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بە هۆی ژن و ژنخوازی و خزمایەتیی دوولایەنە زیاتر قووڵ بوونەتەوە، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی یەکتر بەشدارین."

دنحە تۆما، قەشەی هەرمۆتە و کۆیە، لەم بارەیەوە وتی: "پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆیە بەتایبەتی مەسیحی و مووسڵمانەکان بناغەیەکی بەهێز و پتەوی هەیە، دواتریش لەگەڵ دیموکراتەکان هەمان پەیوەندیمان دروست کرد، نەک لە سەردەمی خۆمان، بەڵکو باب و باپیرانمان باسیان لە پەیوەندی باشی تێکەڵاوی لە نێوان کەسایەتییە جیاوازەکانی کۆیە کردووە، وەک نموونە بەیەکەوە ژیانی کۆیەیان گێڕاوەتەوە. لەم سەردەمەی ئێستادا، پەیوەندییەکە فراوانتر و گشتگیرتر بووە، لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەک دەگەڵ مووسڵمانەکان هاوبەشین، ئێمە وەک مەسیحییەکان لە بۆنە تایبەتییەکان و پرسە و ڕێوڕەسم و مەراسیمەکانی برا مووسڵمانەکان بەشدارین و ئەوانیش بە هەمان شێوە بەشدار و هەماهەنگن، تەنانەت لە جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا دەستەیەک لە مەسیحییەکان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کۆیە و شوێنە گشتییەکانمان کرد، هاوکات بۆ جەژنە پیرۆزە و پیرۆزبایی ماڵە هاوڕێکانمان بەسەرکردەوە، هەوڵمانداوە بنەمای مرۆڤایەتی لەبەرچاو بگرین و لەسەر ئەو بنەمایە، ڕێز لە کولتوور و داب و نەریتی یەکدی بگرین."

قەشـــەی هەرمـــۆتە و کـــۆیە لەهەمبـــەر پەیوەنـــدی ژیـــانی هاوبەشـــی لـــە نێـــوان مووســـڵمان و مەســـیحییەکان، وتـــی: "ئـــەو پەیوەندییـــە بـــەهێزەی هاوڕێیـــان کـــەمتر ڕۆچۆتـــە نێـــو ژیـــانی هاوبەشـــییەوە، بـــەڵکو زیـــاتر لەســـەر بنـــەمای هاوڕێیـــەتی درێـــژەی هەیـــە، چونکـــە کۆمەڵگـــەی کـــوردی زیـــاتر خـــۆی لـــە چوارچێـــوەی کولتـــــور و دابونـــــەریت دەبینێتـــــەوە و لـــــەم نێوەندەشـــــدا ئەمـــــە قبووڵکراو نییە، کەچی لە ئەوروپادا هاوسەرگیری لەسەر بنەمای مەدەنی ئەنجام دەدرێ، لەبەر ئەوە کێشە نییە. هەڵبەت لە ساڵانی نەوەدەکانی سەددەی ڕابردوو، حاڵـەتی لـەم شـێوەیە هـەبوو، کە کچێکی مەسـیحی لەگـەڵ کـوڕێکی مووسـڵمان ژیـانی هاوبەشـی پێکهێنـا و چـووە سـەر دینـی ئیسـلام، بـەڵام ئەمـە نـەبووە هـۆی ئازاردانی کچـە، تەنانـەت تـاکوو ئێسـتا تێکـەڵاوی نێـوان ئـەو دوو بنەماڵەیە بەردەوامە و کێشەیان نییە."

لـە پێشـوودا هەرمۆتـە گونـدێکی سـەر بـە سـەنتەری قـەزای کۆیە بوو، بەڵام لە دوای فراوانبوون و زیادبوونی خەڵکی شاری کۆیە و نزیک بوونەوەیان لە هەرمۆتە، هەرمۆتە لە گوندەوە کرا بـە گـەڕەکێکی کۆیـە، هـەروەها لـە ڕووی جوگرافییـەوە کـەمپی دیموکراتـــەکان و گـــەڕەکی هەرمۆتـــە لەیەکدییـــەوە نـــزیکن هاتووچۆیان بەسەر یەکدییەوە هەیە.

## پێکەوەژیانی ئایینی نەگەیشتووەتە خزمایەتی(١)

کوردستان، ئاینی ئیسلام و مەسیحی و یارسان و کاکەیی و جولەکە و کەمەنەتەوایەتیی تێدایە، کوردستان هەرێمی بەیەکەوە ژیانە لە نێوان ئایینەکان، بەڵام تاکوو ئێستا تێکەڵاوی ڕۆحی لە نێوان ئایینەکاندا دروست نەبووە، بەتایبەتی لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی، پیاوانی ئایینی نێو ئەو دوو ئایینەش دەڵێن: "بابەتی ژن و ژنخوازی نێو ئایینەکان قابیلی دەستکاری نییە، چونکە لە کتێبی پیرۆز بە نەگۆڕ (ثەوابتە) باسکراوە."

لەم بارەیەوە، خالید جەمال بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی وتی: "هیچ نووسراوێکی ڕەسمی یاخود فتوای تایبەت لە سەر ژن و ژنخوازی لە نێوان ئایینی مەسیحی و ئایینەکانی دیکە نییە، ئێمەش ناتوانین فتوای لەم شێوەیە بدەین، بەڵکوو دەبێ کلیسا فتوای فراوانی هاوسەرگیری بدات. دیارە خەڵک مافی خۆیەتی چۆن و لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکات، لەم کاتەشدا کلیسا ناتوانێ فشار بخاتە سەر تاکەکانی، بۆ بابەتی هاوسەرگیری. بەڵام دەبێ بزانین کە ناکرێ قانوون بشکێندرێ لەبەر خاتری

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٠ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٦٢٠، سێشەممە، ١٨ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

کەسێک کە دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی ئایینەکەی خۆیدا دەکات."

هەروەها قەشە ئیشا، بەرپرسی کلیسای مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵات لە شۆڕش- هەولێر، دەڵێت: "ئایینی مەسیحی و ئینجیل شێوازی ژن و ژنخوازی دیاری کردووە، کە تەنیا لە نێوان تاکەکانی نێو ئایینەکەدایە، کە لە کلیسا لە یەکدی پیرۆز دەکرێن و حەلاڵی یەکتری دەبن، بەئامادەبوونی دایک و باوکی هەردوولا. لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیە ناکرێ و مایەی قبوڵ نییە کە کچێکی مەسیحی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی مووسڵمان بکات، یاخود بە پێچەوانەوە، ئەمە بابەتێکی دیاریکراوە ناکرێ بڵێین هاوسەرگیری لە نێوان ئایینەکاندا دەکەین بە مەبەستی فراوان بوونی پرۆسەی هاوسەرگیری، چونکە ئەمە حەرامە."

ئیشا وتیشی: "ئەگەر کەسێکی نێو ئایینی مەسیحی لەگەڵ کەسێکی دی دەرەوەی ئایینی مەسیحی هاوسەرگیری بکات، ئەوا لە دەرەوەی کلیسا ئەو مەراسیمە دەکەن و ئیدی هیچ پەیوەندی بە کلیساوە نامینێ و کلیسا تێکەڵاوی ئەم بابەتە نابێ. هەڵبەت ئەگەر ئەو کچە مەسیحییە لەگەڵ پیاوەکەیدا تووشی کێشە بوو و لەگەڵی جیابووەوە و پەنا بۆ کلیساش بێنێت، کلیسا هیچ پەیوەندییەکی پێوەی نییە و هاوکاری ناکا."

لای خۆشیەوە، ئەحمەد شافیعی ئەندامی لیژنەی باڵای فتوا و ئەنـدامی مەکتەبـی تەنفیـزی لە یەکێتـی زانایـان دەڵێـت: "هەر ئاییینێک چەند پرەنسیب و ڕێنمایی و تایبەتمەنی تایبەت بە خۆی هەیە، ئێمەش وەکوو مووسـڵمان لە نێـو ئیسـلامدا، تەواوی ئەو پرەنســیب و ڕێنماییـــانە جێبەجـــێ دەکەیـــن. لە بـــابەتی ژن و ژنخوازی نێوان ئاییینەکاندا، بە دەقی قورئان و فەرمـوودە، خـودا ڕێگەی داوە کە کوڕێکی مووسڵمان داوای کچێکی گاور یاخود جولەکە بکات و بیخـوازێ، لەم کاتەشـدا کچەکە دەتـوانێ لەسـەر دینەکەی بمێنێتەوە و تقووسە ئاییینیەکانی خۆی جێبەجێ بکات و بچێـتە کلیسـا، بەڵام بە پـێچەوانەوە قبـوڵ نـیـیە. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەک لە شـێوەکان پیاو دەسـەڵاتی لە ژن زیاترە و لەوانەیە بکەوێتە ژێر هەژموونی پیاوەکە."

شافیعی وتیشی: "ناتوانین و ناکرێ ئێمە لەم بارەیەوە فتوا بدەین، چونکە ئەم بابەتە لە ئیسلامدا (ثەوابتە) جێگیر و نەگۆڕە، کە دەرفەتـی گفتوگـۆ و قسـەکردنی لەسـەر نـیـیە و زۆریـنەی زانایـانی ئیسـلامی لەسـەر ئەم بـابەتە یەکـدەنگن و دەڵـێن کچـی مووســـڵمان نـــابێ هاوســـەرگیری لەگەڵ کـــوڕێکی دەرەوەی ئاییینەکەی خۆی بکات."

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی وتیشی: "هاوسەرگیری لە نێوان مەسیحی و مووسڵمانان‌دا هەبووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، چونکە لە سەرەتاوە بنەماڵەی هەردوولا ڕازی نەبوونە و پێی دڵخۆش نەبوونە، لە کۆتایشدا کچ و کوڕەکە بەیەکەوە نەگونجاون و لەیەکدی جیابوونەوە، لەم کاتەدا کچەکە سەرگەردانی سەر شەقام بووە، چونکە وازی لە دینی مەسیحی هێناوە و بووەتە مووسڵمان، لە دوایدا جارێکی دیکە بووەتەوە مەسیحی، بەڵام نەیتوانیوە بەسەربەرزی بژی چونکە لە لایەن ئیسلامەوە بە مورتەد ئەژمار کراوە."

ناوبراو دەشڵێ: "دەبێ لەم بابەتە دووربین بین کە ئایندەی ئەو هاوسەرگیرییەوە بەرەو کوێ دەڕوا؟ منداڵەکانیان بە کوێ دەگەن؟ فتوای پیاوانی ئایینی لەسەریان چییە؟ ئەمانە و چەندان کێشەی دی لە داهاتوو بۆیان دروست دەبێ، لەبەر ئەوە هاوسەرگیری تەنیا لە نێوان ئایینی خۆماندا باشترە."

## کریستییانەکانی کۆیە کلیسای نوێیان دەوێت[1]

مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە هۆی بچووکی کلیسای مەریەمی پاکیزەی هەرمۆتە، داوای کلیسای نوێ دەکەن و ئەو کلیسایانەی ئێستا هەیانە بە بچووکی دەزانن، چونکە جێگای تەواوی سەردانیکەرانی کلیسا نابێتەوە، قەشەی کۆیە و هەرمۆتەش ڕایدەگەیەنێ داواکاری مەسیحییەکان ئاراستەی مەتران دەکەم و وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت زەوی تایبەت بە دروستکردنی کلیسا تەرخانکراوە.

سەبارەت بە بچووکی کلیسای کۆیە و هەرمۆتە، دوکتۆر هاوژین سلێوە، دانیشتووی گەڕەکی هەرمۆتە ڕایگەیاند: "لە نێو شاری کۆیە کلیسایەکی بچووک بۆ مەسیحییە نیشەجێبووەکانی کۆیە هەیە، بە هەمان شێوە لە گەڕەکی هەرمۆتە تەنیا کلیسایەکی بچووک هەیە. ئەو دوو کلیسایە لە ئاست دانیشتووانە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا نین، چونکە ئەو کەسانەی سەردانی کلیسا دەکەن، زیاترن لە ڕێژەی جێبوانی کلیسا، بە تایبەت کلیسای مەریەمی پاکیزەی هەرمۆتە، لەبەر ئەوەی

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٧ی هەفتەنامەی ڕووداو، ژمارە ٤٩٧، دووشەممە، ١٢ی ئازاری ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

زۆرینەی بۆنە و مەراسیم و جەژنەکان لەو کلیسایە ئەنجام دەدرێ، ئەوەش وا دەکات بە ناچاری ئامادەبووان لە دەرەوەی کلیسا بوەستن."

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دوکتۆر هاوژین سلێوە، کە مامۆستای زانکۆی کۆیەیە و کتێبێکی لە بارەی مەسیحییەکانی کۆیە بەناونیشانی (مێژووی هەرمۆتە) بڵاوکردۆتەوە، وتیشی: "ئەو ڕۆژانەی کە پیاو و ژن سەردانی کلیسا دەکەن، لەبەر بچووکی کلیساکە، قەشە ناچار دەبێ بە دوو وەجبە تقوسە دینییەکان ئەنجام بدات، لەبەرئەوە پێویستمان بە کلیسایەکی گەورە هەیە، ئەگەرچی پێشتر داوامان کردووە، تەنانەت چەند ساڵێک لەمەوبەر عومەر فەتاح وتی: کلیسایەکی مۆدێرن و جوانی هاوشێوەی کلیساکانی ئەوروپاتان بۆ دروست دەکەین، بەڵام تا ئێستا هیچی دیار نییە و کاری لەسەر نەکراوە."

سەبارەت بە هەمان باس، دنحە تۆما، قەشەی هەرمۆتە و کۆیە، وتی: "بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە کلیسای نوێ هەیە، ئەو کلیسایەی ئێستای هەرمۆتە بچووکە و تەنیا جێگای ٣٥٠ کەس دەبێتەوە، ئەم جێگایەش بەرانبەر سەردانیکەرانی کلیسا کەمە و گرفت و ئاریشەمان بۆ دروست دەکا."

قەشـەی هـەرمۆتە و کۆیە، وتیشـی: "ئـەو کاتـەی مەسـعوود بارزانی سـەردانی شاری کۆیەی کرد، داوامـان لێکرد کلیسـایەکی نـوێ و یاریگایـەکمان بـۆ دروسـت بکـەن، لـە ئێسـتادا یاریگاکـە دروستکراوە و کلیساکە ماوە، هەروەها لە ماوەی پێشوو مەتران سەردانی کۆیـە و هـەرمۆتـەی کـرد، بە هـەمان شێوە داوامـان لـە مەتران کرد و لەسەر ئەوەی ڕێککەوتین، کـە کلیسـایەکی گـەورە بۆ مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە گەڕەکی هەرمۆتە دروست بکرێ، چونکە بۆنە و مەراسیم و جەژنەکان لـە هەرمۆتـە ئەنجام دەدرێ."

دنحـە تۆمـا، وتیشـی: "لـەو سـەردانەی مـەتران، چەند پارچـە زەوییەکی گـەڕەکی هـەرمۆتـەمان نیشـاندا بۆ ئـەوەی کلیسـای لـە سـەر دروسـت بکـرێ، ئـەویش بـەڵێنی داوە، ئێسـتا چـاوەڕوانین مـەتران لـە ڕۆمـاوە بگەڕێتـەوە، تـا بـە شێوەیەکی فـەرمی داوای دروسـت کردنـی کلیسـای لێبکـەین، چونکـە ئاداب وایـە ئێمـە داواکاریـیـەکانمان ئاراسـتـەی مـەتران بکـەین و خـۆی بـەو داواکارییەکانمانـەوە هەڵسـێ و هـەوڵی جـددیمان بـۆ بـدات، بـۆ ئـەوەی کلیسـایەکی هاوشێوەی کلیسـای (پـەترۆس و پۆڵۆس)ی عـەنکاوە لـە هەرمۆتـە دروسـت بکـرێ و جێگـای تـەواوی مەسیحییەکانی تێدابێتەوە."

ناوبراو، وتیشی: "بە گوێرەی ئەو سەرژمێریەی ساڵی ڕابردوو بۆ مەسیحییەکانم کردووە، ١١٨ خێزان لە هەرمۆتە دەژین و ٦٠ خێزان لە شاری کۆیە نیشتەجێن، بە کۆی گشتی دانیشتووانی هەردوولا زیاتر لە ٧٠٠ کەسن. ئەگەرچی لە پێشوودا ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیە زیاتر بوون، بەڵام لەو چەند ساڵەی دوایی بەشێک لە مەسیحییەکانی کۆیەیان جێهێشتوو و کۆچیان کردووە."

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی بەردەست گەڕەکی هەرمۆتە ڕێژەی ٩،٣%ی ڕووبەری شاری کۆیە پێکدەهێنێ.

لەهەمبەر کلیسای مەریەمی پاکیزە، دوکتۆر هاوژین سڵیوە لە کتێبی (مێژووی هەرمۆتە)دا دەڵێ: "ئەم کلیسایە ساڵی ١٨٦٨ لە هەرمۆتە دروستکراوە، ناوەندی کلیساکە بۆ پەرستش بووە و حەوشەی کلیساکەش گۆرستان بووە، لەوکاتەوە تا ئێستا دووجار لە ساڵانی ١٩٧٩ و ٢٠٠٩ نۆژەن کراوەتەوە و کەمێک دەستکاری دیزاینەکەیشی کراوە."

بە گوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠١٠ بیست و حەوت خێزانی مووسڵمان بە کۆی ١٢٧ کەس لە هەرمۆتە نیشتەجێن و هاوشانی مەسیحییەکان ژیان بەسەردەبەن.

لای خۆشییەوە، خالید جەمال بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە بارەی دروستکردنی کلیسا بۆ شاری کۆیە، دەڵێت: "جەنابی مەتران داوای دروست کردنی کلیسای بۆ شاری کۆیە کردووە، چونکە کلیساکانی کۆنن و بەرەو داڕمان دەڕۆن، هەروەها بچووکن، ئێمەش وەک بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی داوای زەویمان لە وەزارەتی شارەوانی کردووە و لە ئێستادا زەوی بۆ دروستکردنی کلیساکە ئامادەیە."

ناوبراو، وتیشی: "هیچ کێشەیەک لە دروستکردنی کلیسادا نییە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و قەیرانی دارایی، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە پڕۆژەکانمان وەستاوە، جیا لە چوار پڕۆژە هیچ پڕۆژەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، هەر کاتێک پارەی تەرخانکراو بێتە وەزارەت و پڕۆژەی دروستکردنی کلیسای کۆیە پەسند بکرێ، بەدڵنیاییەوە هاوکاریان دەکەن."

## جامانەبەسەرەکانی هەرمۆتەی کۆیە[1]

جامانـــە و جەمـــەدانی، نیشـــانەیەکی کولتـــووری کـــۆنی کوردەوارییـــە و گوزارشـــتە لـــە کوردبـــوون، زۆرینـــەی پیـــاوانی پێشینان جامانەیان دەپێچایەوە، لە هاوینان لـە گـەرما و زستانان لـــە ســـەرما دەیپاراســـتن، بـــەڵام لـــە ئێســـتادا جامانـــە بەســـەر کەمبۆتـەوە، بـە شـێوەیەک لـە نێـو ١٠٠ خانـەوادەی کریسـتیانی هەمۆتە، تەنیا دوو جامانە بەسەر بوونی هەیە.

جامـــانە و جەمەدانـــی، پەچە کولتـــوورییە کـــۆنەکەی کـــورد، دابونەریتێکی پیاوانەیە و لەگەڵ پۆشاکی کوردی دەپێچرێ و لە مێژ ساڵە نیشانەی کوردبوونە، بەڵام لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کات و ســـەردەم ئـــەم کولتـــوور و نەریتـــە کەمبووەتـــەوە. لـــە ئێســـتادا و لە نێو کریستیانەکانی شـاری کۆیـەدا، تـەنیا دوو جامانـە بەسـەر لە ژیاندا ماون، ئەوانیش: مامە حەنەکە و مامـە ئەپـەیە، ئـەوان لـە ســـەردەمی گەنجییـــەوە جامانـــەیان بەســـەرەوەیە. مامـــە ئەپـــە لـــە تەمـــەنی ٨٧ ســـاڵیدا، دەڵـێ: "تـــا لـــە ژیانـــدابم، جامانـــە دەپـێچم و شانازی پێوەدەکەم."

---

(١) ئەم بـابەتە لە ژێـر نـاوی (ئەحـمەد کـۆیی) لە لاپەڕە ١٣ی هەفتەنـامەی باس، ژمارە ٤١٧، سێشەممە، ١٢ی شوباتی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

ئیبراهیم جەرجیس، ناسراو بە مامە ئەپە، وتی: "لە سەرەتای گەنجی و بەدیارکەوتنی موی ڕیش و سمێڵم، جلوبەرگی کوردی و بەتایبەتی کورتەک و شەڕواڵم لەبەرکردووە و بە شانازییەوە جەمەدانیم لەسەرم پێچاوە، چونکە باوەڕم وایە جەمەدانی بەشێکە لە دابونەریتی کوردانەی باب و باپیرانم، هەروەها زۆر جوان و گونجاوە. چۆن لە سەردەمی پێگەیشتنم جەمەدانیم لەسەرم پێچاوە و بڕیارمداوە بە هەمیشەیی لەسەرمدابێ، تا مردنیش هەر لەسەرمی دەپێچم، چونکە کوردم و لە کوردستانم."

مامە ئەپە، بە نیگەرانییەوە وتی: "خەڵکی ئێستا وەک خەڵکی پێشوو نییە، هەمووی پانتۆڵ و کابۆ لەبەردەکەن و جلوبەرگی کوردەواریی و جەمەدانیان فەرامۆش و لەبیرکردووە."

هاوشانی مامە ئەپە، مامە حەنەکەی تەمەن ٩٥ساڵ، جەمەدانی لەسەری دەپێچێ و سەرگوزەشتەی زۆری لەگەڵ جامانە هەیە.

حەننا سلێمان، ناسراو بە مامە حەنەکە وتی: "ئەوەندەی یادەوەریم هاوکاریم دەکا و دێتەوە بەرچاوم، بە هەمیشەیی جلی کوردیم لەبەردابووە و جامانەی کوردەواریشم لەسەرمەوە پێچاوە، پێچانەوەی جامانە وەک دەستووری باب و باپیرانم چاو

لێکردووه، ئێستا خەڵک جامانه لەسەرییەوە دەپێچێ یا نا گرنگ نییه، لای من ئەوە گرنگە کە تا مردم جامانه لەسەر سەرم بێ."

مامە حەنەکە، وتیشی: "بە زستانان و بە هاوینان، ئەو کاتانەی لای کار و بەرخان بووم، ئەو کاتانەی جووتیار بووم و خەریکی بەرهەم بوو، ئەو کاتەی ڕووەو شاخ و چیا ڕۆیشتووم و دارم هێناوە، بە هەمیشەیی جامانەم بەسەرەوە بووە، یاخود لەچەکەم پێکردووە و خۆم پێ داپۆشیووە و خۆم لە ساردی و سەرما پاراستووە."

ئەو پیاوە تەمەن هەڵکشاوەی هەرمۆتە، وتیشی: "من گوێم بەو منداڵانەی ئێستا نەداوە، کە جامانە نابەستن و جلی کوردی لەبەرناکەن، بەڵکوو بە دوای مۆدە و جلی دی کەوتوون، ئەوان کەیفی خۆیانە جەمەدانی دەبەستن یا نا؟ بەڵام، بە خودای جەمەدانی شتێکی زۆر جوانە."

مامە ئەپە و مامە حەنەکە، دوو پیاوە جەمەدانی بەسەرەکەی هەرمۆتە و دوو تەمەن هەڵشاوەکەی کریستیانەکانی کۆیە، هەمیشە و بە بەردەوامی بەیەکەوەن و لەگەڵ یەکدین، دەڵێن: "بە بێ یەکدی هەڵناکەین، بەیەکەوە دەچینە دەرێ و بەیەکەوە دادەنیشین و بەیەکەوە دەچینە چاخانە، چون

تەمەنمان هەڵکشاوە و هەردووکیشمان جەمەدانیمان لەسەرە زیاتر کەیفمان بەیەک دێ."

کەسایەتییەکی دیاری کریستییانەکانی شاری کۆیە، لەبارەی کەمبوونەوەی جامانە و پێچانەوەی جامانە بەسەرەوە، دەڵێ: "پێویستە زیاتر بایەخ بەو کولتورە کۆنە کوردەوارییە بدرێ و گەنجەکانمان فێری ئەو نەریتە جوانە بکرێ."

هاوژین سلێوە، کەسایەتی کریستیانەکانی هەرمۆتە، وتی: "هەموو نەتەوەیەک جلوبەرگی تایبەت بە خۆی هەیە، بوونی جلوبەرگیش بەشێکی پەیوەندی بە کەشوهەوای ناوچەکەوە هەیە، بۆ نموونە عەرەبەکان دیشداشە لەبەر دەکەن، چونکە هەوای بەبەرەوە دەچێ، لە بەرانبەردا خەڵکی ناوچە سارد و بەستەڵەکییەکان جلوبەرگی گەرم و ئەستوور لەبەردەکەن. جلوبەرگی کوردەواری گورج و گۆڵ بووە و پێڵاویان لە چەرمی ئاژەڵ دروست کردوە، چون زیاتر لە ناوچەی شاخاوی ژیاون، لەبەر ئەوە دەبێ جلی توند و تۆڵ لەبەربکەن. هەروەها بابەخی زۆریان بە جەمەدانی داوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە: لە وەرزی زستانان بە هۆی ساردی و سەرمایەوە لەسەر دەپێچرێ، هاوینان بەرگری لە گەرمی دەکا، لە کاتی کار کردن کراوە بە دەمامک، لە پێشمەرگایەتی وەک لۆکە سوودیان

لێوەرگرتووە و برینەکەشیان بێ پێچاوە، وەک بەڕماڵ بەکارهاتوە، جۆرێک بووە لە دەستەسڕ و بەرچن بووە لە کاتی چنینەوەی میوە، هاوکات جوانیشە."

ناوبراو وتیشی: "ئێمە وەک کریستیانەکانی هەرمۆتە جلوبەرگی تایبەت بە خۆمان نییە، تەنیا ئەو جلوبەرگە کوردەوارییەی خۆمان پۆشیوە، کریستیانەکانی هەرمۆتەش تا ساڵی ٢٠١٥ تەنیا پێنج جەمەدانی بەسەری تێدا مابوو، بەڵام لە ماوەی ئەو چوار ساڵە سێ دانەیان مردوون و ئێستا تەنیا دوو جەمەدانی بەسەر ماوە، کەمبوونەوەی جەمەدانی تەنیا لە هەرمۆتە نییە، بەڵکو لە زۆربەی شوێنەکان کەم بۆتەوە، باوەڕ دەکەم پاش ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵی دیکە، جەمەدانی زۆر کەم بێتەوە، ڕەنگە بە حەوت گوندان کەسێک نەبێ جەمەدانی لەسەر بێ، لەبەر ئەوە داواکارین گەنجان گرنگی بە جەمەدانی بدەن و لایان شەرم نەبێ."

سلێوە، کە جاروبار و بە تایبەتی لە بۆنەکاندا بە جلوبەرگی کوردەواریی و جامانەیەکی قیت بە دەردەکەوێ، لە دوور ڕا شیکپۆشییەکەی دەبینرێت، زیاتر دەڵێت: "زۆر شێواز هەیە بۆ ئەوەی وابکەین جەمەدانی نەفەوتێ و بمێنێتەوە، بۆ نموونە: مەلای چیچانی و مەلای فارس و مەلای هەموو میللەتان بە

ڕووکەش دەناسرێنەوە، بەڵام مەلای کورد، یەک عەمامەی لەسەرە و یەک تەڕبووشی لەسەرە و یەک مەندیلی لەسەرە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کەسایەتییەکانی ڕابردووی وەک نالی و سالم کوردی و مەحموی دەبینین گشتیان جەمەدانیان بەستووە، دەکرێ ئێستاش بەم شێوەیە بێ و کڵاوی سپیشی لەگەڵ ببەسترێ، ئەمە شتێکی باشە و جۆرێ لە جۆرەکان ئەو دەستوری کوردەوارییە دەپارێزرێ."

مامە حەنەکە و مامە ئەپە، لە نێو ٧٥٠ کەسی کریستیانی هەرمۆتە جامانە دەبەستن، تا ئەو کاتەی ئەم جووتە هاوڕێیە لە ژیان بمێنن، جامانە لە نێو کریستیانەکاندا بەرچاو دەکەوێ دوای مردنیشیان کۆتایی بە جامانەی هەمیشەیی نێو کریستیانەکانی کۆیە دێ.

## یاری کۆسانێ بەردەوامە(١)

کۆسانێ، یارییەکی کۆنی فۆلکلۆری کریستیانەکانی شاری کۆیەیە، بە درێژایی مێژوو تا ئێستا کریستییانەکانی کۆیە ئەم یارییە ئەنجام دەدەن و ڕۆژانەی پێوەی سەرقاڵن، بەڵام لە دەرەوەی خۆیان کەس ئەو یارییە نازانێ.

یارییەکە لە تەختە و کۆس و سوار پێکدێ و پێویستە چوار کەس و شەش کەس لە یارییەکە بەشدار بن.

دانی، یەکێکە لە گەنجەکانی هەرمۆتە، عاشق و شەیدای یاری کۆسانێیە، لە هەر شوێن و ماڵێک کەسێک بۆ یاری کۆسانێ کۆبێتەوە، ئەو دەبێتە دووەم کەس و یاری دەکا، لە بارەی ئەم یارییەوە وتی: "یاری کۆسانێ لە سێ بەش پێکدێ، ئەوانیش: تەختە و سوار و چار (کۆس)ە، دوو بەرە لە یارییەکە هەیە، بەرەیەکیان دوو کەس، یا سێ کەس دادەنیشن و بەرەیەکەی دیکەش بە هەمان شێوە دادەنیشن، یارییەکە پڕیەتی لە هێرش و بەرگری و کوژران و ڕاوڕاوێن. تەواوی بەڕێوەچوونی یارییەکە بە کۆس دەکرێ، کۆس دەتوانێ

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (ئەحمەد کۆیی) لە لاپەڕە ١٣ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٤١٧، سێشەممە، ١٢ی شوباتی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

سوارەکان بجولێنێ، ئەگەر چانست هەبێ و کۆست بۆ بێ، ئەوا سوارەکانت بە دوای یەکدی دەکەون و ڕاوی سواری بەرانبەر دەنێن و دەیانکوژن و لە یارییەکە دەریان دەکەن، دواتر دەچییە نێو شاری بەرانبەر، ئەوانیش بەرگری دەکەن و ڕاوت دەنێنەوە، یا دەتکوژنەوە، کە چوویە نێو شاری بەرانبەر ئەوانیش هەوڵدەدەن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و بێنە نێو شاری تۆ، کاتێ سواری لایەکیان بە تەواوی کوژرا سواری بەرانبەر براوە دەبن. جاری واهەیە یارییەک چەندین کاتژمێر دەخایەنێ، چونکە کۆست بۆ نایە و قسرت بۆ دێ، واتە: یارییەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە."

حەننا ئەورەهمەت، نزیکەی پەنجا ساڵە خەریکی یاری کۆسانێیە و باس لە سەردەمانی پێشوو دەکا، کە چۆن یارییەکە ئەنجام دراوە و دەڵێ: "ئەو کاتەی پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، خەڵک کۆدەبووهوە و یاری کۆسانێیان دەکرد، ئەو کاتە زیاتر لە نێو ڕەزان یارییەکە دەکرا، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتانەی ڕەشەبای بەهێز هەبوو و نەدەتوانرا گێرە بکرێ، هەموو سەپانەکان کە ١٥ بۆ ٢٠ سەپان دەبوون، لە نێو ڕەز کۆدەبوونەوە و یاری کۆسانێیان دەکرد، نیوەڕۆیانیش نەدەچوونەوە ماڵ، بەڵکوو لە نێو ڕەز لە سەر گیرفانی

دۆڕاوەکان نان دەخورا و تا ئێوارە لەوێ دەبوون، بۆ خۆیان کەیفیان دەکرد و بە دڵی خۆیان خۆشیان دەردەبڕی و گۆرانیان دەوت، ئەو بەشەی براوە بوون، بە تەواوی کەیفساز بوون، بەشی دۆڕاویش دڵتەنگ و نیگەران بوون. یارییەکە لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان گواسترایەوە نێو چایخانەکان و لەوێ ئەنجام دەدرا."

ئەورەهمەت، وتیشی: "هەموو تەمەنێک ئەو یارییە دەکا، لە شەش ساڵییەوە بگرە تا کۆتا تەمەن، هاوینان لە چایخانە یاری دەکەن و زۆربەی کات یارییەکان لە سەر شتی سادە دەکرێ، بۆ نموونە لەسەر چا و میوە، ئەگەر یارییەکە زۆر بەهێز بێ لە سەر گۆشت و نان خواردن دەکرێ، ئەو بەرەی بدۆڕێ دەبێ کەسە براوەکان داوەت بکات، جاروبار ئەو کەسانەی سەیری یارییەکەشیان دەکرد، داوەت دەکران و پارووی گەورە و چەوریان دەخوارد."

ئەورەهمەت، بە دەم یاریکردن و دڵخۆشییەوە، وتی: " ئەم یارییە بۆ وەرزشی جەستەش باشە، بۆ نموونە من ئێستا لە شوێنی خۆم بەرز دەبمەوە و کۆس هەڵدەدەم، جوڵە بە دەستەکانم دەکەم و دەمارەکانی جەستەشم جوڵەیان تێدەکەوێ."

هـاوژین سـڵێوە، لـە بـارەی یـاری کۆسـانێ وتـی: "یـاری کۆسانێ، یەکێکە لە یارییە فۆلکلۆرییە کۆنەکانی گوندی هەرمۆتە، تا ئێستا ماوەتەوە و یارییەکە ئەنجام دەدرێ. بەڵام نازاندرێ و کەسە بە تەمەنەکانی گوندی هەرمۆتـەش نـازانن ڕەگ و ڕیشـەی ئەو یارییە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و کەی پەیدا بووە و چۆن پەیدا بووە؟ تەنیا ئەوە دەزاندرێ وەچە دوای وەچە یارییەکە درێژەی پێدراوە، دەکرێ بڵێین: مێژووی یارییەکە کولتووری ناوچەکەیە. ئـەم یارییـە لـە زۆربـەی یارییـەکانی دیکـە چێژبەخشـترە، چونکـە جگـە لـەو کەسـانەی ئـەو یارییـە دەکـەن، کەسـانی دەوروبـەر و تەمەشاکەر چێژی زۆری لێوەردەگرن."

ئەو ئەکادیمییەی نێو هەرمۆتە، وتیشی: "ئەم یارییـە تـەنیا لـە هەرمۆتە ئـەنجام دەدرێ و لـە هـیچ شـوێنێکی جیهان ئـەو جـۆرە یارییـە بـوونی نییـە. هەڵبـەت لـە فۆلکلـۆری کـوردی باسـی ئـەو یارییە کراوە و بـە کـۆس و شـەش باسـی نـاوی هێنـراوە، کـاتێ دەڵـێن: کـۆس و شـەش بێ، واتـە باشـە و بـەختت هەیـە، مـەیلی بردنـەوەت هەیـە، ئەگـەرچی زیـاتر دوو شـەش بـەکاردێ کـە لـە یاری دۆمینەوە هاتووە."

سڵێوە، وتیشی: "لە پێشوودا لە ژێر سێبەری دار زەیتوون و ناو ڕەزان، یان لە هەر شوێنێکی دی کۆسپێکیان بە قوڕێکی پڕ

لە کای جوان شیڵراو دروست دەکرد، کە شێوەی لە خشتێکی براوە دەچوو، درێژییەکەی ٢٥ بۆ ٣٠ سانتم و پانییەکەی ٨ بۆ ١٠ سانتم دەبوو، ئەو خشتە بە ئەندازەی چاو دەکرا بە دوو بەشەوە و هەر بەشەی دوازدە جووت کونیان بە چیلکە دار تێدەکرد و وازیان لێدەهێنا تا وشک دەبووهوە، دواتر ٢٤ چیلکە داریان دێنا و هەر چیلکە دارێک لە شێوەی نیو قەڵەم ڕەساس دەبوو، بەڵام دارەکان لە یەکدی جیا بوون، واتە ١٢ بە ١٢ هەریەکەی بە ڕەنگ و شکڵێکی جیابوو بۆ ئەوەی بتوانن لەیەکتری جیابکەنەوە."

ئەو شارەزایەی کریستیانەکانی کۆیە، وتیشی: "لە دوای دروست کردن و ڕێکخستنی یارییەکە هاوڕێیان تێکڕا بەیەکەوە دەچوونە شوێنەکە و یارییەکانیان ئەنجام دەدا، بەڵام لە دوای ماوەیەک ئەو خشتەیان لە دار دروستکرد، چونکە هەڵگرتن و هاتوچۆی بە ئاسانی پێدەکرا و لە شەوانی درێژی زستان و هاوینان یارییەکەیان ئەنجام دەدا."

یاری کۆسانێ، لە نێو کریستیانەکانی هەرمۆتە ئەنجام دەدرێ، بەڵام تا ئێستا مووسڵمانەکانی ئەو شارە ئەو یارییە نازانن و نایکەن و کریستیانەکانیش هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ ئەوەی برەو بەو یارییە بدەن و خەڵکی کۆیە بەتایبەتی و

ناوچەکانی دیکە فێر بکرێ، ئەگەرچی سڵیوە، پێی باشە و دەیەوێ خول و دەورات بۆ فێرکردنی ئەو یارییە بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە چاپخانە و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام تا ئێستا نەڕەخساوە.

## جەژن لە نێوان غەفووری و حەوێزییەکاندا[1]

لە شاری کۆیەدا دوو بنەماڵەی ناودار و کۆن هەن، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و کولتووری تایبەتی بە خۆیان هەیە و وەک نەریتێکی جێگیر سەیری دەکەن، ئەوانیش: بنەماڵەی غەفوورییەکان و حەوێزییەکانە، ئەو دوو بنەماڵەیە خاوەن چەندین دابونەریت و کولتووری تایبەت بە خۆیانن، بەتایبەت لە ڕۆژانی جەژندا، چونکە حەوێزییەکان لە ڕۆژانی جەژندا ئاگر ناکەنەوە و غەفوورییەکانیش لە جیانی برنج ساوەر دروست دەکەن.

حەوێزییەکان یەکێکن لە بنەماڵە گەورەکانی شاری کۆیە، زیاتر لە ١٥٠ خێزان دەبن، لە کۆنەوە لەگەڵ غەفوورییەکان لەو شارەدا ژیاون، ئێستاش بەشێک لە حەوێزییەکان لە شاری هەولێر و سلێمانی و بەغدا نیشتەجێن.

دکتۆر دەریا جەمال حەوێزی، ئەکادیمیستی نێو حەوێزییەکان وتی: "هەر لە کۆنەوە بنەماڵەی حەوێزییەکان لە

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٦٥، سێشەممە، ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

هەردوو جەژنی قوربان و ڕەمەزان ئاگر ناکەنەوە و چێشتی جەژن ناکەن، بەڵکوو لەگەڵ خزم و ئاشنایان خواردن دەخۆن، یاخود خواردنیان بۆ دەنێرن، هەرچەندە ئێستا لە هەندێک لە ماڵە حەوێزییەکان ئەو ڕێچکەیە شکێنراوە و خواردن دروست دەکەن."

حەوێزی، هۆکاری نەکردنەوەی ئاگر و چێشت لێنەنانی گەڕاندەوە بۆ مێژوو و وتی: "کاتێک بەکر ئاغای حەوێزی دەچێتە سەفەر و لە ڕۆژی جەژن لە سەفەر دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەو کاتەشدا لە ماڵەکەیدا ئاو گەرم کراوە بۆ دروستکردنی خواردن، بەڵام دیارە قەدەری خوا وا بووە کە لەو کاتەدا بەکر ئاغا کۆچی دوایی دەکات و بەو ئاوە تەرمەکەی دەشۆن کە بۆ دروست کردنی چێشت ئامادەیان کردووە، لە دوای ئەو جەژنەوە حەوێزییەکان چێشت لە خۆیان حەڕام دەکەن و بە کارێکی هەڵە و نەشیاوی دەزانن بۆ بنەماڵەکەیان."

هەرچی غەفوورییەکانە، یەکێکن لە بنەماڵە گەورەکانی شاری کۆیە و زیاتر لە ٢٥٠ خێزان دەبن، لە کۆنەوە لەو شارەدا ژیاون، ئێستاش بەشێک لە غەفوورییەکان لە شاری هەولێر و چەند شارێکی دیکە نیشتەجێن.

لای خۆیەوە شێروان کاکەزیادی غەفووری سەبارەت بە شێوازی چێشت لێنانی بنەماڵەی غەفوورییەکان، گوتی: "ئێمە پێچەوانەی تەواوی خەڵکی لە ڕۆژانی جەژندا برنج لێ نانێین، بەڵکوو ساوەر ئامادە دەکەین." کوڕی کاکە زیادی غەفووری، بە هەمان شێوەی حەوێزییەکان هۆکاری دروستکردنی ساوەری گەڕاندەوە بۆ مێژوو و وتی: "بنەماڵەی غەفوورییەکان لە کۆنەوە لە شارەکەدا خواپێدراو و دەوڵەمەند بوون، بەڵام بۆ ئەوەی خۆیان لە خەڵکەکەی دیکە جیا نەکەنەوە، بە هەمان شێوەی ئەوان ساوەریان دروست کردووە."

لە بەرانبەردا کارمەند سەمەد ئاغای غەفووری، کە گەنجێکی خوێندەوارەی غەفوورییەکانە، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت: " غەفوورییەکان و عوسمانییەکان لە جەژنێکدا بە شەڕ دێن و لەو شەڕەدا چەند کەڵەپیاو و کەسایەتی دیاری غەفوورییەکان دەکوژرێن، لە دوای ئەو کاتەوە غەفوورییەکان برنج لە ڕۆژانی جەژن لێ نانێن و خواردنی برنج لە ڕۆژانی جەژن لە خۆیان حەرام دەکەن."

## کەلهوڕەکان بە شێوەزاری خۆیان قسە دەکەن(١)

تیرەی دەربەندییەکان ٣٠٠ ساڵیک پێش ئێستا لە ناوچەی کرماشان و دەروەندی شاهۆی ڕۆژهەڵات کوردستان هاتیونە باشوور کوردستان و لە دێیەکانی کانی لەلە و ئومەرگومەت و سێگردکان و سێکانی نیشتەجێ بیون و تا ئەی شێوەزارەی خوەیان بە باشی پاراستیون و توانستیون کلتور و نەریت باپیرانیان لە فەوتیان بپارێزن.

هەندرین عەبدوڵڵا، خەڵک دێی سێکانی و دانیشتوان ناحیەی سێگردکانە، بەی شێوەزار خویان، دویشیک: "هەمووی ئەو مەنتیقەیە، مەنتیقەی (کانی لەلە، ئومەرگومبەت، سێکانی، سێگردکان) بەی زمانە لوری قسەکەین، ئەگەرچۆی یەک تیرە و تایفە نین، بەڵام لەناو خۆمان و لە ناو خێزانمان هەر بەی زمانە قسەکەین و کلتور و زمان خۆمان هەر پاراستیون و ئەگەر بچنە دەرەوە لەو سنوورە بە شێوەزاری سۆرانی قسە کەین، بەڵام گەر دوو لوری لە دەرەوەش بین هەر بەی شێوەزار لوری قسەکەین."

---

(١) ئەم بابەتە لە ژێر ناوی (ئەحمەد کۆیی) لە لاپەڕە ١٨ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٤١٧، سێشەممە، ١٢ی شوباتی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

دانیشتوان ئەی چار دێیە سنوور ناحیەی تەقتەق و سێگردکان، لە تیرەی دەروەندییەکانن، کات خۆ لە ڕۆژهەڵات کوردستانەوە هاتیونە سنوور دەشت کوو و تا ئیستاش هەمووی بەی شیوەزارەی خوەیان قسەکەن.

هاوکات عوسمان عەلی، خەڵک دێی کانی لەلە و دانیشتووی هەمان دێیە و لە بارەی دەروەندییەکان و لورییەکان دویشیک: "لە کۆنەوە ئەو زمانە بەکار هاوردین و بەکارهاتیون و هیچ گۆڕانکاری وا بەسەر نەهاتیون، بەڵام لە ئێستادا هەندێ وشە نەمیکین، ئەگەرچۆی بەردەوام بە لوری قسەکەین و بەڵام یەکێ نەناسراو بێتە ناوچەکە ڕاستەوخۆ زمانەکە گوێڕنین و هیچ بە زمان خۆمان قسە نەکەین، بەڵام لە ناو خۆمان هەر بەو شێوە زارە قسەکەین و کلتور و نەریت و شێوەزار خۆ دەپارێزین و درێژەی پێدەدەین."

ئەگەر چۆێ دەربەندییەکان کەوتیونە سنوور جوغرافی شێوە زار کرمانجی خواری، بەڵام ئەیە نەبێتە هۆی ئەوەی شێوەزار خوەیان بزر و فەرامۆش بکەن، بەڵکە هەمیشە قسە بەی شێوەزارە کەن.

ئایشێ محەممەد، یەکێکە لە بەتەمەنترین خانمی ناوچەکە و یادەوەری باشی هەیە و یادەوەری هاوکاری دەکا بۆ گێڕانەوەی

چەند باسێکی پێشووی تیرەی دەروەندییەکان و شێوەزار لوریەکان، لەم بارەیەوە دویشیک: "لە کۆنەوە ژیان و گوزەران ئەی چار دێیەی ناوچەی ئێمە، زیاتر لەسەر ئاژەڵداری و فەلاحەت و زراعەت و باغدارییە، باغداری وەک هەنجیر و زەردەلوو. هەروەها ئەی تیرەی دەروەندییەکان بە درێژایی مێژوو تەبا و کۆک بیون و ڕەفیق بیون، لە کۆنەوە بەی زمانە لوری قسەکەین و ئەی زمانە تایبەت بەخۆمان هەستن."

ئەو خانمە تەمەن هەڵکشاوەی ئاوایی کانی لەلە، زیاتر دویشیک: "ئەگەرچۆی تەبا و کۆک بیون، وەلێ لە سەرەتای سالانی هەشتاکان خەڵکەکەمان پەرتەوازە بیون و دواتر و لە ئەنفال دیسانەوە پەرتەوازە بیون، دوای ڕاپەڕین هاتینو ئەی ناوچە و سنور خۆمان و لە ئێستادا خەڵک لە سنورەکەم کە بیون و زیاتر چوونە دەرەوەی مەنتیقەی خۆ، بەڵام هەر بە شێوەزار خۆ قسەکەین."

ئایشێ، ئێستا لە ناحیەی سێگردکان نیشتەجێیە و باسی ژن و ژنخوازی سەردەمی پێشوو دەکا و دویشیک: "ئەو کات ژن هینان جیابوو، ژن هینان بە ڕۆژ نەبوو، بەشەو بوو، بە شەو ژن دەگوازیاوە، خەنەبەندان زۆر دەکرا و خەنە دگیریا خەڵکی زۆر

زۆر دەهاتیون، ئەوەی لەبیرمە چوار پێنج ژن هاوردین هەر بە خەڵک زۆر و لەشکر و نان خواردنی گەورەوە کراوە."

شارەزایک میژووی دەربەندیەکان، دویشیک ٣٠٠ ساڵێک پیش ئیستا دەربەندییەکان لە کرماشان و دەروەند شاهۆوە هاتیونە ناوچەی ئیستاییان. جومعە کانی لەلەیی نوسەر و شارەزای شێوەزار لوڕی و تیرە دەربەندییەکان دویشیک: "دەبوو بگەڕدینەوە ئەرا سەردەمە مێژووییەکەی خۆی، کە پیش ٢٥٠ تا ٣٠٠ ساڵێک پیش ئیستا، سەرۆک عەشیرەت تیرەی دەروەندی لە دەروەند شاهۆ و ناوچەی زەهاوەوە هاتیوون خانەقین و نۆ مانگ لە خانەقین بیون، دواتر هاتیونە دووکان و دواتر ڕەوکردینە دەشتی کو و لە مەرزان نیشتەجێ بیون، تیرە دەربەندییەکان لێرە لە کاروکاسبی گەڕدیون و سوڕیاون، لەوە تیگەیشتیوون کە شوین بدینەوە ئەرا ئاودیری و کاری کشتوکاڵی بەرهەمداری بدیننەوە، دیارە ئەو دەم زێیەیان بەباش زانیون و هاتیونە ئەو دێیانە، ئەوکاتە دێ ئاوەدان نەبوە، ئەوان یەکەم کەس بوون کە دێی ئومەرگومبەت دروست کردیون، پاشان پەرت بوون و گەشەیان کردوە، چەند دێیەکیان دروست کردیە."

جومعـه دەروەنـدی زیـاتر دویشـک: "دەروەندییـەکانی ئـەو سنوور چوار قوغەلە، نەریتی زمان و کولتوری خۆی پاراستیون و دەوەلیا بەردەوامن. ئەو کەسانەی بە شێوەزاری لوری قسە کەن، نزیکەی ٢٠٠٠ خێزان دەبن و نزیکەی حەوت هەزار کەس دەبن، ئەگەر چۆی دەروەندییەکان هەر لەو ٤ ئاواییە نین، بەڵکو زۆربەی خەڵکەکە لە ناحیەی تەقتەق و ناحیەی سێگردکان دەژین و خـەڵک تـەواوی سـێگردکان و تەقـتەق لـەو زمانـە تێدەگـەن، تەنانـەت تـەواو دانیشـتووان گـەرەکی گۆڕقـەرەج و ئاشـتی لـە تەقتەق خەڵکی ئەو دێیانەن و بەی شێوەزارە قسەکەن."

دانیشـتوان ئـەی چـار دێیـە بـەی شـێوەزارە قسـەکەن و دابونەریت خوەیان پاراستیون و توانستیون لە کاروبار ڕوژانەی خوەیان بەکاری بیارن و تا ئیستا پابەند بەو شێوەزارە و قسە بەیکەن.

## کۆیە: زەوی کشتوکاڵی لە زیادبووندایە(١)

کـۆیە یەکـێکە لە شـارەکانی سـەر بە پارێزگـای هەولێـر، ڕووبەری کـۆیە ٢٠٥٠ کیلـۆمەتر چوارگۆشـە، لەو ڕێـژەیەش بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوی فاو کە لە ساڵی ١٩٩٩ کردوویەتی زەوی کشتوکاڵی کۆیە بە ٧٢٦٢٧٧ دۆنم خەملێندراوە. بە وتەی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، لە ئێستادا کشتوکاڵی کۆیە زیادی کردووە.

عوبێد سەعید، جووتیارێکی گوندی کانی هەنجیرە لە دەشتی کۆیە، کە ساڵانە گەنم و جۆ و نۆک و نیسک و پاقلە بەرهەم دەهێنێـت، دەڵێـت: "سـاڵانێکی زۆرە لە گونـدی کـانی هەنجیـر خەریکـی کشـتوکاڵم، لە ڕاسـتیدا زەوی کشـتوکاڵی سـنووری نـاوچەی ئـێمە جیـاوازییەکی ئەوتـۆی لە ڕووبەر بەسـەردا نەهاتووە لە چاو پێشوودا. ئەو زەویەی ئێستا هەیە، هەمان ئەو زەویەیە کە لە ماوەی ڕابردوو ئیشمان تێدا کردووە، لە ئێستادا لە سـەر هەمـان زەوی ئـیش دەکەیـن و بەروبوومەکانمـان دەچێنین."

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٦١٨، یەکشەممە، ١٦ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

عوبێد تەمەنی نزیکە بە ٦٠ ساڵە، زیاتر دەڵێ: "لە هەندێ شوێنی ستراتیژی و گەشتیاری زەوی تەلبەند کراوە و لە زەوی گشتی کشتوکاڵی جیاکراوەتەوە، بەڵام ناوچەکەی ئێمە ئەو شوێنە گرنگە نییە کە خەڵکی ئارەزووی تەلبەنکردنی زەوییەکانی بکات، ئەمەش دیارە پەیوەندی بە ستراتیژی نەبوونی ناوچەکە و نەبوونی ئاو بە پلەی یەکەم هەیە.

لە شوێنە ستراتیژی و گەشتیارییەکان زەوی داگیر کراوە، وەکوو هاوینەهەواری چنارۆک و دۆڵی سماقووڵی، لەم بارەیەوە هۆشەنگ ئەنوەر، کە لە گوندی کرۆژ/ دۆڵی سماقووڵی جووتیارە وتی: "لەم ساڵانەی دوایدا بە شێوەیەکی گشتی ئەو زەوییانەی کەوتبوونە شوێنی گرنگ و گەشتیاری و نزیک ئاو، لە لایەن بەشێکی زۆر لە خەڵکی و کەسانی پلەدار چاوی کەوتبووە سەر، بە گشتی دۆڵی سماقووڵی ناوچەیەکی جوان و دڵڕفێن و خۆشە، ئەمەش وای کردووە زەویوزار لەو ناوچەیەدا تەلبەند بکرێ، ئەنجامەکەشی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەروبووم و بەرهەم لە ناوچەکە، چونکە بە تەلبەند کردنی هەر چەند دۆنمێک زەوی مەودایەکی زۆر لە شوێنی بەرهەم لەناودەچێ. ئەمەش کاریگەری بەسەر بەرهەم و بەروبوومی ناوچەکەوە دەبێ،

ئەگەر بەم شـــێوەیە بـــڕوا، بە شـــێوەیەکی گشـــتی، بەرهەم کەمدەبێتەوە و ئەو دۆڵە سیما ڕاستەقینەکەی لەدەستدەدا.

ســـاڵی ۱۹۹۹ لە لایەن ڕێکخـــراوی فـــاو، ئامـــاری زەویـــیە کشتوکاڵییەکانی کۆیە کۆکرایەوە، لەو کاتەوە تاکوو ئێستا هیچ ئامارێـــک لە لایەن وەزارەتـــی کشـــتوکاڵی و بەڕێـــوەبەرایەتی کشـتوکاڵی کۆیەوە نەکراوە. ڕێکخـراوی فـاو، ئامـاری هەر پێنج ناحیەکەی قەزای کۆیەی بەم شێوەیە کردووە:

کـۆی گشـتی زەوی کشـتوکاڵی نـاحیەی شـۆرش ۳۰۱۸۹۳ دۆنمە، لەو ڕێژەیەش ۸۸۸۸۹ دۆنم زەوی بۆ چاندن شیاوە.

لە نـــاحیەی ســـیگردکان ۷۹٦۳٤ دۆنـــم زەوی هەیە، لەو ڕێژەیەش ۱٦۰٤۷ دۆنم زەوی بۆ چاندن شیاوە.

لە ناحیەی سکتان ٤٥۱۷۱ دۆنم زەوی هەیە، لەو ڕێژەیەش ۱۰٤۲۷ دۆنم زەوی بۆ چاندن شیاوە.

لە ناحیەی تەقتەق ۱۰۹۹۲٥ دۆنم زەوی هەیە، لەو ڕێژەیەش ۳۱٦۸۰ دۆنم بۆ چاندن شیاوە.

لە ناحیەی ئاشتی ۷٦٥۳۹ دۆنم زەوی هەیە، لەو ڕێژەیەش ۲۸۳۲٥ دۆنم زەوی بۆ چاندن شیاوە.

هاوکات لە نێو سەنتەری قەزای کۆیە ۱٤۹۱۱٥ دۆنم زەوی هەیە، لەو ڕێژەیەش ٤۸۱۳٦ دۆنم زەوی شیاوە بۆ چاندن.

بەمشێوەیە بە هەر پێنج ناحیەکە و سەنتەری قەزا، ٧٦٢٢٧٧ دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە سنووری قەزاری کۆیە هەیە، لەو ڕێژەیەش ٢٢٣٥٠٤ دۆنم بۆ چاندن شیاوە.

لەکۆی ئەو ڕێژەیەش ٣٢٤٢٨ دۆنم زەوی بەراو، لە سەر زەوی تایبەت و زەوی میری و زەوی کەرتی تایبەت و کشتوکاڵی هەیە، هاوکات ٢٤٤٠٧٤ دۆنم زەوی پشتاوە، لە سەر زەوی تایبەت و زەوی میری و زەوی کەرتی تایبەت و زەوی کشتوکاڵی.

بە شێوەیەکی گشتی، لە سەر ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی، گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، پیاز، پاقلە، هەنار، خەیار، بامیە، فاسۆلیا، تریێ، سێو، هەرمێ و زەیتوون و چەندەها بەرهەمی تری لێدەچێنرێ.

هەرچی مەودا زەوییەکانی تری سنووری کۆیەیە، لە پاوان، بەردەڵان، دارستان، ڕەز و باغ و ڕووبەری لەوەڕگا پێکدێت.

سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە دەڵێت: "ئەگەر بمانەوێ ئاماری نوێی زەوییە کشتوکاڵییەکانی سنووری قەزاری کۆیە کۆبکەینەوە، بە لای کەمەوە شەش مانگی پێویستە، تاکوو ئێستاش هیچ هەوڵێک نییە بۆ ئامارکردنەوەی سنوورەکەمان."

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە وتیشی: "لە سنووری قەزای کۆیە زەوی کشتوکاڵی لە چاو ساڵانی ڕابردوو زیادی کردووە، لەبەر ئەوەی بەشێک لەو زەوییانەی لە ماوەی ڕابردوو بەردەڵان و پاوان بووە، یاخود ئەو شوێنانەی جووتیار دەستی پێڕانەگەیشتووە، لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتن و بوونی ئامێر و پێداویستییەکان، ئەو شوێنانەش کراوە بە زەوی کشتوکاڵی و بەرهەمی لێ پەیدا دەبێ. ئەگەرچی لە هەندێ شوێن، زەوی کشتوکاڵی تەجاوز کراوە، بەتایبەتی زەوییەکانی هاوینەهەواری چنارۆک و دۆڵی سماقووڵی کە کراوەتە باغی تایبەتی، هەڵبەت تەلبەند کردنی زەوی لە تەواوی کوردستان هەیە، کۆیە لە چاو شارەکانی دیکەی کوردستان، کەمترین زەوی داگیر کراوە."

ناوبراو وتیشی: "لە داگیرکردن و تەلبەندکردنی زەوییەکانی نێو سنووری ئیداریمان، قایمقام و پۆلیسی دارستان و دادگا ئاگادار دەکەینەوە، لە ڕێگەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵی هەوڵی گەڕانەوەیان دەدەین."

## جووتیارانی کۆیە زیانی ماددییان پێدەگات و نیگەرانن[(١)]

هەر شەوێکی مانەوەی جووتیاران لە سەرەی وەرگرتنی دانەوێڵەکانیاندا زیانی ٧٥ هەزار دیناریان لێ دەدات، کە دەبێت بیدەن بە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەرهەمی جووتیارەکان دەگوازنەوە، بەمەش ئەگەر جووتیارێک ١٠ شەو لە چاوەڕوانی وەرگرتنی بەرهەمەکەی بێت، دەبێت ٧٥٠ هەزار دینار بداتە خاوەن ئۆتۆمبێلەکە، ئەمەش پارەی تەنێک گەنم دەکات.

وەزارەتی بازرگانی عێراق لە ڕێگای سایلۆکانەوە لە سەرتاسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ساڵانە لە ١ی حوزەیران بۆ ٣١ی تەممووز گەنم لە جووتیاران وەردەگرێت و لەناوخۆدا دەکرێت بە ئارد و بەکاردەهێنرێت. هەروەها نرخی وەرگرتنی گەنم لە جووتیاران لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە دیاری دەکرێت بە پێی باشی و خراپی گەنمەکە.

بۆ ئەمساڵیش نرخی گەنم وەک ساڵی ڕابردوو دەبێت، یەک تەن گەنمی پلەیەک بە ٧٩٢ هەزار دینار، گەنمی پلە دوو بە ٦٨٢ هەزار دینار و گەنمی پلە سێ بە ٥٧٢ هەزار دینار لە جووتیاران وەردەگیرێت.

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٧ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٣٣٩، دووشەممە، ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

عوسمان عەزیز، تەمەنی ٤٨ ساڵە، جووتیاری گوندی قوڵقوڵەیە لە دەشتی کۆیە، ماوەی هەشت ڕۆژە لە چاوەڕوانی فرۆشتنی بەرهەمەکەیەتی، لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمەی جووتیاران لە ڕەوشێکی خراپداین، تەنانەت دەچەوسێنرێینەوە، بە ڕاستی من خۆم بە مەغدور دەزانم، کە ماوەی هەشت ڕۆژە لە چاوەڕوانیداین و زەحمەتە بە دوو ڕۆژی تریش نۆرەی فرۆشتنی بەرهەمەکەم بێت."

بە وتەی ئەو جووتیارە، زیاتر لە هەفتەیەک مانەوەیان بۆ فرۆشتنی بەروبومەکانیان، سەرەڕای ماندووبوونی جەستەیی، زەرەرێکی زۆری مادییان بەردەکەوێت، هەر وەک دەڵێت: "ئێمە بەرهەمەکەمان کە لە گەنم پێکهاتووە، بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر هێناومانە و بۆ مانەوەی هەر شەوێک دەبێت بڕی ٧٥ هەزار دیناری عێراقی بە خاوەن ئۆتۆمبێلەکە بدەین."

ئەو جووتیارەی دەشتی کۆیە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەمساڵ بەرهەمی گەنمیان بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زۆر زیادی کردوە، ساڵی ڕابردوو ١٣ تەن بەرهەمی گەنمی هەبووە، بەڵام ئەمساڵ نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ تەن بەرهەمی هەبووە، لە سەر هەمان ڕووبەری زەوییەکەیدا.

عوسمان عەزیز، هۆکاری سەرەکی زۆر مانەوەیان بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر و هەولێرەوە بەرهەمەکانیان دەبەنە کۆیە، بە مەبەستی فرۆشتن.

هەنگاو تاریق، تەمەن ٢٤ ساڵ، جووتیارێکە کە گەنمی لە گوندی شیوەجانی سەر بە ناحیەی ئاشتی هێناوە بۆ بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە، بەوتەی خۆی ١١ ڕۆژە لە چاوەڕوانی دایە، سەبارەت بە بەرهەمەکەی دەڵێت: "ئەمساڵ بەرهەمم دوو بەرانبەری ساڵی ڕابردوو زیادی کردوە."

بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە لە ساڵی ڕابردوو دەستی کرد بە وەرگرتنی بەرهەمی هاوولاتییان و لەو ساڵەدا جێگای عەمبارکردنی هەشت هەزار تەن بەرهەمی هەبووە، لە کاتێکدا نزیکەی ٣٠ هەزار تەن بەرهەمی ئەو سنوورە بووە، لە ئەمساڵیشدا ئەو بنکەیە فراوانکراوە و توانای عەمبارکردنی ١٣ هەزار تەن دانەوێڵەی هەیە، ئەوەی لەعەمبارەکانی ئەو بنکەیە جێگای نەبێتەوە دەبێت ببردرێت بۆ هەریر و مەخموور و هەولێر.

لە ئێستادا ١٣ سایلۆ بۆ عەمبارکردنی گەنم لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و چوار سایلۆی نوێش لە دروستکردندان.

یاسین عومەر، تەمەن ٣٠ ساڵ، یەکێکی ترە لەو جووتیارانەی کە یازدە ڕۆژە لە چاوەڕوانی فرۆشتنی گەنمەکەیەتی لە قەزای کۆیە، بە پێوستی دەزانێت لایەنە پەیوەندیدارەکان میکانیزمێک بگرنەبەر بۆ ئەوەی چیتر جووتیاران ماندووبوونێکی زۆر نەکێشن و زەرەری مادییان بەرنەکەوێت.

یاسین عومەر دەڵێت: "پێویستە هەفتەیەک بەرهەم لە جووتیارانی سنووری کۆیە وەربگرن و هەفتەیەکی دی لە جووتیارانی دەرەوەی سنووری کۆیەی وەربگرن، بۆ ئەوەی زۆر ماندوو نەبین و زەرەر نەکەین، هەروەها زیاتر ڕێگا بدرێ بە چوونە ژورەوەی تراکتۆر لە چاو ئۆتۆمبێلی گەورەی بارهەڵگر."

بەرپرسی بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەوەی لە توانایاندا بوو بێت کردوویانە، بەڵام لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە ئەو کێشانە چارەسەرب کەن، چونکە توانای بنکەکەیان کەمە.

محەمەد ئەحمەد، بەرپرسی بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە دەڵێت: "ناتوانین ڕۆژانە لە ٥٠ بۆ ٧٠ بارهەڵگر زیاتر وەربگرین بەتایبەتی لە ئێستادا ئەستەمترە، لەبەر ئەوەی جێگای

وەرگرتنی بەرهەم کەمبووەتەوە، ئەگەرنا هیچ گرفتێکمان لەگەڵ جووتیارەکاندا نییە، ئەوان بە هەر شێوەیەک ڕێکبکەون و چۆن ڕازی بن ئێمە بە قسەیان دەکەین، ئینجا دەیانەوێت ڕۆژ بە ڕۆژ یاخود هەفتە بە هەفتە جیای بکەنەوە."

بەرپرسی بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە، سەبارەت بە ناڕەزایی جووتیاران لە هاتنی جووتیاری ناوچەکانی دیکە بۆ بنەکەکەیان، دەڵێت: "ئێمە بە گوێرەی دەموچاو مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییان ناکەین، تا بزانین خەڵکی چ ناوچەیەکی کوردستانن، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئەو نووسراوە فەرمییە مامەڵە دەکەین کە لە لای جووتیارانە، هەرچەندە نازانین ئەو نووسراوانە لە کوێ دەهێنن؟ کشتوکاڵ پێیاندەدات یاخود دەیکڕن."

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە باس لەوە دەکات کە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی بازرگانی عێراقدایە، نەک وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان، "بەڵام لەبەر نەبوونی فەرمانبەر داوایان لە ئێمە کردوە سەرپەرشتیک ردنی بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە بکەین."

بە وتەی سەربەست فەقی، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، ئەو کەسانەی ئێستا لە چاوەڕوانیدان بۆ فرۆشتنی

بەرهەمەکانیان، سەرجەمیان خەڵکی سنووری کۆیەن، یاخود خەڵکی ناوچەی بیتوێن و پشدەرن، بەڵام زەوی کشتوکاڵییان لە سنووری قەزای کۆیە هەیە.

"نووسراوی فەرمییان لە لایە کە کاتی خۆی بە جووتیارەکان دراوە و بە گوێرەی بەرهەمی کەسەکە پێنج تەن، یاخود دە تەن، تەنانەت جووتیار هەبووە بە نووسراوی فەرمی ٥٠ تەنیشی پێدراوە، بەلەبەرچاوگرتنی زەوی کشتوکاڵییەکەی کە دەبێت بەرهەمەکەی داخڵی بنکەکەمان بکات"، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە وا دەڵێت.

سەربەست فەقێ، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوەی لە توانای ئەواندا بێت بە هەموو شێوەیەک هاوکاری جووتیارەکانی ئەو سنورە دەکەن، "چونکە ئەو بنکەیە تایبەتە بە جووتیار کە چینێکی هەژارن، بەڵام من چ دەسەڵاتێکم دەبێ، یاخود دەتوانم چی بکەم؟ کە خەڵکەکە بەشێک لەو ڕێژە تەنە گەنمەی خۆی کە بۆی نوسراوە دەفرۆشێت بە خەڵکی دەرەوەی کۆیە."

بەشێک لەو گەنمەی لە لایەن بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیەوە لە جووتیاران وەردەگیرێت دەنێردرێت بۆ ئاشی کۆیە و دەکرێت بە ئارد، بەشەکەی دیکەشی دەنێردرێت بۆ هەولێر.

## ساڵێکی هات و نەهات بۆ گەنمی کۆیە[1]

نیوەی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جووتیاران لە سنووری قەزای کۆیە، لە ژێر هەڕەشەی وەرنەگرتن دایە لە لایەن بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەوە، ئەوەش بە هۆی نەبوونی سایلۆیەکی گەورە و کەمی توانای وەرگرتنی گەنم لەو بنکەیە، لە کاتێکدا بەرهەمەکە ڕووی لە بەرزبوونەوەی بەرچاو کردوە.

قەزای کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێرە و خاوەنی زەوییەکی بەپیتی کشتوکاڵییە و لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین بەروبوومی کشتوکاڵی، لە ناویاندا دانەوێڵە و جووتیارێکی زۆر بە بەرهەمهێنانییەوە خەریکن.

بۆ یەکەمجار لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٣ لە شاری کۆیە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە کرایەوە و بەرهەمەکانی جووتیارانی وەرگرت، ئەمساڵ سێیەم ساڵە بەرهەمی جووتیارانی سنوورەکە وەردەگیرێت، بەڵام ئەوەی جووتیارانی نیگەران کردوە، نەبوونی سایلۆیە بۆ ئەوەی دانەوێڵەی لێ عەمبار بکرێت.

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٥٨٥، سێشەممە، ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

به پێی ئاماری کشتوکاڵی کۆیە، بەرهەمی ئەمساڵی گەنم زۆر زیادی کردوە و نزیکەی ٣٠ بۆ ٣٥ هەزار تەن دەبێت، لە کاتێکدا لە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵە تەنیا جێگای ١٥ هەزار تەن هەیە.

کوردۆ غەفوور، جووتیار لە ناحیەی تەقتەقەوە، گەنمی بۆ بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە هێنابوو، کە وتی: "ساڵانە لە کاتی پێدانی بەرهەمەکانمان بە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵە، لە زۆر لایەنەوە توشی کێشە دەبین، ماوەی ١٤ ڕۆژە چاوەڕوانم بۆ ئەوەی گەنمەکە بدەمە سایلۆ، لەوانەیە سبەی بتوانم بیفرۆشم، ئەو ماوەیەش زۆر زۆرە بۆ جووتیاران."

باسی لەوەشکرد، ئەو شوێنەی دیاری کراوە بۆ وەرگرتنی گەنم کەمە و جێگای ئەو هەموو گەنمە نابێتەوە، هەر کاتێک جێگا نەما، هیچ چارەیەکیان نامێنێ، جگە لەوەش نادادپەروەری لە وەرگرتنیدا هەیە.

لە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵە لە کۆیە، ڕیزێکی درێژی بارهەڵگری پڕ لە گەنم دەیان ڕۆژە نۆرەیان گرتووە، جووتیاران بە دیار ئۆتۆمبێلەکانەوە چاوەڕوانی وەرگرتنی گەنمەکەیان دەکەن، هەرچەندە وەک خۆیان دەڵێن دیار نییە، بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە، یان نا، بە هۆی بچووکی شوێنەکەوە.

ئاوارە ئەنوەر، جووتیارێکە و لە گوندی بۆگدی دەشتی کۆیەوە گەنمی بۆ سایلۆی کۆیە هێنابوو، ماوەی ١٠ ڕۆژە لە چاوەڕوانی وەرگرتنی گەنمەکەیدایە، کە وتی: "ڕەنگە بە چوار ڕۆژی تر بتوانم بەرهەمەکە بفرۆشم، ئەو ماوەیەش زۆرە بۆ وەستانی بارهەڵگر و جووتیار."

وتیشی: "دەڵێن ئەم بنکەیە جێگای وەرگرتنی هەموو گەنمی سنووری کۆیە نابێتەوە، ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئەگەرچی بە بەردەوام هەوڵدەدەن جێگای زیاتر ببێتەوە، بەڵام لەوانەیە تەنیا دوو ڕۆژی تر گەنم وەربگیرێ، چونکە لە دوای ئەو دوو ڕۆژە جێگا نابێتەوە کە گەنمەی لێ عەمبار بکەن."

ئەمساڵ بۆ بەرهەمی گەنمی کۆیە، بە ساڵی هات ناوی دەهێنرێت لە لایەن جووتیارانەوە، بەو پێیەی ڕێژەیەکی زۆر بەرهەم هاتووە، گەنمەکانیش لە لایەن لیژنەی تایبەت بە وەرگرتنییەوە لە بنکەکە بە سێ بەش پۆلێن دەکرێن، پاشان وەردەگیرێن، کە هەریەکەیان نرخیان جیاوازە، گەنمی نمرە یەک نرخی ٧٩٢ هەزار دینارە، گەنمی نمرە دوو ٦٨٢ هەزار دینارە و گەنمی نمرە سێ ٥٧٢ هەزار دینارە بۆ هەر تەنێک.

هونەر سەلام، ئەندازیاری کشتوکاڵی و ئەندامی لیژنەی وەرگرتنی دانەوێڵە، لە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵە، وتی: "ئەمساڵ

ساڵی هاتی بوو بۆ گەنمی کۆیە و زۆر زیادی کردووە، هەوڵمانداوە بتوانین زۆرترین بەرهەم لە جووتیاران وەربگرین."
بە پێی ئامارەکان، یەکەم ساڵ کە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵە لە کۆیە کرایەوە تەنیا جێگای وەرگرتنی ١٠ هەزار تەن بەرهەم هەبوو، بەڵام ساڵی ڕابردوو نزیکەی ١٣ هەزار تەن بەرهەم شوێنی کراوەتەوە.

هونەر سەلام دەڵێت: "ئەمساڵ هەوڵی زۆر دراوە و لە توانامان دایە نزیکەی ١٥ هەزار تەن بەرهەم وەربگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین تەواوی ئەو بەرهەمەی لە سنورەکەدا هەیە وەریبگرین، چونکە ئەمساڵ زیاتر لە ٣٠ هەزار تەن بەرهەم هەبووە."

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە، بەڵکوو دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

هونەر سەلام ڕەتی کردەوە بەرهەمی ساڵی ڕابردوو هێنرابێت بۆ بنکەکەیان، وتیشی: "لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا بە گوێرەی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەسەر بەرهەم و ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکەدا دەگیرێت."

به وتەی ئەو کەسانەی لە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە بەرهەمی جووتیاران وەردەگرن، تا ئێستا زیاتر لە ١٠ هەزار تەن بەرهەمی گەنمی جووتیاران وەرگیراوە و ڕۆژانە نزیکەی هەزار تەن گەنم وەردەگیرێت.

سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، سەبارەت بە نەمانی شوێنی وەرگرتنی دانەوێڵە، وتی: "ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، چونکە بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەی کۆیە لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی بازرگانی عێراقدایە، نەک وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم."

وتیشی: "بەڵام لەبەر نەبوونی فەرمانبەر داوایان لە ئێمە کردووە سەرپەرشتی بنکەی کۆیەی وەرگرتنی دانەوێڵە بکەین، هەڵبەت ئەمساڵ بەرهەمی جووتیاران زۆر زیادی کردوە، کە نزیکەی ٣٠ بۆ ٣٥ هەزار تەن دەبێت."

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە ئاماژەی بەوەشکرد، بڕیار بوو ساڵی ڕابردوو سایلۆ لە کۆیە دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا دیار نییە دروست دەکرێت یاخود نا، چونکە ئەوەی لە کۆیە هەیە، بنکەی وەرگرتنی دانەوێڵەیە.

لە بنکەکانی وەرگرتنی دانەوێڵە، چەندین جۆر پشکنین بۆ بەرهەمی گەنمی جووتیاران دەکرێت، لە هەر بارهەڵگرێکی پڕ لە

گەنم لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتەوە هەشت نموونە لە گەنمەکە بە هەڕەمەکی وەردەگیرێت، پاشان پشکنین بۆ جۆر و باشی و خراپی کوالێتییەکەی دەکرێت، دواتر پلەبەندی دەکرێت و نرخی لەسەر دادەنرێت، دواتر گەنمەکە وەردەگیرێت و لە عەمبارە بەرز و گەورەکانی بنکەکەدا هەڵدەگیرێت.

ئەو گەنمەی لە بنکەی وەرگرتنی گەنمی کۆیە لە جووتیاران وەردەگیرێت، بەشێکی زۆری ڕەوانەی سایلۆی هەولێر دەکرێت، بەشێکیشی ڕەوانەی کارگەی دروستکردنی ئاردی کۆیە دەکرێت.

ئیبراهیم عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بازرگانی دانەوێڵە/ لقی هەولێر، دەڵێت: "پێویستە پێش ڕووداو نەکەوین کە جێگەی هەموو بەرهەمەکە دەبێتەوە یاخود نا، تا جێگا هەبێت بەرهەم وەردەگرین، بەڵام بڕواناکەم جێگا نەبێتەوە."

پێشی وایە، بەرهەمی ئەمساڵی گەنمی کۆیە ئەو ڕێژەیە نابێت کە باس دەکرێت، "بە هیچ شێوەیەک ناگاتە ٣٠ هەزار تەن، ئەوەی باسی دەکرێت ڕێژەیەکی خەیاڵییە، ئەگەر بەرهەمەکە گەیشتە ئەو ڕێژەیە، ئەوە گوزارشتە لە هێنانی گەنمی ناوچەی تر بۆ کۆیە."

## نەخۆشییەکی ترسناک زەیتونی کۆیە لەناودەبات(١)

ئازاد فەڕەنسی، جووتیاری ناسراوی شاری کۆیە، لە بارەی بەرهەمی زەیتوونی هەرمۆتە دەڵێت: "تەمەنێکە مژیلی بەرهەمهێنانی زەیتوونم، ساڵانی پێشوو کۆیە بە زەیتوون زۆر بەناوبانگ بوو، زۆربەی بەرهەمی زەیتوونی هەرمۆتە بەرەو بەغدا ڕەوانە دەکرا و داخوازی و خوازیاری زۆری هەبوو، جیا لەوەی بەشێکی بەرهەمەکەی بۆ هەولێر و سلێمانی ڕەوانە دەکرا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ناسراویی و داخوازییە زۆرەی نەما و بەرهەمی زەیتوونەکەشی ڕووی لە کەمی کرد.

فەڕەنسی هۆکاری کەمبوونەوەی بەری زەیتوون دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمی باران، گەرما، نەخۆشی، هاوکاری نەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێگری کردن لە لێدانی بیری قووڵ (ئیتیوازی).

پیاوی زەیتوونەکە، نزیکەی چل ساڵە خەریکی بەرهەمهێنانی زەیتوونە لە سنووری جوگرافی قەزای کۆیە و بەتایبەت لە

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٥٩٢، سێشەممە، ٦ی تەمموزی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

گەڕەکی هەرمۆتە، لە بارەی زەیتوونی هەرمۆتە دەڵێت: "ئەم ساڵ یەکێک لە نەخۆشییە کوشندە و وێرانکەری زەیتوون نەخۆشی (نیما تودە)یە، کە تەواوی زەیتوونەکە لەناودەبات، لە هەر دار زەیتوونێک نزیک بێتەوە، ئومێد و هیوای سوود وەرگرتنی نامێنی."

فەڕەنسی لە بارەی هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان وتی: "هیچ هاوکارییەکی حکومەتمان وەرنەگرتووە و لە هاوکاریان بێ ئومێد بووین، چونکە هەرچی بڵێین و داوا بکەین، دەڵێن لامان نییە و بۆیان نەناردووین."

ئەو بەرهەمهێنەرەی زەیتوون، دەڵێ: "لە ئێستادا بەری بەرهەمی زەیتوونم زۆر کەمی کردووە، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، چونکە لە ساڵانی پێشوو دوازدە تەن، دە تەن بەرهەمی زەیتوونم هەبووە، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی ساڵەکان، بەرهەمەکەم کەمی کرد، بە شێوەیەک ساڵی ٢٠١٦ تەنیا چوار تەن بەرهەم و ساڵی ٢٠١٧ پێنج تەن بەرهەمی زەیتوونم هەبوو. ئەم بەرە بەرهەمە لە چاو ساڵانی پێشتر زۆر کەمە.

بەهرام فەتاح، کە تەمەنی ٥٥ ساڵە، یەکێکە لەو جووتیارانەی لە باخێکی زەیتوونی گوندی کڵێسە کار دەکا، دەڵێت: "هەست دەکەین بەرهەمی ئەمساڵی زەیتوونمان کەم بووەتەوە، لە چاو

سالانی ڕابردوو، چونکە لە ساڵی ڕابردوو نزیکەی تەن و نیوێک بەرهەممان هەبوو، لە سەر نزیکەی ٢٠٠ دار زەیتوون. هەڵبەت زەیتوونەکەی زەیتوونێکی زۆر باش و ناوازە بوو. بەڵام لەوەدەچێ ئەمساڵ بەرهەمەکەمان کەم بێتەوە و بڕوا ناکەم بگاتە تەنێک زەیتوون، چونکە لە ئێستاوە دیارە کە بەرەکەی زۆر باش نییە."

بەهرام وتیشی: "بە خۆشحاڵییەوە هیچ نەخۆشییەک لە بەرهەمەکەی ئێمەی نەداوە، وەکوو نەخۆشی (نیما توودە)ی کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی هەرمۆتەی داوە."

لای خۆشیەوە، حەوێز ڕەشید بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو لە بەشی ئامار، سەبارەت بە ئاماری بەرهەمهێنانی زەیتوون دەڵێت: "بەداخەوە ئاماری دیاریکراومان نییە، بۆ هەموو ساڵەکان و ڕێژەی بەرهەمهێنانی زەیتوون، بەڵکوو تەنیا ئاماری دۆنمی زەویمان لە لایە و بە گوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ لە سنووری شاری کۆیە، ٢٥٢ دۆنم زەوی کە زەیتوونی لەناو دەچێنرێ هەیە، هەڵبەت بەشی زۆرینەی ئەو زەوییە ماوەیەکی کەمە بەرهەمی زەیتوونی لەنێو چێنراوە، واتە زۆر بە کەمی بەرهەمی دەبێت. بەڵکوو ئەوەی زیاتر بەرهەمی هەیە زەیتوونی هەرمۆتەیە، لەسەر زەوی نزیکەی ٢٠ دۆنم زەوی."

حەوێز وتیشی: "بەرهەمی زەیتوون لە کۆیە، بە سروشت وایە، هەموو ساڵێک باش نییە، بەڵکوو ساڵێک بەرهەمەکەی باش دەبێ و ساڵێکی دی بەرهەمی خراپە. بەڵام بە گشتی لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا بەرهەمی زەیتوون بەرەو کەمبوونەوە چوو، ئەمەش پەیوەندی بە نەخۆشی (نیما توودە)وە هەیە، کە لە کۆی بەرهەمی زەیتوون دەدات و بە گشتی زەیتوونەکە زەرەمەند دەبێ و لەناوی دەبات، بەتایبەتی زەیتوونی هەرمۆتە، کە زۆرینەی بەرهەمەکەی لەناوبردووە."

سەبارەت بە پێنەدانی دەرمانی چارەسەری بۆ لەناوبردنی نەخۆشی (نیما توودە)، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پێشکەوتوو: بەشی ئامار وتیشی: "ئەگەر لە سەرووی خۆمانەوە دەرمان و پێداویستی بۆ کشتوکاڵی کۆیە بێت، بەدڵنیاییەوە دابەشی دەکەین و هەوڵ دەدەین زۆرینەی جووتیاران سوودمەند بن، بەڵام ئەمساڵ هیچمان نییە و لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. لە لایەکی دیکەوە پێویستە بوترێ کە لە ئێستادا چارەسەری نەخۆشی (نیما توودە)ی لە بازاری ئازادیش نییە، بۆ ئەوەی جووتیاران سوودی لێوەرگرن."

## کۆیە شووتی هۆڵەندی بەرهەم دەهێنێت[1]

شـووتی بەرهەمێکـی هـاوینەیە، لەو ناوچـانەی خـاکەکەی تێکەڵە بەرهەمی شووتی زۆر دەبێ، ناحیەی سێگردکان لە قەزای کۆیە، ئەو شـوێنەیە کە زۆرتـرین شـووتی بەرهەم دەهێنێـت، بە وتەی سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی سێگردکان ساڵانە بەرهەمی شـــووتی لە بەرزبـــوونەوەدایە، جووتیـــارێکیش هـــۆیەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ناسراوی و بەتامی شووتی ناوچەکە.

ئەکـرەم حەمیـد، جووتیـاری نـاحیەی سـێگردکان وتـی: "لە دوای ڕاپەریـنەوە جووتیـارم، ئەزمـوونی زۆربەی بەروبـووم و بەرهەمەکـانم هەیە کە لە نـاوچەکەدا بەرهەم دەهێنرێـت، بەڵام مـاوەی چەنـد سـاڵێکە، زیـاتر سـەرقاڵی بەرهەمهێنـانی شـووتیم، دیـارە ئەمەش پەیوەنـدی بە خـاک و نـاوچەکە و لەبـاری ئـاو و هەواکە هەیە، بۆیەش ساڵانە بەرهەمی شـووتی لەزیادبوونە، بۆ نموونە سـاڵی ڕابردوو تەنیا ٣٠ تەن بەرهەمـی شـووتیم هەبوو، بەڵام ئەم ساڵ بەرهەمی شووتی زیادی کردووە بۆ نزیکەی ٤٥

---

(١) ئەم بـابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنـامەی هـاوڵاتی، ژمـارە ١٦١٥، سێشـەممە، ١١ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

تەن، زۆربەی ڕێـژەی ئەو شـووتییەش بـۆ شـاری سـلێمانی دەنێرین."

ئەکرەمـی تەمەن ٥٥ سـاڵ، مـاوەی ٢٤ سـاڵە جووتیـارە و خەریکی بەرهەمهێنانی شووتییە، وتیشـی: "ڕاسـتە ئەو نـاوچەی ئێمە بـۆ چانـدنی شـووتی گونجـاوە، بەڵام بەداخەوە زۆرجـار گرفتمان بۆ دروست دەبێ، چونکە لەناوچەکەماندا بەراز بوونی هەیە، هەنـدێجار بە نـاو شـووتییەکانمان دەکەوێ و لەناویـان دەبـات، لە لایەکـی دیـکەوە جارجـار نەخۆشـی شـووکە لە شووتییەکەمان دەدا."

لای خۆشـیەوە، لەشـکر حەمەسـەعید سـەرۆکی هـۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سێگردکان دەڵێت: "سـاڵانە بەرهەمـی شووتی لە سنووری ناحیەی سێگردکان ڕوو لەزیادبوونە، لەبەر ئەوەی خـاکی نـاوچەکە بۆ شـووتی گونجاوە و بەرهەمـی باشـی دەبێ، بۆیە زیاتر جووتیاران خەریکی بەرهەمهێنانی شـووتی دەبن، کە زۆربەی شـووتییەکەی بـۆ نـاحیەی تەقـتەق و قەزای کـۆیە و دەڤەری بیتوێن و پژدەر و سلێمانی دەچێ."

سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی سێگردکان، کە زیاتر بە مام لەشکر ناسـراوە، وتیشـی: "بە گـوێرەی ئەو ئامـارەی لە لای ئـێمەیە، سـاڵی ڕابـردوو لە سـەر ڕووبەری ١٠٥٠ دۆنـم زەوی

شـووتی چانـدراوە و کـۆی بەرهەمەکەشـی نـزیکەی پێـنج هەزار تەن بـووە، بەڵام ئەمسـاڵ گۆڕانکـای بە سـەر ڕووبەری زەوی و بەرهەمەکەیـدا هـاتووە، کە ڕووبەرەکەی بـۆ ١١٠٠ دۆنـم زیـادی کردووە و بەرهەمەکەیشی بۆ نـزیکەی ٥٥٠٠ پێنج هەزار و پێنج سەد تەن بەرزبووەتەوە."

مام لەشکر، لە بارەی جۆری شووتی ناوچەکەیانەوە دەڵێت: "زۆربەی بەرهەمەکەی شـــووتی نیگـــارای هۆڵنـــدییە، کە شووتییەکی زۆر باش و ناسراوە."

## جووتیارانی کۆیە پشتدەکەنە چاندنی نۆک[١]

کــــۆیە، ٧٢٦٢٧٧ زەوی کشـــــتوکاڵی هەیە، کە بەرهەمـــــی جۆراوجۆری لێدەچێنرێ، لە ساڵانی ڕابردوو، لەسـەر ڕووبەری ١٠١٠٠ دۆنـــم زەوی نـــۆک دەچێنـــدرا، بەتـــایبەتی لە نـــاحیەی شـۆرش، بەڵام لەمســاڵانەی دواییـدا ڕووبەری چانـدنی نـۆک لە ســنوورەکەدا زۆر کەمبــووەتەوە، جووتیــارێکیش هۆکــارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی نۆک.

لە هەر پێنج ناحیەکەی سـەر بە قەزای کۆیە و گونـدەکانی ســەنتەری کــۆیە، نــۆک بەرهەم دەهێنرێــت، کە زۆرترینـــی لە نـاحیەی شـۆرش (دێگەڵە)یە، بە گوێرەی ئەو ئامـارەی لە بەشـی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، دەست کەوتووە، لە ســـاڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧دا لە ســـنووری قەزای کـــۆیە لە ســـەر ڕووبەری ١٠١٠٠ دۆنم زەوی نۆک چاندراوە، بەڵام ساڵانە ئەو ڕووبەرە زەوییەی بۆ چاندنی نۆک دیاری کراوە کەمبووەتەوە، بە شـــێوەیەک لە ســـاڵی ٢٠١٠- ٢٠١١ ڕووبەرەکەی بــۆ ٤٦٥٠ دۆنـم زەوی دابەزیـووە، لە سـاڵی ٢٠١٤- ٢٠١٥ ئەو ڕێـژە زۆر

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٦٢٣، یەکشەممە، ٢٣ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

کەمتر بووەتەوە بۆ ٢٣٠٠ دۆنم زەوی، ئەم ڕێژە زەوییە بە شێوەیەکە کە لە سەنتەری شار تەنیا ٧٠٠ دۆنم و لە ناحیەی شۆرش ١٠٠٠ دۆنم کە زۆرترین بەرهەمی هەیە، لە ناحیەی تەقتەق ٣٠٠ دۆنم، لە ئاشتی ١٠٠ دۆنم، لە سیگرکان ١٥٠ دۆنم و لە سکتان ٥٠ دۆنم زەوی نۆکی لەسەر دەچێندرێ. بە گوێرەی ئەو ئامارە، لە ماوەی هەشت ساڵدا ٧٨٠٠ دۆنم زەوی کەمبووەتەوە، هەڵبەت دیار نییە ساڵانە چەند تەن بەرهەمی نۆک لە سنوورەکە هەبووە.

ئەسعەد ئەمین، جووتیارێکی تەمەن ٤٤ ساڵە، دانیشتووی ناحیەی شۆڕشە، شارەزایی تەواوی لە بارەی نۆکەوە هەیە، چونکە ساڵانە سەرقاڵی چاندنی نۆکە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "چاندنی نۆک، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جووتیارەوە هەیە، لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمی نۆک کەمبووەتەوە، دیارە ئەمەش بە هۆی زۆری ئەرک و ماندووبونی چاندن و کاتی پێگەیشتنی نۆکەوە هەیە."

ئەسعەد ئەمین، باب و باپیرانیشی جووتیار بووە، نایشارێتەوە کە ساڵانە بەرهەمی نۆکی کەم دەکاتەوە و دەڵێ: "ساڵ بە ساڵ کەمتر نۆک دەچێنم، بۆ نموونە: ساڵی ڕابردوو، لە سەر ڕووبەری ٢٠ دۆنم زەوی نۆکم چاند، بەرهەمی نزیکەی ٣

تەن بـوو، بەڵام ئەمسـاڵ کەمتـر نـۆکم چانـدووە، لە ئێستاشـەوە دەردەکەوێ کە بەرهەمی باشی نابێ، چونکە باران کەم بوو."

جووتیـارەکەی نـاحیەی شـۆرش بـاوەڕی وایە کەمـی نرخـی نۆک، هۆکارێکە بۆ ئەوەی جووتیاران کەمتر نۆک بچێنن، چونکە نرخـی ئەمسـاڵی لە نێـوان ٦٠٠ تـا ٧٥٠ دینـار دایە، ئەمەش بە ئەندازەی ماندووبوونەکەی نازانێت.

سەبارەت بە کەمبوونەوەی نۆک لە سنووری قەزاری کۆیە، ئەندازیاری پێشکەوتوو سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە وتـی: "بەرهەمـی نـۆک سـاڵ بە سـاڵ دەگـۆڕێ، دیـارە ئەمەش پەیوەنـدی بە خـودی جووتیـارەوە هەیە، هەنـدێک سـاڵ جووتیـارێکی زۆر نـۆک دەچێنـێ، بـۆیە نرخـی نـۆک دادەبەزێ." ئەو بەڕێـوەبەرە ئاشکراشـی دەکـات کە "وەزارەتـی کشـتوکاڵی هـیچ هاوکاریەکیـان ناکـا، لە پێـدانی نـۆک و پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان."

## گەرما و خۆڵبارین هەنگوینیان قڕ کرد(١)

لە وەرزی زستاندا هەنگ و هەنگوین لە لای خەڵکی باس دەکرێت، کە بەرهەمێکی گرانبەها و بە سوودە، لە سنووری سەنتەری قەزای کۆیە، لە کۆی ٤٠ گوند، دانیشتوانی ٢٤ گوند هەنگ بەخێو دەکەن، بە وتەی کشتوکاڵی کۆیە، بەرهەمی ئەمساڵی هەنگ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زۆر کەمبووەتەوە، هەنگەوانێکیش دەڵێت "بە هۆی گەرماوە تاکوو ئێستا هەنگەکانم نەبڕیوەتەوە."

بە گوێرەی ئەو ئامارەی لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە دەست کەوتووە، تەنیا لە ناوەندی سەنتەری قەزای کۆیە لە کۆی ٤٠ گوند، دانیشتووانی ٢٤ گوند کە ڕێژەیان ١٤١ کەسە هەنگ پەروەردە دەکەن، کۆی گشتی خەڵکەکەش ٣٢٩١ کورەی هەنگیان هەیە، لەو ڕێژەیە ١٤٥٦ کورەی کوردی- خۆماڵی و ١٨٣٥ کورەی سندوقی نوێیە.

لەم بارەیەوە ئیسماعیل محەممەد ئیبراهیم لێپرسراوی بەشی هەنگ، لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، وتی: "ئەمساڵ

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٦ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٦٢٧، پێنجشەممە، ٢٧ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەرهەمی هەنگ لە سنووری سەنتەری قەزای کۆیە زۆر کەمبووەتەوە، ئەمەش بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و خۆڵبارینە. بە شێوەیەک ١٦ تەن بەرهەمی هەنگ کەمبووەتەوە، چونکە ساڵی ڕابردوو ٢٣ تەن و ٤٧٦ کیلۆ بەرهەمی هەنگ بووە، کە ١١ تەن و ١٠ کیلۆ بەرهەمی هەنگی نێو سندووق بووە و ١٢ تەن و ٤٦٦ کیلۆ بەرهەمی کورەی خۆماڵی بووە، کەچی بەرهەمی ئەمساڵی هەنگ ناگاتە ٧ تەن."

سەفین کەیفی تەمەن ٣٨ ساڵ، لە گوندی تۆپزا خەریکی پەروەردەکردنی هەنگە و دەڵێت: "لە سەردەمانی باب و باپیرانمەوە، خەریکی پەروەردەکردنی هەنگین، ئەزموونی باشمان لە پەروەردەکردنی هەیە، ئەگەر کارەساتی سروشتی نەبێ و ساڵانە لە وەرزی پایز باران زۆر بباریێ و بەهاران گوڵ زۆر بێ، ئەوا بەرهەمی هەنگەوان زۆر دەبێ، بە مەرجێک لە مانگی ئایار باران زۆر نەباریێ. بەڵام بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمی هەنگمان زۆر کەمبووەتەوە، بە شێوەیەک ساڵی ڕابردوو ٦٢ کورەی سندووقی هەنگم هەبووە، لەو ڕێژەیە تەنیا ٤٨ کیلۆ بەرهەمی هەنگوینم هەبوو، ئەو بەرهەمەش زۆر کەمە بەراورد بە سندووقە هەنگەکان، بەڵام ئەمساڵ سندووقە

هەنگەکانم زیاد کردووە بۆ ٧٤ کورە هەنگ و بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەرهەمەکەم بەرزبووەتەوە بۆ ١٣٨ کیلۆ. کە سەرجەمی هەنگوینەکەم خاوێن و پاکە، واتە شەکراویان پێنادەم، لەبەر ئەوە نرخی هەر کیلۆیەک هەنگوین ٤٠ تا ٤٥ هەزار دینارە."

سەفین وتیشی: "پێویستە هەنگەوان لە کاتی خۆی هەنگەکەی ببڕێتەوە، ئەگەرنا هەنگەکە بە ناچاری هەنگوینەکەی باوەشێن دەکا، لە دواتریشدا ئەگەر خواردنی هەنگ نەما، واتە گوڵ، وردە وردە دەست بە خواردنی هەنگەکەی دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە لە ٢٠ تا ٢٥ی تەمموز هەنگ ببڕێتەوە."

هەر سەبارەت بە هەنگ، سالم تەها مەحموود، دانیشتووی گوندی شێخەروان، کە لە ئێستادا سەرقاڵی پەروەردەکردنی هەنگە، دەڵێت: "ماوەی چەندین ساڵە هەنگ پەروەردە دەکەم، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی کورەی هەنگ پەروەردە دەکەم، ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٣٠ کورەی هەنگم هەبوو، ئەمساڵیش زیادم کردووە بۆ ٨٠ کورە سندووقی هەنگ."

سالم دەشڵێ: "بە هۆی نەبوونی بەرهەمەوە ساڵی ڕابردوو هەنگەکەم نەبڕییەوە، ئەمساڵیش بە هۆی گەرما و شلی هەنگوینەکەوە تاکوو ئێستا هەنگوینەکەم دەرنەهێنانەوە، بڕیارم داوە مانگی ئەیلوول هەنگەکەم ببڕمەوە، هەڵبەت دیار نییە کە

چەندم بەرهەم دەبێ." ئەو هەنگەوانە باوەڕی وایە کە هەنگ لە کوێستان بەرهەمی باشی و پاکی دەبی، بۆیە دەیەوێت لە داهاتوو هەنگەکانی بباتە کوێستان.

لای خۆشیەوە سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە وتی: "بەداخەوە ئەمساڵ بەرهەمی هەنگ کەمبووەتەوە، ئێمەش وەکوو کشتوکاڵی کۆیە هیچمان لەدەست نایەت، چونکە پەیوەندی بە گەرمای ئەمساڵەوە هەیە، تەنیا ئاگادارمان کردوونەتەوە کە هەنگەکانیان لە شوێنی فێنک دانێنن و دەرووبەرەکە تەڕ بکەن، یاخود بیانبەنە کوێستان."

ناوبراو وتیشی: "سروشت و ژینگەی کۆیە بۆ پەروەردە کردنی هەنگ گونجاوە و لەبارە، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە هەوڵی دروستکردنی مەشتەلێکی گەورەی هەنگین لە چنارۆک، بەڵام تاکوو ئێستا نەکراوە."

هەنگ بەخێوکردن کارێکی پیشەگەریی نییە، بەڵکوو زیاتر حەز و ئارەزووە، بۆیە زۆر جار مامۆستا و فەرمانبەر و دوکاندار خەریکی پەروەردە کردنی هەنگن، واتە بە مەبەستی بازرگانی ئەو کارە ناکەن.

## هەناری کۆیە بەرەو لەناوچوون دەچێت(١)

شـــاری کـــۆیە، کە ڕووی ئیـــدارییەوە پێـــنج نـــاحیەی بەســـەرەوەیە، لە بەرهەمهێـنانی چەنـد بەروبوومێکـدا یەکەمە، لە ســـاڵانی ڕابـــردوو دۆڵـــی ســـماقووڵی، دۆڵـــی ســـناوە، هیـــران و نـــازەنین، هەنـــاری زۆر و باشـــی بەرهەم دەهێنـــا، بەڵام ســـاڵ بە ســـاڵ بەرهەمەکەی بەرەو کەمبـــوونەوە دەچێـــت، کشـــتوکاڵی کۆیەش دەڵێ: "هیچمان لەدەست نایەت."

کاروان حاجی حەمەدی تەمەن ٣٩ ساڵ ماوەی ١٩ ساڵە لە گوندی جەلی خاوەنی باغی هەنارە، دەڵێت: "گوندی جەلی یەکێکە لەو گونـدانەی کە بە بەرهەم هێنـانی هەنـاری بـاش بەناوبـانگە، منـیش لە ســەر ڕووبەری ١٤ دۆنــم زەوی داری هەنــارم هەیە، بەڵام بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایی بە شـێوەیەکی زۆر ئاشـکرا بەرهەمـــی هەنـــار کەمبـــووەتەوە، ئەمەش زیـــاتر پەیوەنـــدی بە کەمبـــوونەوەی ئـــاو هەیە." کـــاروان وتیشـــی: "داری هەنـــار، لە تەمەنـی سێ سـاڵییەوە هەنـار بەرهەم دەهێنێت، تـاکوو نـزیکەی تەمەنـی ٢٠ بۆ ٢٥ سـاڵی بەرهەمـی باشـی دەبێت، لە دوای ئەو کاتەوە بەرهەمەکەی پیر دەبێ، بۆیە باش نابێ."

---

(١) ئەم بابەتە ساڵی ٢٠١٥ لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

جووتیارەکەی گوندی جەلی دەشلێ: "بە شێوەیەکی گشتی لە ٢٠ بۆ ٢٥ی ئەیلوول بەرهەمی هەنار پێدەگات. لە ئێستاشدا دار هەنارەکانی من بەرهەمی باشی هەیە. تەنانەت ساڵی ڕابردووش بەرهەمەکەم باش بوو، بە شێوەیەک ١٦٠٠ سندووقی ٣٠ کیلۆیی و ١٨ کیلۆیی بەرهەمی هەناری دەنک سووری شیرین بوو، کە بەرهەمەکەمان بۆ هەولێر، سلێمانی و کەرکووک نارد، ئەگەر ڕێگاش هەبێ بۆ مووسڵ و بەغداشی دەنێرم."

سەبارەت بە کێشەکانی جووتیاران، بە تایبەتی ئەو کەسانەی باخی هەناریان هەیە، دەڵێت: "ئێمەی جووتیاران ساڵانە چەندین کێشەمان بۆ دروست دەبێ، بۆ نموونە ساڵانە حکومەت ڕێگە دەدا هەناری سووری و تورکی میسری بێتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە زەرەری جووتیارە، چونکە هەناری سووری کیلۆی بە ٥٠٠ دینار دەفرۆشرێ، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە بەو نرخە بەرهەمەکەمان بفرۆشین زەرەر دەکەین، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین، ڕێگا نەدات بەرهەمی دەرەوە بێتە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین درێژە بە کارەکانمان بدەین. ئەگەرچی بڕیار دراوە ئەمساڵ ڕێگەی لێ بگرن." ئەو جووتیارە درێژە بە گلەییەکانی دەدات و ڕەخنە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەگرێت و دەڵێ: "هیوادارم وەزارەتی کشتوکاڵ لە

چوارچێوەی ئەو وەزارەتانە بێ کە مالیکی وتوویەتی وەزارەتی زیادەن، چونکە زۆر کەم هاوکاری دەکرێن، بۆ نموونە من کە لە سەر ١٤ دۆنم زەوی کار دەکەم، تەنیا هەشت گونیە (فەردە) کیمیایان بە ٢٦ هەزار پێداوم، لە کاتێکدا لە بازاڕ بە ٤٠ هەزار دینارە."

تاکوو ئێستا بەشی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، ئاماری ڕێژەی بەرهەمهێنانی هەنار و مەودای فراوانی زەوی دۆنمیان لا نییە. تەنیا دەزانن لە سەر فراوانی یەک دۆنم زەوی ١٠ تا ١٥ تەن بەرهەمی هەنار هەیە. ڕاشیدەگەیەنن لە دۆڵی سماقووڵ، دۆڵی سناوە، هیران و نازەنین بەرهەمی باشی هەنار هەیە، ئەگەرچی ماوەیەکە هیران و نازەنین لە بەرهەمهێنانی هەنار زۆر لاواز بووە.

جەمال حەمەد حەمەدەمینی تەمەن ٥٩ ساڵ زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە گوندی سماقووڵی گرتک، خەریکی بەرهەمی هەنارە، ڕایگەیاند: "لە چەند شوێنی جیاوازی گوندی سماقووڵی گرتک زەوییم هەیە کە دار هەناری لە سەر چێندراوە و بەرهەمی باشی هەیە، بەرهەمەکەش کە خۆی لە هەناری ترش و شیرین و مێخۆش دەبینێتەوە دەنێرمە هەولێر."

ناوبراو جەختی کردەوە کە بەرهەمی هەناری بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەرەو کەمبوونەوە چووە، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو ساڵانە نزیکەی ٩ بۆ ١٠ تەن بەرهەمی هەناری هەبووە، کەچی ساڵی ڕابردوو تەنیا ٤ تەن بەرهەمی هەبووە.

سەربەست فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە دەڵێ: "لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، بەشی پاراستنی ڕووەکمان هەیە، کە ساڵانە کار و چالاکی خۆیان دەکەن، هەر جووتیارێک ئاگادارمان بکاتەوە کە نەخۆشی لە بەرهەمەکەی داوە، لە هەر شوێنێک بێ ئێمە سەردانییان دەکەین و کەشفیان بۆ دەکەین، ئەو جووتیارەی سەردانی کردبین چارەسەرمان کردووە، ئەگەر لە بەڕێوەبەرایەتی چارەسەری نەخۆشییەکەمان لەلادەست بکەوێ پێیان دەدەین، ئەگەر نا لە دەرەوەی دەتوانن پەیدای بکەن."

سەربەست وتیشی: "ئەگەر جووتیار ئاگادارمان نەکەنەوە، ئێمە نازانین کە نەخۆشی لە کوێ و لە چ بەرهەمێکی داوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەین، بەتایبەتی لە ئێستادا کە چارەسەری نەخۆشی وەرزی پاییزمان هەیە."

## پەرە بە بەرهەمی خەیاری نێو خانووی پلاستیکی دەدرێ[1]

ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەم جار خانووی پلاستیکی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە بە سەر جووتیاران دابەش کرا، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئەزموونی جووتیاران، کەم بەکاردەهێنرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ چەند جووتیارێک لە نێو ئەو خانووانە دەستیان کرد بە چاندنی خەیار، بەم شێوەیە وردە وردە بایەخی پەیدا کرد، لە ئێستاشدا برەوی پێدراوە و بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

لە نێو خانووی پلاستیکی لە گوندەکانی سەنتەری کۆیە، تەنیا خەیار بەرهەم دەهێنرێت، کە لە مانگی ئادار تا کۆتایی مانگی تەمموز بەردەوام دەبێت، بە گوێرەی ئەو ئامارەی لە بەشی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتی کشوکاڵی کۆیە دەست کەوتووە، بەرهەمی ئەمساڵی خەیار بەراورد بە ساڵی پێشوو زیاد بووە.

لە پێشوودا لە کۆی ٤٠ گوند تەنیا لە پێنج گوند و لە نێو ٣٢ خانوو لە کۆی ٤١ خانوو خەیار بەرهەم هاتووە، لەو نێوەشدا ٢٧٠ تەن بەرهەمی هەبووە. کەچی ئەمساڵ لە پێنج گوند لە کۆی

(١) ئەم بابەتە ساڵی ٢٠١٥ لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

٤٠ گوند و له نێو ٣٧ خانوو له كۆی ٤٣ خانوو خەیار بەرهەم هاتووە، لەو نێوەشدا ٣١٩ تەن بەرهەمی خەیار هەبووە، واته ٤٩ تەن بەرهەمی خەیار زیادی كردووە.

سەنگەر فەتحوڵڵا، جووتیارێكی تەمەن ٢٩ ساڵە، له گوندی قوڵقوڵەی دەشتی كۆیە، ماوەی سێ ساڵه خەریكی چاندنی خەیاره له نێو خانووی پلاستیكی، لەم بارەیەوە دەڵێت: "به هۆی نەبوونی ئەزموون و شارەزایی تەواو ساڵی ڕابردوو تەنیا له نێو سێ خانووی پلاستیكی خەیارم چاند، بەڵام ئەمساڵ له نێو شەش خانوو خەیارم چاند، چونكه ئەزموون و شارەزاییم له پەین، كیمیا و دەرمان و بەخێوكردن و ئاودانی پەیدا كردووە."

سەنگەر وتیشی: "ساڵی ڕابردوو ٣٠ تەن بەرهەمم هەبوو، ئەمساڵیش ٦٥ تەن بەرهەمی خەیارم هەیە، كه سەرجەمی خەیارەكەم بۆ شاری كۆیە ناردووە. له ئێستاشدا ماوەی ٢٠ ڕۆژ دەبێ خەیارم چاندووەتەوە، لەوانەیە هەفتەیەكی تر بەرهەمەكەی پێبگات."

سەنگەر دەڵێ: "به شێوەیەكی گشتی جووتیار ئارەزوو دەكات له نێو خانووی پلاستیكی كار بكات، بەڵام به هۆی تێچووی زۆرەوە جووتیارێكی كەم دەتوانێ خانووی پلاستیكی بكڕێ و ساڵانه نزیكەی پێنج ملیۆن دینار له تۆ و كیمیا بدات."

لای خۆشـــیەوە سەربەســـت فەقـــێ ســـەعید، بەڕێـــوەبەری کشتوکاڵی کۆیە دەڵێ: "ساڵی ٢٠٠٧ یەکەم وەجبەی دابەشکردنی خـــانووی پلاســـتیکی لە کـــۆیە دەســـتی پێکـــرد، بەڵام لەو کـــاتەدا جووتیار شارەزایی زۆر نەبوو، کەم جووتیار وەری گرت. کەچی لە ئێستاشـدا جووتیـار خەریکە لە نێو ئەو خـانووانە بەروبـووم بەرهەم دێـــنن، بەڵام لە لایەن وەزارەتەوە هاوکـــاری نـــاکرێ، ئەگەرنـا بەرهەمـی باشـیان دەبـێ، چـونکە جووتیـار هەیە ١٣ خانووی پلاستیکی هەیە و بەرهەمی ١١٠ تەنە."

ســەبارەت بە هاوکـاری نەکردنـی جووتیـاران، بەڕێـوەبەری کشـــتوکاڵی کـــۆیە دەڵـــێ: "پـــێش ئەو بـــارودۆخە ئـــابوورییەی حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، جووتیـــار لە ڕێگـــای قەرزی کشـــتوکاڵییەوە دەیتـــوانی ســـوودمەند بـــێ و بە شـــێوەیەکی درێژخایەن قەرزەکەی بداتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەوە نەماوە."

## بەرهەمی قەیسیی تەقتەق زیادی کردووە[1]

قەیسی بەرهەمێکی هاوینەیە، لە مانگی پێنج و شەش بەرهەمی دەبێ، قەیسی لە دوای تەمەنی پێنج ساڵی تاکوو تەمەنی ١١ ساڵی بەرهەمی باشی دەبێ، ناحیەی تەقتەق بە هۆی هەڵکەوت و سروشتی جوگرافیاوە ناوچەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی قەیسی، بە گوێرەی ئاماری هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، ئەمساڵ بەرهەمی قەیسی زیادی کردووە، بەراورد بە ساڵی ڕابردوو.

وەهاب عەزیز ڕەشید، جووتیارێکی تەمەن ٦٦ ساڵە، ماوەی ٢٥ ساڵە لە دوای باوکییەوە لە ناحیەی تەقتەق سەرقاڵی جووتیاری و کشتوکاڵییە، ئەو دەڵێت: "لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە خەریکی چاندن و بەروبوومی هاوینەم، بەتایبەتی قەیسی و هەنجیر، کە ساڵانە گۆڕانکاری بەسەر بەرهەمم دادێ، ئەگەرچی ئەمساڵ بەرهەمم باش نەبووە، بەڵام لە چاو ساڵی ڕابردوو بەرهەمی قەیسی زیادی کردووە، ئەمساڵ لە سەر پارچە زەوییەک کە ١٥٠ دار قەیسی تەمەن پێنج ساڵی تێدا بووە، نزیکەی چوار تەن بەرهەمم هەبووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو هێندەم

(١) ئەم بابەتە ساڵی ٢٠١٥ لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

بەرهەم نەبوو." وەهاب دەشڵێ: "بە گشتی لە سەر ١٠ دۆنم زەوی قەیسی ڕۆیاڵ دەچێنم، چونکە جۆرێکی باشە و توانای بەرگەگرتنی زیاتری هەیە و دەنکی گەورەترە و زیاتر داواکاری لەسەرە، بەرهەمەکەش بۆ سلێمانی دەنێرم."

وەهاب وتیشی: "بەداخەوە جگە لە وەرگرتنی پێنج گونیە (فەردە) سەماد، هیچ هاوکارییەکی کشتوکاڵمان پێ نەگەیشتووە، ئەگەرچی نایەکسانی لە بەرانبەر جووتیاران دەکرێ، بۆ نموونە من ٢٠٠ دۆنم زەویم هەیە، جووتیارێکی دیکەش یەک دۆنم زەوی هەیە، هەردووکمان وەک یەکدی سوودمەند دەبین، واتە هیچ جیاوازیەک لە نێوانمان ناکرێ."

لای خۆشیەوە خەیروڵلا عەبدوڵلا سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی تەقتەق دەڵێت: "یەکێک لەو بەرهەمانەی لە سنووری ناحیەی تەقتەق زۆر دەچێندرێ و بەرهەمی باشی هەیە، قەیسییە، بەتایبەتی لە سەنتەری ناحیەی تەقتەق و گوندەکانی چۆم حەیدەر، کانی ڕەش، مەلازیاد و مخەرەس، کە بەرهەمی باشی قەیسییان هەیە، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە سروشت و هەڵکەوتەی ناوچەکانەوە هەیە، چونکە کەوتۆتە سەر زێی بچووک، ئەمەش وا دەکات بەرهەمی باشی هەبێ."

سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی ناحیەی تەقتەق وتیشی: "نزیکەی ٢٠٠ دۆنم زەوی لە سنووری ناحیەی تەقتەق قەیسی لەسەر دەچێندرێ. ساڵی ڕابردوو نەخۆشی لە بەرهەمی قەیسی سنووری ناحیەی تەقتەقیدا، لەبەر ئەوە بەرهەمی قەیسی تەنیا ٢٥٠ تەن و ٢٦٨ کیلۆ بوو، بەڵام ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بەرهەمی قەیسی زۆر زیادی کردووە، بە نزیکەی دوو هێندە کە ٥٤٦ تەن و ٢٥٧ کیلۆ زیاتر بووە."

زۆرینەی بەرهەمی قەیسی تەقتەق لە جۆری ڕۆیاڵە، هاوکات بەشێکی کەم بەرهەمی خۆماڵیشی هەیە، بەرهەمەکەشی بەرەو شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، ڕانیە و کۆیە دەنێردرێ.

## سالأنه سێ هەزار تەن ماسی لە تەقتەق بەرهەم دێت[1]

ناحیـــەی تەقـــتەق، بـــە دووری ٢٥ کیلۆمـــەتر لـــە بەشـــی باشووری شاری کۆیە، مەڵبەند و ناوەندێکی گەورە و فراوانە بۆ بـەخێوکردن و بەرهـەمهێنان ماسـی، کـە زیـاتر لـە ٦٠٠ حـەوزی ماسـی تێدایـە و بەرهـەمی سـالأنەی زیـاتر لـە ٣ هـەزار تەنـە، بەشـێکی بەرهەمەکـەی بۆ شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان و عێراق ڕەوانە دەکرێ.

مـاوەی ١٠ سـاڵە بـەخێوکردن و بەرهـەمهێنانی ماسـی لـە سنووری ناحیەی تەقتەق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و زۆربەی دانیشتووانەکەی سەرقاڵی بەخێوکردنی ماسین.

لێـزان عـەلی، خـاوەنی سـێ حـەوزی ماسـییە لـە گونـدی موخەڕەسی سنووری تەقتەق، لە بارەی بەخێوکردنی ماسی بۆ وتی: "بە گوێرەی ستانداری تەندروستی پێویستە حەوزی ماسی لـە سـەر ڕووبـەری یـەک دۆنم زەوی دروست بکرێ و ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ گوێچکـە ماسـی تێبکرێ، بـەڵام ئـەو کەسـانەی لێرە ماسـی

---

(١) ئەم بـابەتە لە ژێـر نـاوی (وشـە/ کـۆیە- ئەحـمەد) لە لاپەڕە ٩ی هەفتەنـامەی وشـە، ژمـارە ٢٥٨، چوارشـەممە، ٧ی تشرینی دووەمـی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

بەخێو دەکەن ۱۰۰۰ بۆ ۱۲۰۰ گوێچکە ماسی دەکەنە نێو حەوزە ماسییەکانیان، ئەمەش پێویستی زیاتری بە ئۆکسجین دەبێ. هەروەها پێویستە ساڵانە دووجار بەرهەمی ماسیمان هەبێ، واتە: لە ماوەی شەش مانگدا ماسییەکان بۆ دوو کیلۆ زیاد بکەن، ئەمەش پەیوەندی بە ئۆکسجینی باش و خۆراکی باشە. بەڵام، ئەو کەسانەی لەم سنوورە ماسی بەخێودەکەن، ساڵانە تەنیا یەک جار ماسی بەرهەمدێنن، واتە ساڵێکی پێویستە تا ماسییەکە گەورە دەبێ، ئەگەر کێشە و گرفتمان نەبێ لایەنی کەم پێویستە لە ماوەی ٦ بۆ ٨ مانگدا ماسییەکان گەورە بن و لە حەوزەکان دەربهێندرێن."

لێزان عەلی، کە ۹ هەزار گوێچکە ماسی خستووەتە نێو حەوزە ماسییەکانی وتیشی: "کێشە و گرفتی زۆرمان هەیە، بۆ نموونە: پەنجە ماسی لە سنوورەکەم بەرهەم نایەت و لە حللەوە بۆمان دێ. هەروەها پێویستمان بە کارەبای زۆرە، تا ئۆکسجین بۆ ماسییەکان دابین بکەین، کارەبا باش نییە. هاوکات هیچ هاوکارییەک نەکراوین لە پێدانی گاز و پرۆتین و خۆراکی ماسی."

زێی بچووک بە درێژایی ٧٤ کیلۆمەتر بە سنووری قەزای کۆیەدا تێدەپەڕێ و بە درێژایی ۲۳ گوندیش بە سنووری ناحیەی تەقتەق و ناحیەی سێگردکان تێدەپەڕێ، دانیشتووانی ئەم

سنوورەش بە سوود وەرگرتن لە ئاوەکە حەوزی ماسی دروست دەکەن.

سەروەر ئەحمەد، خەڵکی گوندی مەلا زیادی سنووری تەقتەقە و خاوەنی ٣ حەوزی ماسییە و چوار هەزار گوێچکە ماسی خستووەتە نێو حەوزی ماسی، سەبارەت بە سوود و قازانجی ماسی وتی: "سوود و قازانجی ماسی پەیوەستە بە بەرزی و نزمی نرخی ماسییەوە، ئەو کاتانەی نرخی ماسی لە سەرووی ٤ هەزار دینارە، بەخێوکەرانی ماسی سوود و قازانج دەکەن، بەڵام ئەو کاتانەی نرخی ماسی لە خوارووی ٣ هەزار دینارە، سوود و قازانجی وای نابێ."

سەروەر سەبارەت بە سەرقاڵ بوونی خەڵکی بە ماسی و حەوزەکانییەوە، وتی: "ئەگەر لە بەخێوکردنی ماسی قازانج نەکەیت، زەرەریش ناکەیت، چونکە لایەنی کەم ئەو خەرجییانەت دەست دەکەوێتەوە کە خەرجت کردووە، لە بەرانبەردا زۆرجار لە کشتوکاڵ و چاندنی بەروبووم، جووتیار زەرەری زۆری پێگەیشتووە، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە سەرقاڵی بەخێوکردنی ماسی بن."

تەواوی ئەو ماسییانەی لە سنووری ناحیەی تەقتەق بەرهەم دەهێنرێ، ماسی (کارب)ە، ئەمەش پەیوەستە بە داخوازی و

داواکاری هاووڵاتییان. لە ئێستاشدا هاووڵاتییان گرنگی زیاتر بە خواردنی ماسی دەدەن، ئەمە لە کاتێکدایە توێژینەوە زانستییەکان سوودە زۆرەکانی ماسییان ڕوونکردووەتەوە.

ئەسووەد عومەر، لە سنووری تەقتەق ٤ حەوزی ماسی هەیە و لە بارەی بەخێوکردنی ماسییەوە دەڵێ: "ساڵانە لە مانگی ئادار و نیسان سەرقاڵی پاککردنەوەی حەوزە ماسییەکان دەبین، لە پاشان گوێچکە ماسی و عوقدە ماسی (لە پەنجە ماسی بچووکترە) لە نێو حەوزەکان دەکەین، ئەمساڵ ٦ هەزار عوقدە ماسیم لە نێو حەوزێک کرد، دوو تەن و نیو خۆراکی تایبەتم پێدان تا گەورەبوون و بوونە گوێچکە ماسی، ئەو کاتە دابەشی سەر حەوزە ماسییەکانی دیکەم کرد.

ئەسوەد، دەشڵێ: "تا ئێستا سوودی دارایم لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ماسی وەرنەگرتووە، چونکە بەخێوکردنی ماسی پێویستی بە ئۆکسجینە و ئەمەش لە ڕێگەی بوونی کارەباوە دروست دەکرێ و کارەباش وەک پێویست نییە و مۆلیدەی بچووکی تایبەتیش ئەو توانایەی نییە کە ئۆکسجینی تەواو بۆ ماسییەکان دروست بکا. ماوەی ٥ ساڵە ماسی بەخێو دەکەم، ساڵێکیان لە ٦ هەزار گوێچکە ماسی تەنیا ٣ هەزار ماسی هاتنە

بەرهەم و ساڵێکی دیکە لە ٤ هەزار گوێچکە ماسی تەنیا ٢ هەزار ماسی گەورەبوون."

ئەو بەخێوکەرەی ماسی، لە قسە کردن بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئەو کاتەی ماسییەکان گەورە دەبن و لە نێو حەوزەکاندا دەردەهێنرێن، بەرهەمەکەی لە سنووری خۆمان و بۆ سنوورەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەڕوا، جاروباریش بەشێکی بەرهەمەکەی ڕەوانەی شارەکانی باشووری عێراق دەکرێ."

لێپرسراوی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، ڕایگەیاند: "لە سنووری ناحیەی تەقتەق زیاتر لە ٦٠٠ حەوزی ماسی هەیە و زیاتر لە ٦٠٠ دۆنم ڕووبەری ئاویان داگیر کردووە و بەرهەمی ساڵانەی زیاتر لە ٣ هەزار تەنە، ئەمەش کاریگەری باشی ئەرێنی بۆ ژێرخانی ئابووری ناوچەکە هەیە."

دڵدار ئەحمەد، وتیشی: "وەکوو بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، ساڵانە بە پێی توانا هاوکاری خاوەن حەوزە ماسییەکان دەکەین و هەوڵمانداوە بە نرخی هەرزان پەنجە ماسی بە بەرهەمهێنەرانی ماسی بدەین، ئەگەر خۆراکی ماسیشمان هەبێ بەدڵنیاییەوە پێیان دەدەین."

## پۆند و بەنداوەکانی سنووری قەزای کۆیە[1]

زیاتر لە ٣ ساڵە کارکردن لە پێنج بەنداو و پۆندی سنووری قەزای کۆیە وەستاوە، کە توانای گلدانەوەی ئاوی زۆریان هەیە و لە زۆر ڕووەوە سوود و قازانج بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیەنن، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ڕایدەگەیەنن: "وەستانی کارکردن لەو پڕۆژانە پەیوەندییان بە قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە."

مستەفا قادر، دانیشووی گوندی قوڵقوڵەیە لە دەشتی کۆیە و لە بارەی پۆندی قوڵقوڵە دەڵێ: "ماوەی ١٠ ساڵە پۆندی قوڵقوڵەیان دروست کردووە، لە سەرەتادا بڕیار بوو لە ڕێگەی کارەباوە ئاوی نێو پۆندەکە بۆ دەوروبەری پۆندەکە و ناوچە پشتاوەکان بەرز بکاتەوە، بەڵام هیچی جێبەجێ نەکرا و تا ئێستا سوودێکی ئەوتۆمان لێوەرنەگرتووە."

ئەو دانیشتووانەی گوندی قوڵقوڵە وتیشی: "بە هۆی پاکنەکردنەوەی پۆندەکە و زیادبوونی قوڕ و لیتە، خەریکە پۆندەکە پڕ بێتەوە. لەبەر ئەوە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٨ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٣٩٨، سێشەممە، ١٨ی ئەیلوولی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

له كاتی دروست كردنی پۆند و بەنداو ڕەچاوی خەڵكی بكەن و بە شێوەیەک دورستی بكەن، كە هەموو لایەک سوودی لێ وەرگرن."

سەبارەت بە كێشە و گرفتی پۆندەكە عوسمان عەزیز، لە گوندی قوڵقوڵەوە ڕایگەیاند: "پۆندی قوڵقوڵە پێویستی بە دەرگایە، بۆ ئەوەی لە كاتی زیادبوونی قوڕ و لیتە لە نێو پۆندەكە، دەرگاكە بەرز بكرێتەوە و پۆندەكە پاكبكرێتەوە، لە ئێستادا لە بەرزی ١١ مەتر نزیكەی ٩ مەتری پۆندەكە پڕبووەتەوە و تەنیا دوو مەتر ئاوی تێدایە، ئەمەش بە دانانی دەرگایەک چارەسەر دەكرێ."

پۆلا عەبدوڵلا، بەڕێوەبەری ئاودێری كۆیەش دەڵێت: "وەكوو بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری كۆیە تەنیا دەسەڵاتی دروست كردنی پۆند (بەنداوی بچووک)مان هەیە، كە توانای گلدانەوەی ٥٠٠ هەزار مەتر ئاو سێ جای هەبێ و ١٥ مەتر بەرز بێ، لە سنووری كۆیەش ٤ پۆندمان دروست كردووە. لەو قەبارەیە گەورەتر و بەرزتر لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ئێمەدا نییە."

ناوبراو، وتیشی: "بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداو و كۆگاكانی ئاو، چەند بەنداوی گەورەیان دروست كردووە، لەوانە: بەنداوی حەمامۆک، بەنداوی دێگەڵە و بەنداوی سماقووڵی، هەڵبەت

بڕیاری دروست کردنی چەندین بەنداوی دیکە بۆ سنوورەکە دەرچووە، بەشێکی کارەکانیان ئەنجام داوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کارکردن لە پڕۆژەکان وەستاوە."

بەڕێوەبەری ئاودێری کۆیە، نای شاریتەوە بەشێک لە بەنداو و پۆندەکانی سنووری قەزای کۆیە گرفتیان تێدایە، نموونە بە پۆندی قولقولە دەهێنێتەوە و دەڵێ: "پۆندی قولقولە بە بەرزی ١١ مەتر و درێژی ٧٨ مەتر، یەکێکە لەو پۆندانەی کە خەریکە پڕدەبێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی کۆمپانیای نەوتی شیوەشانەوە هەیە، کە ڕووە و پۆندەکە ڕۆیشتووە."

ئەو پێنج بەنداو و پۆندانەی لە سنووری قەزای کۆیە کارکردن تێیدا وەستاوە ئەمانەن: بەنداوی شەوگێر، بەنداوی شیواشۆک، بەنداوی نازەنین، بەنداوی سکتان و پۆندی مام قلینج، کە توانای گلدانەوەی ٧ ملیۆن و ٥٠ هەزار مەتر سێ جای ئاو هەیە، لە کاتی تەواو کردنی ئەم بەنداوانە سوود و قازانجی زۆر بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیەنن و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئاویش کەم دەبێتەوە.

دوکتۆر نالی جەواد، لە بارەی دروست کردن و بوونی بەنداو دەڵێت: "هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەی ئاوی نێوخۆیی نییە، واتە: سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دراوسێوە دەرژێتە نێو خاکی هەرێم، لە کاتێکی هاوشێوەدا هیچ گرێنتییەک نییە بۆ بەردەوام بوونی ئاو، نموونەی زیندوو و نزیکمان بەردەستە، کە لە ماوەی پێشوو هەر یەک لە تورکیا و ئێران بە هۆی سیاسەتەوە بەشێک لە سەرچاوە ئاوییەکانیان گرتەوە و گلدایەوە، لە ئەنجامدا بووە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی باش بە دروست کردنی بەنداوی زۆر گەورە بدا و وەک پڕۆژەی ئانی مامەڵەی لەگەڵدا بکا."

دوکتۆر نالی جەواد، کە پلەی زانستی پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە و دوکتۆرای لە سەرەچاوە ئاوییەکان وەرگرتووە، وتیشی: "بوونی بەنداو پێویستییەکی حەتمییە و دەبێ حکومەت لە ڕێگەی تیم و لیژنەی لێکۆڵینەوە چەندین شوێنی شیاو و گونجا دیاری بکات، تا بەنداوی لێ دروست بکا و سوود لە ئاوی باران وەربگیرێ بۆ پڕکردنەوەی بەنداوەکان، تا ئاسایشی هەرێمی کوردستان نەکەوێتە ژێر مەترسی سیاسەتی وڵاتانی

دەوروبەر، خۆمان میکانیزم و ڕێگەی گلدانەوەی ئاو بگرینەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پلانی تۆکمە بۆ پارێزگاری کردن لە ئاوی ژێر زەوی دابنرێ، بۆ ئەوەی لایەنی کەم مەترسی کەمبوونەوە و لەناوچوونی ئاوی ژێر زەویمان نەبێ."

ئەو شارەزایەی ئاو، لە بارەی گرنگی دروستکردنی پۆند و بەنداو، دەڵێت: "بوونی بەنداو دەروازەیەکی باشە بۆ بە گەشتیارکردنی ناوچەکە، خۆشکردنی کەش و هەوا، بەراوکردنی بەشێک لە زەوییەکانی دەوروبەری و دابینکردنی ئاو بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی."

لە سنووری قەزای کۆیە چوار بەنداو و چوار پۆند بوونی هەیە، کە ئەمانەن: بەنداوی بانووی تاڵەبان، بەنداوی حەمامۆک، بەنداوی جەلی و بەنداوی دێگەڵە، پۆندی قولقولە، پۆندی باجەوان، پۆندی تیمارۆک و پۆندی قۆڕیتان، کە توانای گلدانەوەی ١٤ ملیۆن و ٥ هەزار مەتر سێ جای ئاو هەیە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە وەک پێویست سوود لەو پۆند و بەنداوانە وەربگیرێ.

## گرنگی بەراوکردنی گوندەکانی دەشتی کۆیە[1]

ساڵی ٢٠١٤ بە مەبەستی سوود گەیاندن بە جووتیاران و دانیشتووانی ناحیەی ئاشتی، بڕیاری دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری و بەراوکردنی گوندەکانی دەشتی کۆیە درا، ئەم پڕۆژەیە لە سەر ڕووبەری ٢٨٠٠٠ دۆنم زەوی دروست دەکرێ و چواردە گوندی ناحیەی ئاشتی دەکاتە بەراو و هەزار و پێنج سەد جووتیاری سنوورەکەش سوودمەند دەبن.

بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ لە سنووری قەزای کۆیە، پڕۆژەی ئاودێری گوندی کلێسە و بەراوکردنی گوندەکانی ناحیەی ئاشتی/ دەشتی کۆیە، ساڵی ٢٠١٤ بڕی ٧٣ ملیار دیناری لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دانراوە و بڕیاری دروستکردنی درا.

لەم بارەیەوە پۆلا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئاودێری کۆیە دەڵێ: "پڕۆژەی ئاودێری گوندی کلێسە و بەراوکردنی گوندەکانی دەشتی کۆیە، ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٤ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٥١، چوارشەممە، ١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان بــڕی ٧٣ ملیــار دینــاری بــۆ تەرخانکرا و لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ بە کۆمپانیـای داغیـاپی تــورکی (Turkish daxyapi) درا، تــا لــە مــاوەی ســێ ســاڵ سەرجەم کارەکانی پڕۆژەکە بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە تەواو بکات."

بەڕێــوەبەری ئــاودێری کــۆیە، وتیشــی: "ئــەم پڕۆژەیــە بــە پڕۆژەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگی هـەرێمی کوردستان ئـەژمار دەکــرێ و بڕیــارە بــە شــێوەیەکی مــۆدێرن و ســەردەمییانە، بە گوێرەی سیستەمی نوێی ئاودێری دروست بکرێ، کە بە هۆی پاڵنـەر و فشـارەوە ئاوی زێی بچووک بـەرز دەکرێتـەوە بۆ لای گونـدی ئیلـەڵا، لـەوێوە بـە سـێ ڕێچکـە ئاواکـە دابـەش دەکـرێ و دەگەیەنرێتە سنووری چواردە گوندی پشتاو، کە لە نێوان گوندی پیبازۆک دۆندار بۆ گوندی ئیلـەڵا دەگرێتـەوە، بەمـەش سـوودێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیـەنرێ، لـەم ڕێگەیـەوەش ١٤ گوند بە ڕووبەڕی ٢٨٠٠٠ دۆنم زەوی دەبێتە بەراو و نزیکـەی ١٥٠٠ جووتیار سوودمەند دەبێ، ئەمەش کارێکی گەورە و گرنگە و لـە زۆر ڕووەوە بەنرخە."

ناوبراو، دەشڵێ: "لە سەرەتای کارکردنی کۆمپانیای داغیاپی تورکی ئەندازیار و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری کۆیە، لە

شوێنی کارەکە ئامادەبوون و چاودێری شێواز و چۆنیەتی کارەکانیان دەکرد، بەڵام لە دوای ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی کار، کارەکەیان وەستاند، ئەمەش پەیوەندی بە خەرج نەکردنی بڕی پارە دیاریکراوەوە هەبوو، کۆمپانیاکە لە ماوەی کارکردنیدا تەنیا سولفەیەکی وەرگرت، ئەگەرچی بڕیاری وەرگرتنی سولفەی دووەمیشی هەبوو، بەڵام بە هۆی نەبوونی پارەی لە بانکەکان، ئەو بڕە پارەیەی وەرنەگرت، لەبەر ئەوە لە دوای ماوەیەک کۆمپانیای جێبەجێکار شوێنی کارەکەی جێهێشت، کە تەنیا لە سەدا دوو و نیو بۆ سێی کارەکانی جێبەجێ کردبوو."

لە ڕووی ئیدارییەوە کۆیە پێنج ناحیەی لە خۆ گرتووە، یەکێک لە ناحیەکان، ناحیەی ئاشتی‌یە، کە بیست و سێ گوندی بەسەرەوەیە و تەنیا شەش گوندی کەوتۆتە کەنار زێی بچووک و زەوییەکانی بەراون و بۆ کشتوکاڵ کردن سوودی لێوەردەگیرێ.

هانا ڕەفیق، دانیشتووی گوندی کانی کوردەی دەشتی کۆیەیە، وتی: "ئەگەر پڕۆژەی ئاودێری و بەراوکردنی زەوییەکان تەواو بێت، سوود و قازانجێکی زۆر بە دانیشتووانی دەشتی کۆیە و بەتایبەتی گوندەکانی قەد شاخی هەیبەت سوڵتان دەگەیەنێ، چونکە لە ئێستادا ناتوانین وەک پێویست سوود لەو

زەوییانە وەرگرین و بەکاریان بهێنین، لەبەر ئەوە بە ئاسانی ئاو ناگاتە سەر ئەو زەوییانە و خەرجی و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە، ئەمەش لە توانا و دەسەڵاتی خەڵکی ناوچەکەدا نییە."

ئەو گوندەی هانا تێیدا نیشتەجێیە، یەکێکە لەو گوندانەی بەر پڕۆژە ستراتیژییەکە دەکەوێ، ناوبراو وتیشی: "ژمارەیەک لە دانیشتووانی گوندی کانی و کوردە و گوندەکانی دیکەی قەد شاخ، لە سەرەتای وەرزی بەهاردا، گوندەکەی خۆیان جێدەهێڵن و بەرەو هەوار دەڕۆن، تا سەرەتای وەرزی زستان، بەڵام لە کاتی تەواو کردنی ئەو پڕۆژەیە دەشێ هەوار کردن کەم بێتەوە و جووتیار هەوڵبدەن بەرهەمیان هەبێ، هاوکات شوێنێکیش دەبێ بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان، بەمەش خەڵکەکە زیاتر بایەخ بە شوێنەکەی دەدات و بیر لە هەوار و گەرمێن و کوێستان ناکەنەوە و تا ڕادەیەک سیمای شارستانییەتی بەرچاو دەکەوێ."

سەبارەت بە گرنگی ئەو پڕۆژەیە بۆ کشتوکاڵ و زەوی بەپیتکردن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کۆیە، ڕایگەیاند: "دەخوازم زوو ئەم پڕۆژەیە تەواو بکرێ، لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی جددی بدەن بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە کاری تێدا بکرێ و تەواو بکرێ، چونکە پێویستییەکی حەتمییە بۆ سنوور و دەڤەرەکە. لەم

ڕێگەیـــەوە ژمارەیـــەکی زۆر لـــە جووتیـــارانی دەشـــتی کۆیـــە سوودمەند دەبن." سەربەست فەقێ، وتیشی: "بەراوکردنی ٢٨٠٠٠ دۆنم، لە زۆر لایەنەوە دەرفەتی باش دەڕەخسێنێ، بۆ نموونە: ڕێژەی جووتیارانی سنوورەکە زیاد دەکا، ئەمەش دەبێتە هۆی زیـادبوونی بەرهـــەمی ناوچەکـــە، لـــەو کاتەشـــدا پێویســـتت بـــە بەرهەمی دەرەکی نابێ و بە بەرهەمە خۆماڵییەکان پێداویستییە ناوخۆییـــەکان پـــڕ دەکرێتـــەوە، هاوکـــات ژێرخـــانی ئـــابووری سنوورەکە بەرز دەبێتەوە و خەڵکانێکی زۆر دەکەونە سەرکار و لە بێکاری ڕزگاریان دەبێ و فشاری بێکاری لە سەر حکومەت کەم دەبێتەوە، هەروەها بایەخدانە بە خود و توانا کەسییەکان و دەروازەیەکیش دەبێ بۆ داهێنان و کاری جیاواز."

لای خۆشییەوە تاریق حەیدەری قایمقامی قەزای کۆیە لە بـــارەی دەســـت بەکاربوونـــەوەی پڕۆژەکـــە دەڵێـــت: "وەســـتانی پڕۆژەکە پەیوەندی بە نەبوونی پارەوە هەیە، لە بەرنامەماندایە و دەمانەوێ لە کاتی بوونی پارە و تەرخانکردنی پارە بایەخ بە پڕۆژە گرنگەکانی کۆیە بدەین."

## سوود لە ئاوی زێی بچووک وەرنەگیراوە[1]

زێی بچووک بە درێژایی ٧٤ کیلۆمەتر بە سنووری قەزای کۆیەدا تێدەپەڕێ، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە لە ڕووی گەشتیاری و گلدانەوەی ئاو و بەراوکردنی زەوییە پشتاوەکان سوودی لێ وەربگیرێ، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش دەڵێن: "بەرنامەمان هەیە سوود لە ئاوی زێی بچووک وەرگرین."

زێی بچووک، بە درێژایی ٧٤ کیلۆمەتر بە سنووری ناحیەکانی ئاشتی، تەقتەق و سێگردکانی قەزای کۆیەدا تێدەپەڕێ و بە بەردەوامی ئاوەکەی دەڕژێتە ناوچە و شارەکانی باشووری عێراق، هاووڵاتییان و دانیشتووانی کەنار زێی بچووکی سنوورەکە نیگەرانی و ناڕەزایەتی لەمەڕ بایەخ نەدان بە ئاوی زێی بچووک دەردەبڕن.

جوامێر عوسمان، نیشتەجێی نزیک کەناری زێی بچووکە لە ناحیەی تەقتەق، لە بارەی زێی بچووکەوە دەڵێ: "بەداخەوە تا ئێستا وەک پێویست سوود لە ئاوی زێی بچووک وەرنەگیراوە، ئاوی زێی بچووک بە بێ سوود بەم سنووری تێدەپەڕێ و

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٤ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٠٦، سێشەممە، ١٣ی تشرینی دووەم ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

دەڕژێتە شارەکانی باشووری عێراق، لە کاتێکدا دەکرێ لە کەرتی گەشتیاری و کەرتی کشتوکاڵ سوودی زۆری لێوەربگیرێ و لایەنی کەم بە جۆگەلەی کۆنکریت چەندین جۆگەلەی ئاو بۆ دەوروبەری زێیەکە ڕاکێشرێ."

جوامێر، دەشڵێ: "حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانێ بەنداوی باش لە سەر ئەو ئاوە دروست بکا، کە دەڕژێتە شارەکانی باشووری عێراق، هەروەها پێویستە لە ڕێگەی داهات و شیرینی نەوتی تەقتەقەوە، کۆمەڵگای گەشتیاری و پاڕکی گەورە و پشتینەی سەوز لە سنوورەکە دروست بکرێ." ناوبراو ڕاشی دەگەیەنێت کە "زستانان و لە کاتی باران بارین، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ ئاوی زێی بچووک دەبێتە قوڕاو و ناتوانرێ بەکاربهێندرێ، ئەگەر بە ڕێگا و شێوازی دیکە ئاوەکەی گلبدرێتەوە ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکرێ."

لەبەرانبەردا بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە دەڵێ: "بەرنامەی زۆرمان هەیە بۆ ئەوەی سوود لە ئاوی زێی بچووک وەرگرین و پرۆژەی گەشتیاری گرنگ لەتەک ئاوی زێی بچووک دروست بکەین". ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە، وتی: "بوونی ئاو یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بە گەشتیارکردنی ناوچەکان و ڕاکێشانی گەشتیاران، لەم

سۆنگەیەوە و بە سوود وەرگرتن لە ئاوی زێی بچووک، هەوڵمانداوە گەشتیار بۆ سنوورەکە ڕابکێشین، بۆ وێنە: چەند پارکێکمان لە تەقتەق دروست کردووە، ئەگەرچی ئەمە لە ئاست ویست و تموح و چاوەڕوانی ئێمە و بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیەدا نییە."

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە، وتیشی: "بەرنامە و پلانی باشمان هەیە، بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە ئاوی زێی بچووک و دروست کردنی پڕۆژەی گەورە و گرنگ، بۆ نموونە: پلان و بەرنامەمان هەیە و دەخوازین کۆمەڵگەی تایبەت بە یارییە ئاوییەکان لە سەر زێی بچووک دروست بکەین، بەڵام ئەمەش پێویستی بە کات و بوودجەی دیاری کراوە، هەر کاتێک بوودجە و پارەی بۆ تەرخانکرا، بەدڵنیاییەوە بە شێوەیەکی باش و خێرا کارەکان ڕایی دەکەین، چونکە دەمانەوێ تەواوی ئەو ناوچانەی ئاوی زێی بچووکی بەتەکدا تێدەپەڕێ بیکەین بە شوێنی گرنگ و سەرنج ڕاکێشی گەشتیاری."

مامۆستایەکی زانکۆش ڕایدەگەیەنێ: "ئاوی زێی بچووک گرنگی و سوودی زۆری بۆ ناوچەکە دەبێ، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پڕۆژەی لەسەر ئەنجام بدەن". دوکتۆر لوقمان وسۆ، دەڵێت: "زێی بچووک، یەکێکە لە زێ سەرەکییەکانی

ڕووبـاری دیجلـه، کـه لـه سـنووری ئێـران و لای لاهیجانـەوه هەڵدەقوڵێ و بەشێکی زۆری بـه نێـو خـاکی سنووری هـەرێمی کوردستان تێدەپەڕێ و دەکرێ سوودی زۆری لێوەربگیرێ."

ئەو مامۆستایەی زانکۆی کۆیە، کە دوکتۆرای لەسەرچاوه ئاوییەکان هەیە، دەشڵێ: "لە ئێستادا بڕی باران بارین لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر کەم بووەتەوه و وەک سـاڵانی پێشـوو بـڕی دابـارین زۆر نییـه. لەبـەر ئـەوه پێویستە ڕێگا و میکانیزمی نوێ بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو ئاوه گلبدەینـەوه. ئەگـەر سـەیری تۆپۆگرافیـای سنووری قـەزای کۆیـه بکـەین، تـەنیا سـەدا ۲۰ی ناوچـەی شـاخاوییه، ئـەویش چیـای هەیبەت سوڵتان و چیای باواجییه، واتـه: دەتوانین سـوودی زۆر بـاش لـەو ئـاوه وەربگـرین کـه بـه سـنووری ناحیـەی ئاشـتی و تەقتەق و سێگردکان تێدەپەڕێ."

ئەو شارەزایەی سەرچاوه ئاوییەکان، وتیشی: "لە سەردەمی شارسـتانییەتی کۆنـدا، ئاویـان بـۆ ناوچـه بـەرز و شـاخاوییەکان بـەرز کردۆتـەوه و سـوودیان لێوەرگرتـووه. لـه ئێسـتادا و لـه سەردەمی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن زۆر بە ئاسانی دەکرێ ئەو کاره بکرێ، ئەگەر سەیر بکەین، بەرزی ناوچه شاخاوییەکان و شـوێنه بـەرزەکانی سـنووری قـەزای کۆیـه لـه بەرانبـەر زێـی

بچووک، لە نێوان ٤٥٠ بۆ ٥٥٠ مەترە، بەرزترین شوێن لە ئاستی زێی بچووک ٦٠٠ مەترە، ئەم بەرزییەش بە بەرزی سەخت و دژوار ئەژمار ناکرێ و دەکرێ لە ڕێگەی ترومپاوە ئاوی زێی بچووک تەنیا ١٥٠ مەتر بەرز بکرێتەوە و لەم ڕێگەیەوە زۆربەی ناوچە پشتاوەکان و دەشتی کۆیە بەراو دەکرێ و مەترسی کشتوکاڵ و نەبوونی ئاو و کێشەی جووتیاران چارەسەر دەکرێ."

دوکتۆر لوقمان، باوەڕی وایە، "کێشەی گەورەی کوردستان نەبوونی ئاو نییە، بەڵکو نەبوونی وەبەرهێنانی ئاوە، لە ڕێگەی گلدانەوە و سوود وەرنەگرتن لە ئاو بۆ بەرژەوەندی خۆمان."

بە سوود وەرگرتن لە ئاوی زێی بچووک، دەکرێ زۆر پڕۆژەی گرنگ لە سنوورەکە ئەنجام بدرێ، بۆ وێنە: بەراوکردنی زەوییە پشتاوەکانی سنوورەکە و گلدانەوەی ئاو لە ڕێگەی بەنداو و پۆند و دروستکردنی کۆمەڵگەی گەشتیاری، بەڵام تا ئێستا ئەو ئاوە وەک سەرچاوەیەکی سروشتی بەنرخ سووی لێوەرنەگیراوە.

## گڕاوان... دکتۆری نەخۆشەکان[1]

کانیاوی گەڕاوان، یەکێکە لە سەرچاوە ئاوییە کانزاییەکانی سنووری قەزای کۆیە و بە بەردەوامی ئەو کەسانەی لێ دەبینرێ کە نەخۆشی پێستیان هەیە، ئەگەرچی هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاریشی لێ نییە. سەبارەت بەو ئاوە پسپۆڕێکی نەخۆشییە پێستییەکانیش دەڵێ: "بۆ زۆر نەخۆشی پێست سوودی لێوەردەگرێ." هەرچی بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیەشە ڕایدەگەیەنێ: "بڕیارە پڕۆژەی شاری گەشتیاری تەندروستی لێ دروست بکەین."

دوو مادەی کانزایی گۆگرد و کبریت لە نێو ئاوەکەی جەلی بوونیان هەیە، لەبەر ئەوە بووەتە چارەسەرێکی گرنگ بۆ نەخۆشییە پێستییەکان و ئەو هاووڵاتییانەی گرفتی پێستیان هەیە سەردانی دەکەن و قوڕ لە جەستەی خۆیان دەدەن و بە ئاوەکە خۆیان پاکدەکەنەوە.

محەممەد عوسمان چل ساڵی تەمەنی تێپەڕاندووە و دووەم جارە لە هەولێرەوە سەردانی گەڕاوانی جەلی کردووە، لەم

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی باس بڵاوکراوەتەوە.

بارەیەوە وتی: "گەڕاوی جەلی یەکێکە لە شوێنە گرنگەکان و سوودی زۆری هەیە، ساڵی پێشوو تووشی نەخۆشی پێست بووم و پێشنیازیان کرد سەردانی گڕاوانی جەلی بکەم. لە جەلی قوڕی نێو ئاوەکەم لە شوێنی نەخۆشییەکەمدا و بە ئاوەکە خۆم پاککردەوە، لە دوای ماوەیەک نەخۆشییەکە کۆتایی پێهات و نەما، ئێستا هیچ نەخۆشییەکی پێستم نییە، بەڵام بۆ ئاسوودەیی خۆم هاتووم و لە نێو ئاوەکە هاتووچۆم کرد، بەم شێوەیە هەست بە ئارامی دەکەم کە تووشی نەخۆشی دیکەی پێست نابمەوە."

گەڕاوان، نۆرینگە و نەخۆشخانە نییە، بنکەی شێخ و سەیدەکانیش نییە، توبونەبەوی ئیسلامیش نییە. کەچی زۆرینەی ئەو کەسانەی نەخۆشی پێستیان هەیە سەردانی دەکەن و قوڕە ڕەشە شینباوەکە لە خۆیان هەڵدەسون و دەچنە نێو ئاوە پڕ لە گۆگرد و کربیتییەکە، بەم شێوەیە چارەسەری گرفتی پێستیان دەکەن.

تەنیا خەڵکی سنووری کۆیە سەردانی گەڕاوی جەلی ناکەن، بەڵکوو لە ڕانیە، قەڵادزێ، سەنگەسەر، هەولێر، سلێمانی و چەمچەماڵ و تەنانەت لە گەرمیان و بادینانەوە ڕوویان لێکردووە و چارەسەری نەخۆشییە پێستییەکانیان وەرگرتووە و بەبەردەوامی خەڵک لە نێو ئاوەکەدا دەبینرێن.

کارزان ڕەحمان، گەنجێکی تازە پێگەیشتووی قەڵادزێیە و بە مەبەستی چاکبوونەوەی نەخۆشی پێستی ڕووی لە گەڕاوان کردووە و دەڵێ: "ساڵی پێشوو هەموو گیانم خورشتی گرتبوو و زۆر دەخورا، لەبەر ئەوە هاتمە گەڕاوان، سەرەتا خۆم لە نێو قوڕە شینکەی گەڕاوان وەردا، دواتر لە نێو ئاوەکە خۆم شۆڕی، لە دوای ماوەیەکی کەم خورشتەکەی جەستەم نەما و بە تەواوی چاکبوومەوە، ئەگەرچی سەردانی چەند دوکتۆرێکم کردبوو، بەڵام چارەسەری دروستم وەرنەگرتبوو. ئەم ساڵیش لەگەڵ هاوڕێیەکم هاتووم، ئەو زیپکەی لە پێستی هاتووە، بە هەمان شێوەی من خۆی لە قوڕەکە وەردا و خۆی شۆڕی، باوەڕی سەد لە سەدمان هەیە، لە دوای ماوەیەک ئەو زیپکانەی نامێنێ. ئەوەندەی من بزانم ئەو قوڕ و ئاوە پێستیش گەنج دەکاتەوە."

دوکتۆر لوقمان وسو، دوکتۆرای لەسەر سەرچاو ئاوییەکان وەرگرتووە، لە بارەی ئاوە کانزانییەکان دەڵێ: "ئاوە کانزاییەکان یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان و دەتوانرێ لەڕووی گەشتوگوزار و تەندوستییەوە سوودی لێوەربگیرێ، ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئاوی کانزایین، توانیویانە لەڕووی ئابوورییەوە سوودی زۆری لێوەرگرن، بۆ نموونە:

ئوردن خاوەن ئاوی کانزاییە، لە ڕێگەی ئەو ئاوەوە بەشێکی دەستکەوتە ئابورییەکانی وڵاتی دابین کردووە."

ئەو دوکتۆرەی لە زانکۆی کۆیە وانەی جوگرافی دەڵێتەوە، شێوازی چۆنییەتی دروستبوونی ئاوەکە باسدەکا و دەڵێ: "ئەو ئاوە لە قووڵایی زۆرەوە دێتە دەرەوە و بە سەر چەند تاوێرێکی دەوڵەمەند بە کەرەسەی کانزایی وەک گۆگرد تێدەپەڕێ، کاتێک ئەو ئاوە بە گەرمی بەسەر ئەو گۆگردە دەڕوا، گۆگردەکە دەتوێنێتەوە لەگەڵ ئاوەکە دێتە دەرەوە، بۆنی ئەو گۆگردەش بۆنی بۆگەنی هێلکەی پیسی لێدێ و بە ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە. ئەو گۆگردەی لە ئاوی جەلیدا هەیە، ڕێژەی زۆرە، دیارە گۆگرد دژە بەکتریایە و بەکتریا لە بەرانبەر گۆگرد خۆی ناگرێ و لەناودەچێ. تەنانەت لە ئێستادا پسپۆر و دوکتۆران گرنگی ئەو ئاوانەیان دەستنیشان کردووە، هەروەها مەڵحەمانەی بۆ نەخۆشی پێست بەکاردێن بڕێکی دیاریکراوی گۆگردی تێدایە.

کانیاوی گەڕاو، یاخود ئاوە کانزاییەکان، ئەو ئاوانەن کە ئاوەکانیان لە جۆری میتاڵی گۆگردییە و ڕێژەی کبریتی زۆر تێدایە و پلەی گەرمییان لە نێوان ٢٦ تا ٣٩ پلەیە.

چارەسەری نەخۆشییە پێستییەکان لە ڕێگەی ئەم ئاوەوە تەنیا قسەی خەڵکی نییە، بەڵکوو پسپۆڕانی نەخۆشی پێستیش

ئەم باسە پشت ڕاستدەکەنەوە. لەهەمبەر سوود وەرگرتن لەو ئاوە و بەکارهێنانی وەک چارەسەرێکی سروشتی دوکتۆر مەریوان سابیر، پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی پێست وتی: "هەر کانی و کارێز و ئاوێک گۆگردی تێدابێ سوودی زۆری بۆ نەخۆشی پێست دەبێ، کانیاوی گەڕاوانیش گۆگردی تێدایە، لەبەر ئەوە بۆ هەندێ نەخۆشی پێست سوودی هەیە، بۆ نموونە: ئەو کەسانەی نەخۆشی سەدەفیان ئیتیهابی کردبێ، زیبکەیان هەبێ، چەوری لەشیان زیادبێ، ئەوانەی ئیگزیمایان هەیە، پێویستە هەفتەی جارێک سەردانی ئەو شوێنانە بکەن و سوودی لێوەرگرن."

ئەو دوکتۆرەی پسپۆڕە لە نەخۆشییەکانی پێست، وتیشی: "سەردانی کردن و چوونە نێو ئەو ئاوە پێویستی بە ڕێنمایی هەیە، چونکە ئەگەر بە نەشارەزایی بچییە نێو ئاوەکە و نەزانی گرفتی پێستت چییە کاریگەری لاوەکی دروست دەکا، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک پێستی زۆر زۆر وشک بێ و زوو زوو سەردانی ئەو گڕاوە بکات، دەبێتە هۆی سووربوونەوە و وروژانی پێست و جاروبار خوران دروست دەبێ، لەبەر ئەوە دەبێ دوکتۆری پسپۆر دیاری بکا، کە چ کەسێک دەتوانی سەردانی ئەو شوێنانە بکەن."

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری کۆیە سەبارەت بە سوود وەرنەگرتن لە گەڕاوی جەلی دەڵێ: "وەکوو بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری کۆیە، پڕۆژەی شاری گەشتیاری تەندروستی زۆر گرنگمان بۆ کانیاوی گەڕاوان هەیە، تەنانەت پڕۆژەکە دەرخستەی بۆ کراوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە پڕۆژەکە دواکەوتووە و جێبەجێ نەکراوە، لە ئێستادا بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەولێر سەرقاڵی نوێکردنەوەی پڕۆژەکەین و بڕیارە لەم نزیکانە پڕۆژەکە ڕابگەیەندرێ و بدرێ بە بەڵێندەر و بکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە."

گەڕاوی جەلی، بە دووری ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەوە و لە دامێنی باشووری چیای ئاوەگردە و چوار وەرزی ساڵ ئاوی کانزایی لێ هەڵدەقوڵێ و بە بەردەوامی خاوەن نەخۆشییە پێستییەکان سەردانی دەکەن.

## گەنجانی کۆیە ٥ هەزار کتێب و ئاڵا دەبەخشن[1]

لە لایەن ژمارەیەک گەنجی شاری کۆیە، پرۆژەیەک بە ناونیشانی (ئاڵای کوردستان لە دەست نەوەیەکی خوێندەوار) لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان، واتە ١٧ی کانوونی دووەم جێبەجێ دەکرێت.

بە پێی قسەی سەرپەرشتیارانەی پرۆژەکە ئەرکی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە بەخشینەوەی گۆڤار و کتێب و لۆگۆی ئاڵای کوردستان بێ بەرانبەر بە سەر خوێندکارانی بنەڕەتی و زانکۆ و پەیمانگاکانی کۆیە، بە ئامانجی بە کولتوور کردنی خوێندەوە و بەرز ڕاگرتنی ئاڵا و ڕۆژی ئاڵای کوردستان.

حازم عەلی یەکێک لە ئەندامانی ئەندامی پرۆژەکە وتی: "چوار گەنجی شاری کۆیە بە ناوەکانی: حازم عەلی، زامدار ئەحمەد، کاردۆ محەممەد، ئەرکان لوقمان، ئەم پرۆژەیەمان ڕاگەیاندووە، دەمانەوێ لەو ڕۆژەدا زیاتر لە ٥ هەزار کتێب و گۆڤار و ئاڵای کوردستان ببەخشین بە خوێندکارانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکانی کۆیە."

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٨ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٦٨، سێشەممە، ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها دەڵێ: "گرنگی ئەو هەوڵە ئاشناکردنی فێرخوازان و گەنجان و لاوانی وڵاتەکەمانە بە ئاڵای کوردستان و مێژووی دروستبوون و هەنگاوەکانی ئامادەکردن و وردەکاری دیکەی مێژوویی کە بە نامیلکەیەکی تایبەت دەبەخشرێتە ئامادەبووان، هەروەها خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشرێ بەو کەسانەی هاوکاری پرۆژەکەیان کردووە."

ئەرکان لوقمان یەکێتی دیکەیە لە ئەندامی پرۆژەکە، کە باوەڕی وایە لە ئێستادا خوێنەر و خوێندنەوە لە یەکتری تۆراون، سەبارەت بە پرۆژەکەیان دەڵێت: "خاوەن ئاڵاین، بەڵام زۆر بە کەمی ئاشنایەتیمان بە ئاڵای کوردستان و سەرەتای بەرز کردنەوەی قۆناغەکانی ئاڵا هەیە، بۆیە دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە گەنجان بەو مێژووە ئاشنا بکەین."

ئەرکان دەشڵێ: ئەگەر ئەمساڵ بتوانین سەرکەوتنێکی باش و ڕۆڵمان هەبێت، لە ساڵانی داهاتوو بە شێوەیەکی فراوانتر و باشتر کارەکان بەڕێوە دەبەین."

کاردۆ محەممەد ئەندامێکی دیکەی پرۆژەی ئاڵای کوردستان لە دەستت نەوەیەکی خوێندەوارە، لەم بارەیەوە وتی: "پرۆژەی ئاڵای کوردستان لە دەستت نەوەیەکی خوێندەوار، کارێکی نیشتمانی و ڕۆشنبیرییە، هەر لە سەرەتای کارکردنمان لایەنە

فەرمییەکانی کۆیە، بەتایبەتی قایمقامیەتمان ئاگادار کردووەتەوە، قایمقامی قەزای کۆیەش هاوکارە و پاڵپشتی تەواومان دەکات بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە."

کاردۆ دەشڵێ: "لە ئێستادا سەرجەم کتێب و گۆڤارەکان ئامادەن، ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە ناو پارکی گەورەی زانکۆ و پەیمانگاکان کتێبەکان نمایش دەکەین و فێرخوازان بە ئارەزووی خۆیان کتێب هەڵدەبژێرن و دەیبەن."

پرۆژەی ئاڵای کوردستان بە ئامانجی بە کەلتوور کردنی خوێندەوە دامەزراوە، لایەنە فەرمی و نافەرمییەکانی پەیوەست بە خوێندەوە هاوکار و هەماهەنگن، هەر یەکە بە گوێرەی توانای خۆیان بە کتێب پاڵپشتی پرۆژەکەیان کردووە.

کارەکانی ئەو گەنجانە دوورە لە دەستتێوەردانی حیزبی و هیچ مەرامێکی سیاسی لە پشتەوە نییە، هەرچی چالاکییەکانیانە لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان چڕیان کردووەتەوە.

# ڕۆڵی پێشمەرگەکانی کۆیە لە شەڕی داعشدا [1]

لە سەرەتای هاتنی داعش بۆ مووسڵ و نزیکبوونەوەیان لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان، پێشمەرگە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدا بەرگی لە خاکی کوردستان بکات و ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بێتەوە و تێیدا سەرکەوتوو بێت. پێشمەرگەکانی سنووری قەزاری کۆیەش لەو نێوەندەدا بەرگریان لە خاکی کوردستان کرد، لە ماوەی سێ ساڵی بەرگریشدا ٣٠ پێشمەرگەی شەهید بوو.

ڕۆژی هەشتی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ ئەبووبەکر بەغدادی لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگییەوە، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ی ڕاگەیاند و خۆی وەکوو سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە ناساند، لە دوای ئەو کاتەوە مێژووی خوێناوی داعش دەستی پێ کرد.

داعش لە نۆی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ بە شێوەیەکی فەرمی گەیشتە نێو مووسڵ و دەستی بە سەر دووەم گەورەترین شاری عێراقدا گرت. لەگەڵ نزیک بوونەوەی چەکدارانی داعش لە

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە.

سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان، تەواوی پێشمەرگەکانی کوردستان، بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی بەرگریدابوون و بووبوونە پارێزەری گەلی کورد.

لە بەرگریکردنی کوردستان و بەرپەچدانەوەی چەکدارانی داعشدا نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگە شەهید و دە هەزار پێشمەرگە برینداربوون.

تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستان، شەهید و برینداریان لە شەڕی داعش هەیە. دەڤەری گەرمەسێر، دەڤەری سۆران، دەڤەری بیتوێن و پشدەر، لەو شوێنانەن کە زۆرترین شەهید و برینداریان هەبووە. لەم نێوەندەدا شاری کۆیە بە ڕێژە کەمترین شەهیدی هەیە، بە شێوەیەک لە ماوەی سێ ساڵی بەرگریکردن تەنیا ٣٠ پێشمەرگەی شەهید بووە.

کرمانج ئیسماعیل، بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کۆیە، ڕایگەیاند: "لە سەرەتای هێرش و نزیک بوونەوەی چەکدارانی داعش لە هەرێمی کوردستان، پێشمەرگەی کوردستان، کەوتە بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان، پێشمەرگەکانی شاری کۆیەش، لەو بەرگرییە بەشدار بوون. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو و لە کاتی بەرگری کردن و

بەرپەچدانەوەی داعش ٣٠ پێشمەرگەی سنوورەکەمان شەهید بوون."

کرمانج، وتیشی: "ئەو پێشمەرگانەی کۆیە زیاتر لە سنووری کەرکووک شەهید بوون، تەنانەت لە ڕۆژی ٣١ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ پێنج پێشمەرگەی کۆیە لە کاتی بەرگریکردن لە گوندی مەلا عەبدوڵڵا شەهید بوون. یەکەم پێشمەرگەی کۆیە، لە ٢٤ی تەممووزی ٢٠١٤ شەهید بوو، کۆتا شەهیدیش لە ٢٠ ئابی ٢٠١٦ بوو، واتە: لە دوای ٢٠ ئابی ساڵی ڕابردووەوە، خەڵکی کۆیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش هیچ شەهیدێکی نەداوە. لە نێو ئەو ٣٠ شەهیدە، شەش ئەفسەر و پلەداری تێدایە، کە ملازمی یەکەم، نەقیب، عەقید و عەمید بوون، کە لە شوێن و کاتی جیاوازدا شەهید کراون، تەنانەت پێشمەرگەمان لە کۆبانێ شەهید بووە."

سەبارەت بە پێشمەرگەکانی کۆیە و بەشدارییان لە شەڕدا، لیوا شەفیق چاوشین، بەرپرسی لیوای ١١٢ی مووسڵ، وتی: "پێشمەرگەکانی سنووری قەزای کۆیە و دەوروبەری پێشمەرگەی تازە و نوێ نین، بەڵکوو پێشینەیەکی مێژووییان لە شەڕدا هەیە، هەر شەڕێک بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتبێتەوە، ئەو پێشمەرگانە بەشداربوون و بەرگریان لە خاک و

نیشتیمانی کوردستان کردووە. سەدا هەشتای پێشمەرگەکانی سنووری قەزای کۆیە، لە نێو شەڕدا قاڵبوونەتەوە، ئەمەش ئەزموونێکی باشە بۆ شێوازی خۆپاریزی لە بریندابوون و شەهید بوون."

چاوشین، کە پێشتر بەرپرسی لیوای ١١١ی شەنگال بوو، لە ئازادکردنی شەنگال بەشداری و ڕۆڵی کارایان هەبوو، دەشڵێ: "مێژوویی پێشمەرگایەتی شاری کۆیە، مێژووییەکی پڕشنگدارە. لە ساڵی ١٩٧٩، ئێمە پێنج پێشمەرگە بووین، لە کاتێکدا کۆیە خاوەنی زیاتر لە سی پێشمەرگە بوو، لە ساڵی ١٩٨٠، ئێمە سێزدە پێشمەرگەمان هەبوو، کەچی پێشمەرگەکانی کۆیە گەیشتبوونە سەرووی پەنجا پێشمەرگە. ئەو کاتە ئێمە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ی قەرەچووغ بووین."

ئەو لیوایە لە درێژە قسەکانیدا وتیشی: "شارەزایەکی بواری سەربازی دەڵێ: هەرچەند لە مەیدانی سەربازی و مەشق و ڕاهێناندا ئارەقە برێژی و ماندووبی، لە کاتی شەڕکردندا کەمترین خوێن دەڕێژی و کەمترین زەرەر و زیانت بەردەکەوێ. دیارە پێشمەرگەکانی کۆیە لەو چوارچێوەیەدایە. لە لایەکی دیکە پێویستە بوترێ کە کۆیە شارێکی هۆشیار و زیندووە، پێشمەرگەکانیشی لەو هۆشیارییە بەدەرنین."

لای خۆشییەوە، لیوا نەهرۆ ئەسوەد، بەرپرسی پێشووی لیوای یازدەی پیادە، لە وەزارەتی پێشمەرگە، وتی: "لەو کاتەی داعش لە سنوورەکانی کوردستان نزیکبووەوە، ئێمە لە هێڵی پێشەوەی بەرگریدابووین و یەکەم شەڕیش ڕووبەڕووی ئێمە بووەوە، شەو و ڕۆژ، بیست و چوار کاتژمێر شەڕمان دەکرد، تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی ڕۆژێک ٦٣ بریندارمان هەبوو."

لیوا نەهرۆ ئەسوەد، لە بارەی کەمی شەهیدانی کۆیە لە شەڕی داعشدا، وتی: "بە بێ موجامەلە ئێمە زۆر هۆشیار و ورد بووین، بەردەوام چاودێری وردی ناوچەکەمان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە پێشمەرگەکانیشمان ئەزموونی شەڕکردنی پێشوویان هەبوو." سەبارەت بە دەڤەری بیتوێن و پشدەر و دەڤەری سۆران، کە شەهیدیان زۆرە، دەڵێت: "ڕێژەی شەهیدانیان بە ئەندازەی سنووری جوگرافی ناوچەکەیانە و سنووریان لە سنووری کۆیە فراوانترە."

هاوکات ڕاید ڕزگار سەلیم، فەرماندەی سریە لە فەوجی دوو/ لیوای ١٢٦ی کۆیە، وتی: "لە سەرەتای هاتنی داعش، ئێمە لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کەرکووکدا بووین، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو، بە دەیان جار ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری

داعش بووەتینەوە و هێرشمان کردووە، بەڵام شەهیدمان زۆر نەبووە، چونکە زۆر هۆشیار بووین و بە هیچ شێوەیەک دەرفەتمان نەداوە، چەکدارانی داعش پشتمان بگرن و بکەوینە کەمینەوە."

ڕاید ڕزگار، کە برایەکی لە شەڕی داعشدا شەهید بووە، وتیشی: "بۆ ماوەیەک لە تەلوەرد ماینەوە، کە یەکێک بوو لە شوێنە گرنگ و پڕ مەترسییەکان، بە بەردەوامی هێرشی داعشی دەکرایە سەر. لە دواتردا شوێنی بەرگری کردنمان گواستەوە بۆ چوارڕیانی حەویجە، ئەو ناوچەیەش ناوچەیەکی پڕ مەترسی بوو، چەکدارانی داعش لە نێو حەویجەدا بوون، بە بەردەوامی لە هەوڵی هێرشدا بوون، بەڵام هەوڵمانداوە کەمترین زەرەر و زیان بەر پێشمەرگەکانمان بکەوێ."

بە گوێرەی ئامارە نافەرمییەکان، لە سنووری قەزای کۆیە و دەوروبەری نزیکەی سێ هەزار پێشمەرگە لە لیوا و فەوج و سریەکان بوونی هەیە. بۆ وێنە: لە لیوای یازدەی پیادە، نۆ سەد پێشمەرگەی هەیە، لە لیوای ١٢٦ی کۆیە هەشت سەد پێشمەرگەی هەیە، لە سکرتارییەت و لیوای تایبەتی کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، پێشمەرگەی هەیە، گشتیان بەشدارییان لە شەڕی داعشدا کردووە.

هاوکات، پۆلیستی بەرگری و فریاکەوتن، کە ٨٠٠ پۆلیسی هەیە، پۆلیسی نەوت و گاز، کە ٨٠٠ پۆلیسی هەیە، بەشداریان لە شەڕی داعشدا کردووە، تەنانەت ئێستاش لە ئامادەباشی بەرگریدان.

ساڵی ڕابردوو، کتێبێک لە بارەی شەهیدانی کۆیە بە ناونیشانی (شەهیدانی کۆیە لە شەڕی داعشدا "٢٠١٤/٦/١٠ تا ٢٠١٦/٦/١٠") لە شاری کۆیە بڵاوکرایەوە.

# ٣٣ تەنکەر نەوت لە کێڵگەی تەقتەق دیار نەما[١]

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا ٣٣ تەنکەر نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دیار نەماوە، کە پێویست بوو ئەو تەنکەرانە نەوتەکە بۆ پاڵاوگەی بازیان بگوازنەوە، بەڵام نەوتەکە بۆ شوێنێکی دی گوازراوەتەوە، حەوت شۆفێریش بە تۆمەتی ئەو کارە دەستگیر کراون.

کێڵگەی نەوتی تەقتەق دەکەوێتە قەزای کۆیە و یەکێکە لە کێڵگە گەورەکانی هەرێمی کوردستان، کە ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠ تەنکەر نەوتی لێ هەنارده دەکرێت.

نەقیب ئیبراهیم مەناف، لێپرسراوی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە کۆیە ڕایگەیاند: "حەوت کەسیان لە سەر بڕیاری دادوەر بە تۆمەتی دزینی ٣٣ تانکە نەوتی خاو دەستگیر کردووە، لە کاتی گواستنەوەی لە کێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە بۆ پاڵاوگەی بازیان."

لێپرسراوی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو تەنکەرە نەوتانە لە بنەمادا بۆ پاڵاوگەی بازیان

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٩ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە ١٠٠٧، پێنجشەممە، ٧ی ئازاری ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

نێردراوە، بەڵام چەند کەسانێک بە مەبەستی فرۆشتنی لە بازاڕی ڕەش ٣٣ تەنکەریان لە ماوەی ٢ هەفتەدا بردووە بۆ پاڵاوگەیەکی نافەرمی لە نزیک (د. ب)".

نەقیب ئیبراهیم ئەوەشی وت: "ئەو تۆمەتبارانەی دەستگیر کراون سەرجەمیان خەڵکی شاری هەولێرن و یەکێک لە تۆمەتبارەکان لە کەرکووک دەستگیر کراوە، کۆمپانیای هەیبەت سوڵتانیش کە ئەرکی گواستنەوەی نەوتەکەی پێ سپێردراوە سکاڵای لە بەرانبەر دزینی نەوتەکەی تۆمار کردووە."

دیار نەمانی ٣٣ تەنکەر نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە کاتێکدایە کە لە ماوەی مانگێکدا ئەمە سێیەم جارە ڕووداوی لەو شێوەیە لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دووبارە دەبێتەوە، دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٥ی شوباتی ٢٠١٣دا سێ کۆمپیوتەری بەشەکانی ژمێریاری و کارگێڕی ئەو کۆمپانیایە دیار نەمان، کە کاری دەرهێنانی نەوت دەکەن، دوای دوو هەفتەش جارێکی دی هەوڵی دزیکی کۆمپیوتەری دی درایەوە.

کەسێکی نزیک و ئاگادار لە دیارنەمانی ئەو ٣٣ تەنکەرە نەوتە وتی: "لە کاتی دەرچوونی هەر تەنکەرێک نەوت لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق تۆمار دەکرێت، لە کاتی داخیلبوونی تەنکەرەکە لە پاڵاوگە تۆمار دەکرێت، بەڵام کەسێک ڕێککەوتووە لەگەڵ

پاڵاوگەی بازیان و سێ شۆفێری تەنکەرەکان بۆ ئەوەی نەوتەکە نەگوازنەوە بۆ پاڵاوگەی بازیان، بەڵکوو بیگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە."

لە بارەی چۆنیەتی ئاشکرابوونییەوە ئەو سەرچاوەیە ڕوونی کردەوە: "هەموو ١٥ ڕۆژ جارێک حیسابات دەکرێت لە نێوان کۆمپانیا و پاڵاوگە، لەو ماوەیەشدا ئەو کابرایەی بڕیار بووە تەنکەرە نەوتەکان بنووسێت لە پاڵاوگە نەینووسیوە بەو هۆیەوەش ئاشکرا بوون، لە ئێستاشدا خاوەنی پاڵاوگەی (د. ب) و کوڕەکەی دەستگیر کراون."

هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە "تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە چەند تەنکەریان بردووە، چونکە کۆمپانیای هەیبەت سوڵتان دەڵێت ٣٤ تەنکەر ڕەوانە کراوە و لە بەرانبەردا ئەو کەسەی هەڵساوە بەو کارە لەگەڵ پاڵاوگەکە دەڵێ ٣٢ بۆ ٣٣ تەنکەر بەڕێ کراوە."

نەوزاد عومەر خاوەنی کۆمپانیای هەیبەت سوڵتان لە لێدوانێکیدا تەنیا وتی: "غەدرێکی گەورەیان لێکردووین."

## بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دابەزیووە[1]

کێڵگەی نەوتی تەقتەق، یەکێکە لە کێڵگە گەورە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و نەوتەکەی لە باشترین جۆری نەوتە و ساڵی ٢٠٠٦ یەدەگی نەوتی بە دوو ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە کرا، بەڵام لە ئێستادا و بە هۆی کەمبوونەوەی نەوت، ڕۆژانە تەنیا ١٠ هەزار بەرمیل نەوتی لێدەردەهێنرێ.

عەباس فەتاح، نوێنەری شاری کۆیە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: "لە ئێستادا ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق بۆ ١٢ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیووە، ئەمەش پەیوەندی بە خێراکردن و چڕکردنەوە دەرهێنانی نەوتەوە هەیە لە بیرە نەوتییەکان، واتە بە شێوەیەکی نازانستی نەوتەکەیان دەرهێناوە، لە ئەنجامدا هاوسەنگی بیرە نەوتییەکان تێکچووە." ناوبراو، وتیشی: "لە دوای دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی تەقتەق لە ١٤٠ هەزارەوە بۆ ٢٠ هەزار و ١٨ هەزار و ١٥ هەزار، بەدواداچوونی وردمان کرد و ئەنجامەکەشمان بە حکومەت و پەرلەمان و وەزارەت گەیاند، هاوکات بە سەرکردایەتی یەکێتیشمان ڕاگەیاند."

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی وشە بڵاوکراوەتەوە.

به گـوێرەی بەدواداچـوون و زانیارییەکـان کـێڵگەی نەوتـی تەقتەق ٢٩ بیری لەخۆگرتووە و نەوتەکەی بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی نەوت دادەنرێ و ساڵی ٢٠٠٦ یەدەگی نەوتی بە دوو ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە کرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥شدا ڕۆژانە ١٤٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق دەردەهێنرا، لە کۆتایی ساڵی ڕابردووشدا بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی.

لە بارەی هۆکاری کەمبوونەوەی نەوتی بیرە نەوتییەکانی کـێڵگەی نەوتـی تەقـتەق، هەڤـاڵ حەوێـز، ماسـتەر لە نەوت، ڕایگەیاند: "پێکهاتەی کێڵگەی نەوتی تەقتەق، پێکهاتەیەکی جیاوازە لە کێڵگە نەوتییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەیەکی ئـاڵۆزی هەیە. لەبەر ئەوە پـێش کـارکردن و هەوڵـدان بـۆ بەرهەمهێنـان و دەرهێنـانی نەوت، پێویسـتە تـوێژینەوە و بەدواداچوونی ورد بۆ خاک و بەردەکەی بکرێ و پلانی بەهێز و تـۆکمەی بـۆ دابنـرێ، چـونکە بە گـوێرەی ئەو تـوێژینەوە و بەدواداچوونانەی ئەنجامدراوە، خاکی کێڵگەی نەوتی تەقتەق درز و کەلێنی زۆری تێدایە، ئەگەر بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵـدا نەکـرێ دەبێـتە هـۆی کەمبـوونەوەی نەوت و ئاسـتی بەرهەمهێنان."

هەڤـــاڵ حەویـــز، کە مامۆســـتای بەشـــی نەوتە لە زانکـــۆی کـۆیەیە، لە بـارەی دەرهێـنانی نەوت لە کـێڵگەی نەوتـی تەقـتەق، وتیشـــی: "لە ئێســـتادا ڕێـــژە و ئاســـتی بەرهەمێـــنانی نەوت زۆر کەمبـــووەتەوە ئەمەش پەیوەنـــدی بە نازانســـتی دەرهێـــنانی نەوتەکەوەیە، چونکە لە ماوەی پێشوودا فشاری زۆریان خستە سەر کێڵگە نەوتییەکان و ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیان زیاد کـرد، لەو کـاتەدا ئـاوی ژێـر زەوی بە ئاسـانی کەلێـنی دروسـت کـردووە و ڕێـڕەوی خـۆی وەرگـرت و تێکەڵـی نەوتەکە بـوو، ئەمەش بووە هۆی ژێر کەوتنی نەوت و سەر ئاو کەوتنی ئاو. ئەگەر لە ئێسـتادا ڕۆژانە ١٢ هەزار بەرمیل نەوت دەربهێنرێ و بخـرێتە سـەر زەوی، زیـاتر لە ١٣ بۆ ١٤ هەزار بەرمیل ئـاویش لەگەڵ نەوتە دێتە سەر زەوی."

ئەو شـــارەزایەی بـــواری نەوت، وتیشـــی: "ئەگەر بمـــانەوێ بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگە نەوتی تەقتەق بەردەوام بێ و زۆر کەم نەبێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی زانستی نەوت دەربهێنرێ و فشار نەخرێتە سەر بیرە نەوتییەکان."

کـێڵگەی نەوتـی تەقـتەق، بە دووری ١٥ کیلـۆمەتر دەکەوێـتە بەشی ڕۆژئاوای باکووری ناحیەی تەقتەق و یەکەم کێڵگە نەوتـی هەرێمـی کوردسـتانە، کە لە سـاڵی ١٩٥٧ەوە لە لایەن حکومەتی

عێراقییەوە کاری تێدا کراوە، لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، بایەخ بەو کێڵگە نەوتییە درا و نێوی کێڵەی نەوتی شیواشۆکی لێنرا، ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵیشە بە تەنکەر و بۆڕی نەوت لەو بیرە نەوتیانە دەردەهێنرێ.

بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق، دەڵێ: "بەرهەمی کێڵگەی نەوتی تەقتەق زۆر دابەزیووە، ئەمەش لە ئاست چاوەڕوانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی سنوورەکە نییە." عومەر ئەحمەد، وتیشی: "دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بووەتە هۆی ڕێگر و کەمبوونەوەی هاوکاری کۆمپانیای وەبەرهێن بۆ دروستکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە سنوورەکە."

ئاراس ئیلنجاغی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تەقتەق، لە بارەی کێڵگەی نەوتی تەقتەق، دەڵێ: "بوونی ئەو کێڵگە نەوتییە لە سنوورەکە کاریگەری نەرێنی زۆری بۆ ناوچەکە هەبووە، سەرەتای زیانەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەڕی نێوان عێراق- ئێران، کە بە بیانووی نەوتەوە ٩ گوند بە پانتایی ١٣٥ کیلۆمەتر دووجار چۆڵکرا و ئاسەوارەکانی تا دوای پڕۆسەی ئەنفال مابوو. هاوکات، بە هۆی بوونی زۆری تەنکەرە نەوتییەکان، ڕێگاکانی سنوورەکە بە تەواوی تێکچووە و

هاتووچۆکردن بەسەریدا ئەستەم بووە، هەروەها زیانی ژینگەیی زۆریشی بۆ ناحیەی تەقتەق و کۆیە هەبووە."

ئیلنجـاغی وتیشـی: "کۆمپانیـای وەبەرهێنـی نەوتـی تەقـتەق وەک پێویست خزمەتی ناوچەکەی نەکردووە، ئەوەی هەیە و لە لایەن کۆمپانیـاوە دروسـت کـراوە فێـرگەیەک و کتێبخـانەیەکی بچووکی گشتییە، واتە کۆمپانیاکە نەیتوانیووە سوود و قازانج بە ناوچەکە و خەڵکەکەی بگەیەنێ، خەڵکی سنوورەکەش باوەڕیان وایە و دەڵێن دووکەڵە ژەهراوی و زیانەکانی نەوتی تەقتەق بۆ ئێمە و سوود و قازانجەکانی بۆ خەڵکی دیکەیە."

## لە ١ی تەمموزەوە کێڵگە نەوتی شیوەشان دادەخرێ[1]

کێڵگەی نەوتی شیوەشان، یەکێکە لە کێڵگە نەوتییەکانی سنووری قەزای کۆیە و چوار بیری نەوتی تێدایە، ماوەی سێ ساڵە نەوت لەو بیرە نەوتییانە دەردەهێندرێ، لە ماوەی پێشووشدا بە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، کێڵگە نەوتییەکە داخرا. قایمقامی قەزای کۆیەش دەڵێ: "ئاگادار کراینەوە کە کێڵگە نەوتییەکە بۆ ماوەی شەش مانگ دادەخرێ."

کێڵگەی نەوتی شیوەشان، بە دووری ١٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەوە و چوار بیری نەوت لەخۆدەگرێ، کە لە ساڵی ٢٠١٥ەوە نەوت لەو بیرە نەوتییانە دەردەهێندرا.

لەم بارەیەوە، تاریق حەیدەری قایمقامی قەزای کۆیە، بە ڕایگەیاند: لە ماوەی پێشوودا نوێنەر و بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای گاس پڵەسی دەرهێنەری بیری نەوت لە کێڵگە نەوتی شیوەشان بە فەرمی سەردانی قایمقامیەتی قەزای کۆیەیان کرد و ئاگاداریان کردینەوە و پێیان ڕاگەیاندین، کە

---

(١) ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی باس بڵاوکراوەتەوە.

بە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ١ی تەممووزەوە کارەکانمان دەوەستێنین."

قایمقامی قەزای کۆیە، وتیشی: "ڕێژەی نەوت لە بیرە نەوتییەکانی کێڵگەی نەوتی شیوەشان دابەزیوە و کۆمپانیای دەرهێنەری نەوت خەریکە و دەخوازێ جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە کارەکانیدا بکات. بڕیارەکەش بەم شێوەیەیە: کە تەنیا شەش مانگ کارەکانی ئەو کێڵگە نەوتییە دەوەستێ و لە سەرەتای ساڵی نوێی ٢٠١٩ەوە دەست دەکرێتەوە بە دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتییەکان و هەوڵی لێدان و زیاد کردنی بیری نەوتی دیکە دەدرێ."

کێڵگەی نەوتی شیوەشان، یەکێکە لە کێڵگە نەوتییەکانی سنووری قەزای کۆیە، کە ٤ بیری نەوت لەخۆدەگرێ و ماوەی ٣ ساڵە نەوتی لێ دەردەهێنرێ و نەوتەکەی بەرەو پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێ.

لەبەرانبەر کەمبوونەوەی نەوتی سنوورەکە و بەتایبەتی نەوتی کێڵگەی شیوەشان، مامۆستایەکی زانکۆ، باوەڕی وایە ئەوەی ڕوودەدا بە هۆی نەبووی پلان و کەمتەرخەمی کۆمپانیاکانی بواری نەوتییەوەیە. هەڤاڵ حەوێز، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە نەوت ڕایگەیاند: "زۆربەی ئەو

کۆمپانیایانەی لە چوارچێوەی کارکردن لە کێڵگەی نەوتی کاردەکەن و کاری دەرهێنانی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆ دەگرن، کۆمپانیای زۆر بەناوبانگ و لێهاتوو و سەرکەوتووی بواری نەوتی نین، لەبەر ئەوە زۆرجار گرفت لە کێڵگە و بیرە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەبێ و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی دادەبەزێ."

هەڤاڵ، کە مامۆستای بەشی نەوتی زانکۆی کۆیەیە وتیشی: "بەشێک لەو کۆمپانیا دەرهێنەرانی لە بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، شارەزایی دروست و تەواویان نییە، کادری لێهاتوو و بەئەزموون و شارەزایان نییە، تا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد لە بارەی ناوچەکە و شێوازی بەرد و پێکهاتەی زەوییەکە بکەن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن زۆرترین ڕێژەی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرهەمبێنن، هەڵبەت ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی پلانی تۆکمە و دروستەوە ڕوودەدا."

کۆمپانیای گاس پلەسی بەریتانی لە ساڵی ٢٠١٥ەوە دەستی بە دەرهێنانی نەوت کردووە و بۆ ماوەیەک ئاستی بەرهەمهێانی تا ٤ چوار هەزار بەرمیل بەرزبووەوە، لە کۆتاییەکانی کارکردنی ڕۆژانە تەنیا ٨٠٠ هەشت سەد بەرمیل نەوت لە سێ بیر دەردەهێنرا.

١ی تــەمموز، کۆتــا ڕۆژی کــارکردنی کۆمپانیــای گــاس پلەسی بەریتانی بوو، بەڵام هاووڵاتییانی سنووری قەزای کۆیە و دەوروبەری سنووری جوگرافی کێڵگە نەوتییەکە، داخستنی کێڵگە نەوتییەکــەیان بــەلاوە گرنــگ نییــە و بــوون و نــەبوونی کێڵگــە نەوتییەکە بەیەک چاو سەیر دەکەن و دەڵێن: "بوونی ئەو کێڵگە نەوتییانە جگە لە زەرەر و زیان هیچ سوودێکیان بە شارەکە و خەڵکی شارەکە نەبەخشیووە."

هیمــداد ڕەســووڵ، دانیشــووی گونــدی قازبــەگیانی نزیــک کێڵگەی نەوتی شیوەشان، لەم بارەیەوە دەڵێ: "ســەرەتای لێدانی بیر و دەرهێنانی نــەوت لــە بیرە نەوتییــەکان بەڵێنیانــدا، ڕێگاکانی هاتووچۆکردن قیرتاو بکەن و ڕێگای گوندەکانی سنوورەکە باش بکەن و گوندەکان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام هیچیان نــەکرد و تــەنیا قســەیان هــەبوو. بــە شــێوەیەکی گشــتیش خــەڵکی ناوچەکــە زۆر بە کەمی سوودیان لەو کێڵگە نەوتییە وەرگرتووە، جیا لــە چەند کەســێکی ناوچەکــە کەســی دی ســوودی وەرنــەگرتووە، چونکــە زۆربەی ئەو کەسانەی لەو کێڵگە نەوتییە کاریان دەکرد، خــەڵکی سنوورەکە نــەبوون. لەبــەر ئــەوە مــن بــاوەڕم وایــە داخســتنی و کۆتایی هــاتنی بــەم شــێوەیە باشترە، لایــەنی کــەم دووکــەڵی بیرە نەوتییــەکان کۆتاییــان هــاتووە و داخ و خــەم و خــەفــەت لــەوە

ناخۆین و نالێین: لەتەک بیری نەوتداین و بەرمیلێک نەوتی ماڵمان نییە."

سەبارەت بەهەمان پرس، ئارام عومەری دانیشتووی شاری کۆیە، وتی: "دوو کێڵگەی نەوتی لە سنووری قەزای کۆیە هەیە، پێویست بوو لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا شاری کۆیە ببوژێننەوە و بایەخی زۆریان پێدابوایە و خەڵکەکەشی بە کارکردنەوە سەرقاڵ بێ و دەرفەتی هەلی کاری ڕەخساندبووایە، بەڵام بەم شێوەیە نەبووە و زەرەر و زیانی بۆ خەڵکی ناوچەکە هەبووە، چونکە تەواوی ڕێگاکانی سنوورەکەیان وێران کردووە و بەم هۆیەوە بە دەیان و سەدان هاوڵاتی لە ڕێگەی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە. لە وڵاتان نەوت نیعمەتێکی خوداییە بۆ هاووڵاتییان، بەڵام لێرە نیگەرانییە بۆ هاووڵاتییان."

لە دوای تێپەڕینی ٣ ساڵ بەسەر دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتییەکانی کێڵگەی نەوتی شیوەشان، کۆمپانیای وەبەرهێن کۆمپانیاکەی داخستووە و بە گوێرەی زانیاری و بەدواداچوونەکان سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ کۆمپانیای گاس پلەسی بەریتانی، لە بەردەم سێ بژاردەدا دەبێ: یەکەم: دەستکردنەوە بە کار و دووبارە دەرهێنانەوەی نەوت. دووەم: فرۆشتنی کێڵگە نەوتییەکە، بە کۆمپانیایەکی دیکە. سێیەم: ڕادەستکردنەوەی کێڵگە

نەوتییەکە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنان بە کارکردن، بژاردەی سێیەم بەهێزترین بژاردەیە بۆ کۆمپانیای ناوبراو.

# کۆیە ٣٧ کاندیدی بۆ پەڕلەمانی کوردستان هەیە[(١)]

قەزای کۆیە بە هاوبەشی پێنج ناحیە پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە، لەو ڕێژەیە زیاتر لە ٦١ هەزار کەس مافی دەنگدانی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی زانیارییەکانی دەست کەوتووە، ٣٧ کەس لە لیستە جیاوازەکان خۆیان کاندید کردووە.

ڕیاز محەممەد، کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆیە، وتی: "زۆریی کاندیدان لە سنووری کۆیە، دوو لایەنەیە، لایەنی ئەرێنی ئەوەیە کە دیارە کۆمەڵێ کەسی شارەزا و ئەدیب و بە توانا و سیاسەتمەدار و زیرەک لەم شارە هەن، ئەمەش وای کردووە سەرجەم لیست و قەوارە سیاسییەکان کاندیدیان لێی هەبێت، لایەنە خراپەکەشی ئەوەیە کە زۆریی کاندیدان دەنگەکان پەرش و بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش هیوای چوونە پەرلەمانی کاندیدان کەم بێتەوە، بۆ نموونە: کۆمەڵی ئیسلامی لە کۆیە سێ کاندیدی هەیە، ڕاستە دوانیان لە کۆیە دانانیشن، بەڵام خەڵکی کۆیەن و پشتیان

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ٩ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٥٧، سێشەممە، ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

به خەڵکی کۆیە بەستووە، بەڵام ئەگەر تەنیا یەک کاندید هەبووایە، ئەگەری دەرچوونی زیاتر دەبوو."

پەیوەند بە هەمان پرس، ڕێبین چالاک کاندیدی حیزبی شیوعی کوردستان وتی: "زۆریی کاندید کاریگەری دەبێت لە سەر سەرجەم کاندیدەکان، چونکە دەنگەکان دابەش دەبن، هۆکاری ئەم زۆرییەش بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە سیستەمی بازنەیی، دواتریش ململانێی حیزبی لە ناوچەکە، ئەوانەش کاریگەری خراپ دروست دەکەن لە سەر دەرچوونی کاندیدەکانی سنووری کۆیە، بۆیە باشتر بوو، حیزبەکان کاندیدی کەمتریان هەبووایە."

بەڵام ئاواز شێخ جەنگی تاڵەبانی، کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەم بارەیەوە ڕای گەیاند: "کە هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمان نیمچە کراوەیە، واتە دەتوانرێ دەنگدەر لە زاخۆ تا خانەقین دەنگ بدەن بە کاندیدانی ئەم ناوچەیەش، بۆیە باش نییە بەرچاومان تەنگ بێ و بڵێین کاندیدمان زۆرە و هیوای چوونە پەرلەمانمان کەم دەبێتەوە، هەڵبەت سەرجەم کاندیدان مافیان هەیە بچنە تەواوی شارەکانی کوردستان و دەنگ کۆبکەنەوە."

تاواز تاڵەبانی وتیشی: "من زیاتر پشتم بە دەنگی ئافرەتان بەستووە و دڵنیاشم لەوەی بەشێکی زۆری ئافرەتانمان دەنگ بە کاندیدە ئافرەتەکان دەدەن."

لای خۆیەوە ساسان عەونی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان پێی وایە "زۆری کاندیدان لە هەر شوێنێک پەیوەندی بە بابەتێکی حیسابییەوە هەیە. گوتیشی: من لەو بڕوایەدا نیم کە زۆری کاندیدان ببێتە هۆی پەرش و بڵاوی دەنگەکان، ڕاستە بەشێکی زۆری کاندیدان خەڵکی کۆیەن، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکاری دەرنەچوونی کاندیدەکان، ئێمەش وەک پارتی دیموکراتی کوردستان پشت بە تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبەستین، نەک تەنیا ناوچەیەک."

بەڵام ڕزگار فەقێ سەلیم، کە کاندیدی لیستی مافەکانی خەڵکی کوردستانە لە کۆیە، وای دەبینێ کە "زۆری کاندیدەکان کاریگەری لە سەر هەڵبژاردن ئەم جارەی پەرلەمان دەبێت و کێشەکان زیاتر دەبێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆرینەی کاندیدەکان حیزبەکان هەڵیانبژاردوون."

لای خۆیەوە قارەمان قادر، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆیە وتی: "هەر قەزایەک بە لەبەرچاوگرتنی چەند خاڵێک

کاندیدی هەیە و کۆیە پشکی شێری لە کاندید وەرگرتووە و تاکە قەزایە لە کوردستان ڕێژەی کاندیدانی بەم شێوەیە بێت."

گوتیشـــی: "ئەگەر ســـەیر بکەیـــن، دەردەکەوێ کە تەواوی حیزبەکان کاندیدیان هەیە، تەنانەت بچووکترین حیزب دوو تا سێ کاندیدی هەیە و حیزب هەیە ٩ کاندیدی هەیە، بە پێی ئەو داتایەی لای منە، لە پێش تۆماری دەنگدەران ٥٩٦٠٨ کەس ناوی لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا هەبووە، بەڵام ئێستا زیاتر لە ٦١٠٠٠ هەزار هاوڵاتی مافی دەنگدانی هەیە، هەرچەندە پێموانییە ئەو ڕێژە زۆرە مافی دەنگدانی هەبێت، چونکە لە دوای تۆماری دەنگدەران بە سەدان کەس ناویان نەگەڕاوەتەوە کە تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵییەوەیە و نزیکەی ٨ بۆ ٩ هەزار کەس تەمەنیان لە سەرووی ٨٠ ساڵییەوەیە، لەبەر ئەوە ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەم بارەیەوە کردووە، چونکە پێمانوایە تەنیا ١٠٠٠ هاوڵاتی لەو تەمەنە لە کۆیە هەن، بۆیە بە پشتبەستن بەم ئامار و داتایانە، دەکرێ سنووری قەزای کۆیە ٥٠ هەزار دەنگدەری تێدا بێت."

ئەو کاندیدەی بزووتنەوەی گۆڕان وتیشی: "بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری کۆیە ٣ کاندیدی هەیە، بەڵام لەوانەیە تەنیا

کاندیدێک یاخود دوو کاندید بچێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە وا پێشبینی دەکرا چوار بۆ پێنج کاندیدمان هەبێ."

حەمزە عەلی کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش پێی وایە "زۆریی کاندیدەکان لە سنووری قەزای کۆیە کار ناکاتە سەر نەچوونی کاندیدەکان بۆ پەرلەمان و پەرتبوونی دەنگەکان، چونکە بەشێک لە لیستەکان تازە دروست بوون، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، بەڵام ٩٥%ی خەڵک نایانناسێت."

# له ٣٧ کاندیدی کۆیە ٤یان دەرچوون[(١)]

بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی کوردستان لە سنووری قەزای کۆیە، ٣٧ کەس لە سەر لیستە جیاوازەکان خۆیان کاندید کردبوو بۆ پەرلەمان و لەو ڕێژەیەش تەنیا دوو کاندیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دوو کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان توانییان بیبەنەوە.

لەم بارەیەوە پەری ساڵح موفتی، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: "ئێمە دەمانەوێت لە پەرلەمانی کوردستان شەڕ لە سەر تەواوی کێشەکان بکەین، سەرجەم کێشەکانی خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین خەمی هەمیشەییمان دەبێت، منیش وەک نوێنەری شاری کۆیە، بە گیان لە خزمەتی ئەو شارە و خەڵکە ماندوونەناسەکەی دەبم."

موفتی گوتیشی: "شاری کۆیە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە دەست دوو ئیدارەییەوە دەناڵێنێ، پێویستە لەمەوپاش بۆ خۆی خۆی

---

(١) ئەم بابەتە لە لاپەڕە ١٢ی هەفتەنامەی باس، ژمارە ١٦١، سێشەممە، ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

بەڕێوەببات و پرۆژە هەڵواسراو و دەستاودەست پێکراوەکانی چارەسەر بکرێت، هەروەها ڕێز لە حەرەمی زانکۆ بگیرێت و دەستی حیزبی لێ دوور بخرێتەوە و زیاتر بایەخ بە بواری هونەری و وەرزش بدەین، هەروەها کاری جددی بکرێت بۆ ئەو هاووڵاتییانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕاوەتنەوە."

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەڵێت: "پەرلەمانتار کەسێکی نیشتمانییە و دەبێت کار بۆ تەواوی کوردستان بکات، بەو پێیەی بە دەنگی کۆی خەڵکی کوردستان توانیویەتی بچێتە پەرلەمان، ئێمە دەمانەوێت لە پەرلەمان کار لە سەر شەفافیەتی بوودجە بکەین بۆ تەواوی کوردستان، ناکرێت ئێمە تەنیا کار بۆ ناوچەکەی خۆمان بکەین، بەڵام دەکرێت بەدواداچوون بۆ پرۆژە و کێشەکانیان بکەین، بەو پێیەی لە ناوچەکەداین و زیاتر خەڵک دەماننناسێت."

گوتیشی: "تا ئێستا هەڵە تێگەیشتنێک هەیە لە لای خەڵک، ئەویش لە یەکتری جیانەکردنەوەی پەرلەمانتار و قائمقامە، چونکە کاری هەردووکیان جیاوازە."

بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هەر یەک لە: گۆران ئازاد و ئاواز شێخ جەنگی لە سەر لیستی یەکێتی

نیشـتمانی کوردسـتان، پەری مـوفتی و قارەمـان قـادر، لە سـەر لیسـتی بـزووتنەوەی گـۆران دەنگـی پێویسـتیان بەدەسـتهێنا و چوونە پەرلەمانی کوردستان.